# دەبێ ئاگام لە خۆم بێت

ڕۆمان

# دەبێ ئاگام لە خۆم بێت

ڕۆمان

زێنەب یوسفی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

زێنەب یووسفی
دەبێ ئاگام لە خۆم بێت – ڕۆمان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٣١
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٧٠ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-488-03-1

ئاخۆ هەمووی خەون بوو؟ خەیاڵ بوو؟ یان خەیاڵ و خەوێک لە کاردا نەبوو و هەموویان بەڕاست بوونە؟ لە کامە ڕێگەوە دەتوانم میوەی ڕاستییەکان لە داری درۆکــان بکەمــەوە؟ کــامــە لقی ئەم دارە مــەزنە من بەرەو ڕگی حەقیقەتەکان ڕێنوێنی دەکات؟ وەڵامێکم نییە. هێشتاکەش لە بازنە تەماوییەکەی ئێستادا کە ڕگی لە حەقیقەتە پێشووەکاندایە، سوور دەخۆمەوە. نازانم کێ بوو، چۆن کردی و لە چ ڕێگەیەکە ئەم ئاڵۆزییەی بۆمان ڕەخساند؟ ئێستەش لە چەشنی مشکێکی بەستەزمانم کە ناتوانێت بە هیچ کلۆجێک خۆی لەو داوە ڕزگار بکات کە بۆیان نایەوە. تۆ بڵێی ئەم بارودۆخە خەتای کێیە؟ کێ وای بۆمان ڕەخساندووە؟ چ شتێک سەری لێمان شێواند تا ئەو ڕادەیە کە ناتوانین "باشەکان" و "ناباشەکان" لێک بکەینەوە.

***

گوتم "ئیسێ، تکایە سەیری ناو چاوانی ئەم دوو مارە مەکە، نەهامەتییان لی دەبارێ، سەیر، سەیر چۆن لە پەسا لێک دەئاڵێن و پەکیان بۆ ئێمەش ناکەوێت؟"

ئیسێ لەو دوو مارە، کە لە چەشنی عاشقە و ماشقە لە یەکدا دەئاڵان،

ڕامابوو، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی "دادە، سەیریان بکە... بەخوا ئێمە بە تووڕیش حسێب ناکەن."

بەترسەوە خۆم بەرەو چوارگۆشە شووشەییەکە، مووچاندەوە و بەرامانێکی پڕ لە هەڵاتنەوە بۆ ئەو دوو مارە ڕەش و سپییانە کە کاکەم لە "گریاشان" گرتبوویانی، ڕوانیم.

کاکەم سەوزەفرۆش بوو، وەکو هەموو سەوزەفرۆشێک، سەوزەی لە گووئاوەکانی گریاشانەوە دەهێنا و لە دەور "مەیدانی شا"دا، لە بازاڕی ماسی و سەوزەفرۆشەکاندا، دەیفرۆشت.

چەند ساڵ لە ڕووخاندنی ڕێژیمی شا تێ دەپەڕی بەڵام ئەو دەم و هێشتاکەش، خەڵک ئەو مەیدانە، بە ناوی مەیدانی شا دەیانناسی و دەیناسێن. نەک هەر ئەوێ، بگرە زۆربەی گەڕەک و شەقامەکانیش، کە بەناوی شا و خاو و خێزان و دار و دەسەکەیەوە ناویان لێی نرا بوون، لە چەشنی پێشتر ناویان لێ دەبرا.

خۆم لە تۆی پێخەفەکەمدا لوول دابوو، پایز، بەشنەی ساردی بەرەبەیانەوە خۆی کێش دەکرد و هەندێ جاریش دەیگڤاندە ژوورەکەمەوە کە تەقە لە دەروازەی حەوش بەرزەوە بوو، من خۆم دابوو لە خەو و هەستم بەرەو شنەی بەرەبەیان هەڵخستبوو و نەمدەوێرا بڕوا بهێنمە هیچ پایزێک کە هەوڵی دەدا لە دەر و دیواری ژوورەکەماندا بکوتێت کە قیرەیەک لە حەوشەوە بەر گوێم کەوت و لە ئامێزی شنەی بەرەبەیانی پایزیدا، بوومەوە و خێرا خۆم گەیاندە ژوورەکەی خانمەوە. کەس لەوێ نەبوو، بەڵام قیژە و هەرا کە، لە حەوشەوە بەرز بووبووەوە. ئیسێی برام، سەر و پرچ ئاڵۆز، بە پێی پەتی و لۆنێک پانتۆڵی سەوز و کۆن، بەملا و بەولای حەوشدا، خۆی تووڕ دەدا و ڕای دەکرد و دەیقیراند، کاکەم، زل و ملهوڕ، بەهەردوو دەستی ناقی دوو ماری ڕەش و سپیی گرتبوو و سەریانی بەرەو ئیسێ ڕادەوەشاند و بەرەو هەر

کوێ کە ئەو ڕای دەکرد، دەڕۆیشت و پێچی لە جەستەی دەدا و مار ئاسا دەیفشکاند و لە قاقای پێکەنینی دەدا و ئیسێی دەترساند، مارەکان خۆیان لە دەور مەچەکی کاکەمدا لوول دابوو، کاکەم لەو کاتەدا زۆرتر لە سیحرکارێکی شەیتانیی دەکرد تا سەوزەفرۆشێکی جوان و بالآبەرز کە زۆربەی کچانی شار بەبۆنەی کڕینی نیو کیلۆ سەوزەوە دەچوونە دوکانەکەی و نێزیک لە سەعاتێک خۆیان بە سەیرکردنی دار و دیوار و سەوزە و بایجان و تەماتەکانەوە خەریک دەکرد و بە دزییەوە لە دەموچاو و سمێڵە جوانەکانی ئەمیان دەڕوانی و بزەیان دەبردەوە و هەندێکیشیان چاویان لێی دەقرتاند و ئاماژەیان لێی دەکرد کە وەدوویان کەوێت، کاکەمیش سەری داخست و بزەی دەبردەوە و سەوزەکانی کۆ دەکردەوە و بەردەوام بوو لە ئیش و کاری خۆیدا و ڕووی بە کەسیان نەدەدا.

بە وەحشەتەوە بەرەو ژێرخان ڕام کرد و بەپەلە گۆزە و دێزە و تاوە و تیانەم هەڵڕژاندە یەکدا تاکو چاوم کەوتە چوارگۆشە شووشەییەکەی سەر تاقە بچووکەکەی ژێرخان، هەموو ساڵێک نەورۆزان، کاکەم چەند ماسییەکی ڕەنگامەی جوانی دەهێنایەوە و دەیخستە ناو ئەم چوارگۆشە و من و ئیسێ بنی چوارگۆشەکەمان پڕ دەکرد لە گوێ ماسیلە و مستێکیش زیخ و بەردی بچووک و بریقەداری هەمەڕەنگمان دەڕژاندە بنی چوارگۆشەکەوە کە ماسییەکان هەست بەوە بکەن لە بنی زەریایەکی بچووکدا دەژین، لە ئاکامدا خانمیش دەهات و سەیرێکی ماسییەکان و ئەو زیخ و بەردانەی دەکرد و زەردەخەنەیەکی دەبردەوە و لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا و دەڕۆیشت و لە بنی گۆڵ گوڵاوەکانی لای خوارووی حەوشەکەمان، گوڵێکی دەچنی و دەیهێنا و دەیوەراندە سەر ئاوی ماسییەکان. من و ئیسێ لەو کاتانەدا، هەستمان دەکرد کە خانم خەریکی ئیشێکی مەزنە و لە چەشنی سیحرکارێکی پەری ئاسا دەیەوێت ئەو ماسییانە و شوێنەکەیان هەتاهەتایی بکاتەوە و ژیانێکی نەمر و جوانیان پی ببەخشێت و بێگومان من و ئیسێ و کاکەم و خۆشی لەو

بارودۆخـە هـەتاهەتاییـیـە بێـبـەش نەدەبووین، ئێـمـە وا بۆی دەچووین و خـانمیش پاش وەراندنی گـوڵەکـە، ئـاوڕی دەدایەوە و خـەرامـان، خـەرامـان بەرەو ناومـاڵ دەڕۆیشت و ئێـمـەی لە بازنە تـەمـاوییـە هـەتاهەتاییـیـەکـەی حـەوشـدا، بەجێ دەهـێـشت. بەڵام پاش تێـپـەڕینی یەک دوو مـانگـی پاش نەورۆز، من و ئیسێ، لە دەست خزمـەتکردن و خـاوێنکردنی ئەو ماسـییـانە و چوارگۆشـە شووشـەییـیـەکە، ماندوو دەبووینەوە و دەکەوتینە بۆڵەبۆڵکردن و خۆمـان لەژێر ئەو ئەرکـە دەدزییەوە، تا ئەو جێگەیە کە سـەوزاییـیـەکی لینج و بۆگەن نێوان چوارگۆشـەی دەتەنی و ئێمـە ئیتر لێی نێزیک نەدەبووینەوە و تاکو بەیانییەک دەگەیشت کە من و ئیسێ لە خەو هەڵدەستاین و دەمانبینی ماسییەکان و سەوزاییە لینجـەکان نوقم بوونە و چوارگۆشە شووشەییەکە شـۆردراوە و پاکوخاوێن لەژێر تیشکی پڕ تینی هەتاودا، لەسـەر پارچەیەکی چیتی سـپیدا، دەگەشـێتـەوە. لە حـاڵێکدا زیخ و بەردە ڕەنگامـەکـان و گوێ مـاسـیلەکـانیش شـۆردرا بوونەوە و ڕژابوونـە دەوروبەری. ئەو کـاتە پەنجـەم دەبردە زاردا و ئەسـرین دەزێیە چاومدا و تێی دەگەیشتم کـە نەک ژیانی ئەو مـاسـیـیـانە و ژیانی ئێـمـەش هیچ کات هـەتـاهـەتایی نەبووە، بەڵکو خـانمیش هـەر سیـحرکـارێکی پەری ئاسا نەبووە و ناتوانێتیش هـیچ سیـحرێک بکات و زۆریش ئافرەتێکی ئاسایی و بگرە لە ئاستی ژنێکی ئاساییشدا نزمترە و لە پڕ بیـرم دەکـەوتەوە خـانم تـاوانکاریشــە و تاوانەکـەشـی تاوانێکی گـرانە و بەردەوامیش ئەگەر بیر لە تاوانەکەی ئەو شەوەی خـانم بکەمەوە دڵم لەوانەیە لە پڕ بوەسـتێت؛ کـەوایە باشـترە هـەمـوو شـتێکی ئەو شـەوە شـوومە لە بیری خۆم بکەمەوە، با چاکم کرد و باشیش توانیم هەموو شتێک لە مێشکی خۆم بسـڕمــەوە، ئەگینا دەبوایە زۆر زووتـر لە ئێسـتـە بمردبایەم و بووبووایێـتـمـە خـۆراکی مـارە ڕەش و سـپـیـیـەکـانی ژێرخـانی مـاڵ خـانم ئەم شـانۆیە لە چەشنێکی سیحراویدا، هەموو ساڵێک دووپات دەبووەوە.

خـانم دەیگوت "واز بێنە کـچێ کـەم سـیـحـر، سـیـحـر بکە، دەترسـێم لە

ئاکـامـدا ببـیـتـە سـیـحـرکـارێکەوە، یان هەر نەبێت بکەویتـە داوێکی سیحراوییەوە و چارەڕەشانە بژیت."

کە خانم وای دەگوت من چاوانم لە "هیچ" ڕادەمـان و لەژێر لێومـەوە ئاوی زارم بەرەو ناخ هەڵدەمـژییەوە و مـووچڕکم پێدا دەهات و بەکەیفـەوە دەمگوت "ئاخ خ خ کە چەندە خۆش دەبێت....."

ئێـستـاش لێـرەدا، لەم ژوورە سـارد و سـپـیـیـەدا، لە مێـشکمـدا، هـەمـوو ڕۆژێک، شـتـەکـان دووپـات دەبنەوە، دوکـتـۆر دەڵێت "کـچی باش، زۆر بـیـر مـەکـەرەوە، سـوودێکی نیـیـە، ئەگـەر هەر وا بەردەوام بیت و نەتوانیت لەو دنیایەدا خۆت رزگار بکەیت، بێگومـان ناتوانی لەم ژوورە بچیتە دەرێ، تکایە تۆزێک یارمەتیی خۆت بد".

ئای ی کە چەند پێکەنینـهێنەرە قسـەکانی ئەم دوکـتـۆرە گەمـژەیە، چۆن هێشـتـاکە تێی نەگەیشـتـووە من زۆرم پێویسـتـە کە بـەردەوام ببم لە دنیـای بیرەوەرییەکانمدا، ئەو چووزانێت کە هۆی زیندووبوینم، تەنیا بیـرکردنەوە لە ڕابردوومە.

***

دەسـتـوبرد چـوارگـۆشـەکـەم لە تاق هـەڵگرت و بـەرەو حـەوش رام کـردەوە، خـانم هـاتبـووە حـەوشـە و بە بزە سـیـحـرکـارانـەکەیەوە بۆ کاکەمی دەڕوانی، ئیـسـێ دەیقـیـڕاند و کـاکـەم پـێ دەکـەنی و دەیفـشـکاندەوە و خـانم بزەی دەبردەوە، کـە چاوی بە من و چوارگـۆشـە شـووشـەییـەکە کەوت، لە نـاکـاو دەنگی بەرز کردە و و گوتی "ئافەرین، زوو بیهێنە."

کـاکـەم هـەردوو مـاری خـزاندە نێـوان چوارگـۆشـە شـووشـەییـەکدا و من سـەرە قـابلەمەیەکم لەسـەری دانا، خـانم پـێ کەنی و گوتی "دەڵێی چێشتی لێ دەنێت"

کاکەم پێ کەنی و گوتی "ئاوگۆشتی مارمان هەیە بۆ نیوەڕۆ"

هەرکە مارەکان خزانە ناو چوارگۆشەکەوە، خێرا لەیەک دەئالآن، دەتگوت یەکێکن بە دوو ڕەنگی ڕەش و سپییەوە.

لەو ڕۆژەوە، ئەو چوارگۆشەیە بووبووە خانووی ئەو جووتە مارە، تا ئەو ڕۆژە کە ئیتر نەمان و کەسمان چاوی پێیان نەکەوتەوە.

بەلآم من بەردەوام هەستم بە هەبوونیان کردووە، یان هەستم بە خزینی سێبەرەکانیان لەسەر شووراکانی ژێرخاندا، لە ژوورەکەی دایەمدا کە لە ناکاو نەما و مرد، یان لە تۆی لق و پۆپی هەردوو دارەکەی باخچەکەماندا، کردووە.

هەندێ جاریش کە لە پۆلدا دەرسم دەخوێند و مامۆستا باسی ماتماتیک یان کیمیای دەکرد، هەستم بەخشەخشەکەیانەوە دەکرد، تەنانەت ئێستاش کە ئیتر کچە عازەبێکم بۆ خۆم و لەبەر هەندێ شتی شاراوە هێناومەتە ئێرەوە، هەست بە هەبوونیان دەکەم، لەژێر قەرەوێڵەکەمدا، لە حەمامەکەدا، لە ئاودەسیشدا هەستیان پێ دەکەم، لە دڵمدا، لە مێشکمدا، لە هەموو شوێنێکی ڕۆحمدا هەبوونیان هەیە، هەر وا کە هەست بەهەبوونی دایەم، باوکم، ئیسێ یان کاکەم لەو کاتانەدا کە سەوزەفرۆش بوو و من و ئیسێی زۆر خۆش دەویست، دەکەم.

بریا کە لە کاتی مردندا چاوم پێیانەوە دەبوو، ئەو کات بڕوام دەهێنا کە هۆی نەمانیان مردنیان بووە، نە هیچ شتێکی تر، بڕوام دەهێنایە ئەمە کە هیچ بکوژێک لە کاردا نەبووە، کوژرانێک نەهاتووەتە ئاراوە، هیچ دڵێک لە سینگێک دەرنەهێنراوە و لەگەڵ سیحرکارێکی پەلکەشۆڕی پەری ئاسادا، نە برژاوە و نە خوراوە، ئەو کات دڵنیا دەبووم و ئیتر هەستم بە هەبوونە نادیارەکەیان نەدەکرد، ئیتر لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەیاندا نەبووم، بریا ئەو شەوە کە هەستم دەکرد خانم تاوانکارێکی مەزنە و لەگەڵ دایەمدا هاتنە شەڕدا، چاوم پێیەوە دەبوو کە خانم لە ناکاو دەستی بەدایەمەوە نا و دایەم

کەوت و سەری لە دیوارەکە کوترا و بێگومان خوێن لە چاو و گوێی و کەپۆ و زاریشیەوە چۆڕەی کردووە و منیش ئیدی چاوم بەدایەم نەکەوتەوە، ئەگەر ڕاستەوخۆ کوشتنی دایەم بەدەستی خانمەوە بە هەردوو چاوم دەبینی، دڵنیا دەبووم کە ئیدی مردووە و ناگەڕێتەوە، بەڵام نەمبینی، هیچم نەبینی، تەنیا شایەتحاڵی من، سێبەرەکانیان بوون کە کەوتبوونە سەر پەردە ئەستوورەکانی ژووری دایەمدا، نە کوشتنی دایەم و نە کوشتنی هەردوو مارەکە بەدەستی خانمەوە، هیچم چاو پێی نەکەوت. نازانم چ بڵێم، لەوانەیە بەڕاست بم ئەگەر بڵێم هەموو شەوێک خەو بەو مارانەوە دەبینم، ئاخۆ هەموو شتێک لەپاش هاتنی ئەو دوو مارەوە بۆ ماڵی خانم دەستی پێ کرد؟ ئاخۆ ئەو دوو مارە، بە وتەی هاوسێیەکانی گەڕەک، دوو پەلکە درێژ و ڕەش و سپییەکەی ژنێکی عاشق بوونە کە پاش تێپەڕاندنی دەمێکی کورت بە ئەوین و ئەویندارییەوە، خۆی و عاشقەکەی دەکەونە داوی برا و براژنەکەیانەوە و براکەی لە ژێرخاندا زیندانیان دەکات و پاش بڕینی هەردوو پەلکەی خوشکەکەی، هەردووکیانی کوشتووە و هەر لەوێدا لە گۆڕیانی ناوە؟

***

دەڵێن باوکم خزمەتکاری ماڵی خانم بووە، کە دەمرێ، دایکم زەیسان دەبێت، هێشتاکە چلەی من و ئیسێ بەسەر نەچووبوو، پاش مردنی باوکم و پاش ئەوە کە دادگە وازی لە خانم هێنا ئێمە ماڵی باوکمان بەجێ هێشت و لە ماڵی خانمدا نیشتەجێ بووین.

دەڵێن بەم بۆنەوە کە قازییەکە عاشقی خانم دەبێت، بڕیاری بێتاوانیی خانم دەدات و خانم هەرکە ئازاد دەبێت، دەچێتە بەر ماڵمان و دەستی دایکم و منداڵەکانی دەگرێت و دەیانباتە ماڵی خۆی و تا ئەو کاتە کە دایکیشم نامێنێت و پاش ئەویش من و ئیسێ و کاکەم کە لە کاتی مردنی باوکمدا دە ساڵان بووە، لای خانمەوە ماینەوە.

دەڵێن خانم هیچ کات نەیتوانی بوو منداڵدار بێت، بۆیە ئێمەی بردە ماڵی خۆی، ئاخۆ چونکە ئێمەی خۆش دەویست بردمانییە تەنیشتی خۆیەوە؟ یان چونکە بەرانبەر بە ئێمە زۆری ڕق و قین لە دڵدا بوو، وای کرد؟ هەر ئەوە دەزانم کە هەرچی گەورەتر دەبوومەوە، زۆرتر هەستم دەکرد خانم زۆر ڕقی لە دایەمە، نەیدەهێشت هەناسەخۆشی و ئاسوودەیی هەڵبکێشێت، نەیدەهێشت ماندوویەتی دەربچێت و خێرا کاری پێ دەکرد. بەم شێوەیە ئەوەندە ئازار و ئەزیەتی دایەمی دەدا کە شتێکی وای پێ نەچوو لە ناکاو، دایکم مرد، یان ئەگەریش نەمرد، لە پڕ نەما.

گوتیان دایکم مردووە ئەو کاتە من و ئیسێ نۆ ساڵان بووین کەچی ڕۆژێک گەیشت کە ئیدی دایەم نەما، بەرەبەیانی ڕۆژێکی زستانی، چەند پیاو هاتن و لەگەڵ خانم و پیرەژنێکی بچووکدا پێخەفەکەی دایکمیان بە گوریسێک پێچایەوە و بەرماڵێکیان خستە سەری و کابراکان نایانە سەر شانەکانیان و خانم و پیرەژنی بچووکیش لە دوایاندا، ڕۆیشتن، پێش لەوە کەسێک بێتەوە بۆ ماڵ، خانم، من و ئیسێی خستە ژێرخانەوە و دەرگەی بە ڕووماندا قفڵ کرد. کە خانم و ئەو کەسانە پێخەفەکەی دایەمیان پێچایەوە و دایان بەسەر شاندا و لەگەڵ خۆیاندا بردیان، من و ئیسێ تا ئێوارە لە ژێرخاندا سجن کرا بووین، برسی و تینوو، بێ ئەوەی ئاگامان لە شتێک بێت، هەرچەند من هەستم بە کارەساتەکە کردبوو، ئەی سێبەرەکانی سەر پەردەکە شایەتحاڵی ئەوان و منیش نەبوون؟ ئاخۆ نەیاندەویست چیرۆکی مەرگی دایەم و بکوژەکەیم بۆ بگێڕنەوە؟ نەماندەزانی چی بە سەرماندا هاتووە.

پاش یەک دوو سەعات سەرمان لە پەنجەرەکەی ژێرخانەوە بردە دەرێ و تا توانیمان دەسمان کردە قیژە و هەراهەرا، بەڵام کەس نەبوو وەڵاممان بداتەوە "دایەەە... کاکەەەە..." ... "دایە گیان... مردم لە برساندااااا... کاکە... کاکە."

***

بڕوا بکە ئێستاش بیرم نییە ئەو دوو مارە ڕەش و سپییانە چۆناوچۆن نەمان و چییان بەسەردا هات؟ ئاخۆ کەسێک کوشتیانی؟ ئاخۆ کەسێک لە ئەنقەست یان بێ ئەوە بزانێت سەرە قابلەمەکەی لەسەر چوارگۆشەکەدا لابرد و ئەو دووانە خۆیان خزاندە کونێکەوە؟ ئاخۆ لەو ماڵەدا دەژیان؟ خۆیان خزاندبووە ژێرخانەوە و بگرە لەوێش هێلکەیان کردبێت و پاش چەند ڕۆژ، تووڵەمارەکان بەربوونەتە هەموو کون و کەلێنێکی ماڵەکەمانەوە؟

خانم دەیگوت "کچێ هەندێ جار کە خەریکی جل شۆردنم، لە ناکاو خشەیەک لە باخچەکەوە بەر گوێم دەکەوێت، تۆ بڵێی مارەکان بن؟"

من دەترسام و بەرەوژوور هەڵدەهاتمەوە، خانم پێ دەکەنی و دەیگوت "ترسنۆکی هەژارە"

ئیسێ دەیگوت "بۆ ئەوەندە گەمژە و گێل خۆت پێشان دەدەیت؟ چۆن دەکرێت ئەو دوو مارە بچووکە و جوانەکە زۆرتر لە عاشقە و ماشقەیان دەکرد تا ئەژدیهایەک کە تۆ باسیان لێیەوە دەکەیت، لە دەستی خانمەوە دەرچن، لەوانەیە لەبەر خاتری دڵی من و تۆ ناڵێت کە کوشتویانە، ئاخر چۆن دەبێت مار لە خانوودا هەڵبگریت، نا ناکرێت، یان لەوانەیە کاکەم شتێکی پێیان کردبێت، یان فرۆشتوویانە" پێ دەکەنی و درێژەی بە قسەکانی دەدایەوە "مەترسە ئیدی گوڵێ گیان، باش؟"

بەڵام من هیچ کات بڕوام بەو قسانە نەکرد، دەمزانی لە کونێکی ئەم ماڵە کۆن و مەزنەدا، لە شوێنێک خۆیان حەشار داوە تاکو لە کاتی پێویستدا ببنە هەزاران حەفی و بەربنە گیانمانەوە.

یەکێ لە مامۆستا دەروونناسەکانمان سەبارەت بە ترسی ئافرەت لە مار دەیگوت "لە نیگای فرۆیدەوە، ترسی ژنان لە مار، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ترسی ژن لە نێرینەییی پیاوان."

کوڕانی هاوپۆلی زانکۆ، بەبیستنی ئەو قسەیە، لە قاقای پێکەنینیان دا و

هەر کاتێکیش کە وشەی مار لە قسەکاندا دەهاتە ئاراوە، پێ دەکەنین و ئاماژەیان دەکردە کچە تەلەبەکان و دەیانگوت "بێژم ئەو مارە بتخوات."

هەندێ لە کچەکانیش بەبیستنی ئەو قسەیە، یان پێ دەکەنین و نازیان دەکرد یان بە توورەییییەوە ئاوڕیان دەدایەوە و دەڕۆیشتن و بەدەم ڕۆیشتنەکەیانەوە دەیانگوت "بێژە دایک و خوشکت بخوات."

***

هەموو کاتێک کە باسی هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک دەهاتە ئاراوە و دەبوایە بیرمان لە کارێکی تازە و هەڵسوکەوتێکی نوێیەوە دەکرد، خانم هەوڵی دەدا، لە ڕێگەی قسەکردن لەبارەی ئەو دوو مارەوە، من سەرکوت بکات و سووکایەتیم پێ بکات. لەوانە بوو ڕۆژێک چەند جار ئەو هەڵسوکەوتەی بەرانبەر بە من دەکرد و هێدی هێدی من بوومە کچێکی بەستەزمانی ترسنۆک، کە تەنانەت زاتم نەدەکرد بۆ کڕینی جووتێک گۆرەویی خۆم بەتەنێ بچمە بازاڕەوە.

بۆ وێنە کاتێک کە باڵق بووم و خۆم بەخۆم نەمزانیبوو کە دەرپێیەکەم پیس بووە، کە خانم چاوی بەو دەرپێیە خوێنینەم کەوت، گوتی "سەیر، سەیر ئەو گەمژەیە.. ئەوە بۆ بەم زووانە وات لێ هات؟ نەکا لە ترسی مارەکاندایە کە زووتر لە کاتی خۆی عادەت بوویتە، وەرە وەرە پیسەی چەپەڵە، با پەڕۆیە کۆنێکت بدەمێ خۆتی پی بسڕیتەوە، گەنیو، تۆ خۆ هێشتاکە سێزدەیشت تەواو نەکردووە، هەی پێ نەگەی هەی"

تەریقەوە بووم و خۆم خستە ژێرخانەوە و بەکوڵ گریام و بۆ خوارەوەی خۆم ڕوانیم.

ئیستێ لە حەوشدا بوو کاتێ خانم ئەوانەی دەگوت. پێش نیوەڕۆ بینیم جانتای قوتابخانەکەم لە خۆیەوە هەڵواسیوە، سەیرم لێ هات، جانتام کردەوە، بەستەیەکی تێدا بوو کە بە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەدا پێچرا بووەوە،

کردمەوە، هەموو پێداویستییەکی نەخۆشیی ژنانی تێدا بوو، حەپەسام، سەیرم لێ هات، ئاخۆ خانم ئەم کارەی کردبوو؟ نا؟ ئەو زۆر بێ هەستتر لەوە بوو کە کاری وام بۆ بکات، بۆ دەلاقەکەم رووانی، ئیسێ سەری لکاندبووە شووشەی ئەودیوی دەلاقەکەوە و بۆ منی دەڕوانی و ئاماژەی دەکردە جانتاکەمەوە.

کە جوان سەیرم کرد بینیم لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا، نووسیویە "بەو خوایە، پارەی کڕینی هەموویانم لە کاکەم وەرگرت".

***

دوو ڕۆژ بوو کاکەم لە ماڵ دەرچووبوو، بەبۆنەی کڕینی سەوزەوە چووبوو بۆ "قوم"، بەڵام من دەمزانی کاکەم بەڕاست نەبووە، نەچووبوو سەوزە لە قومەوە بێنێ، کاکەم تۆرا بوو.

دەمەونیوەڕۆ بوو، من لەو سەرمایەدا، لە نێوان بەفرەکانی حەوشدا خەریکی دروستکردنی بووکە بەفرینە بووم، کەس لە حەوشدا نەبوو، دایە و ئیسێ چووبوون بۆ گۆڕستان، سەردانی بابەم بکەن کە هیچ کات نەمبینیبوو، بەفرەکانم کۆ دەکردەوە و دەمویست پێش لە گەڕانەوەی دایە و ئیسێ بووکە بەفرینە دروست بکەم کە لە پڕ پاڕانەوەکانی خانم وەبەر گوێم کەوت، دەنگ لە ژێرخانەوە بوو، خانم سرتەی دەهات "دەی... توخوا... توخوا...."

خۆم لکاندە کوپە بەفرەکەوە و دڵم هاتە لێدان، دەنگی کاکەم هات کە بە تووڕەییەوە گوتی "حەیا بکە خانم، تۆ وەکو دایکی منی، ئەمە چ مانایەکی هەیە، لاوە"

"دەی توخوا... ڕجات لێ دەکەم"

"لاوە... ون بە بێ حەیا..."

زاتم نەکرد لەوە زۆرتر گوێ بگرم، بەرەوژوور ڕام کرد و ئیدی شتێکم

نەبیست، لەودیوی پەردەکە خۆم شاردەوە و بەدزییەوە بۆ ژێرخان ڕوانیم، پاش یەک دوو دەقیقە کاکەم بەتوورەییەوە خۆی لە ژێرخان دەرخست و بەپەلە بۆ دەرەوە هەڵات.

کاکەم ئیدی نەگەڕایەوە بۆ ماڵ. هەموومان بە پەرۆشییەکی زۆرەوە لە چاوەڕوانیی هاتنی کاکەمدا بووین، دایەم و خانمیش وەخت بوو دیق بکەن. خانم کولمی خۆی ڕنی کە سەعات لە دوازدەی شەو تێ پەڕی و کاکەم نەگەڕایەوە بۆ ماڵ. خوێن زێیە جێ پەنجەکانی سەر کولمیدا، دایە لێی ڕۆیشتە پێشەوە و گوتی "خانم گیان، ڕجات لێ دەکەم وا مەکە، دەگەڕێتەوە، چی بووە مەگەر، شتێک نەبووە، دەگەڕێتەوە" سەیر بوو، دایەم هەوڵی دەدا خانم ئارام بکاتەوە.

پاش یەک ڕۆژ، دەمەوئێوارە، کاکەم هاوڕێیەکەی ناردە ماڵەوە، گوتبووی "ماڵم گرتووە، خێرا خۆت و مناڵەکان کۆ بکەرەوە و لای خانم چۆڵ بکەن و ماڵی بۆ بەجێ بهێڵن."

دایە دەستی کردە کۆکردنی شڕوپڕەکانمان کە خانم هاتە قسە، دایەم زیز بوو، خێرا گڵۆپی ژێرخانی هەڵکرد و دەستی خستە سەر تەنوورەکە، هێشتا داخ مابوو، گوتی "لای تەنوورەکە دابنیشن تا بانگتان لێی دەکەمەوە"، پاشان خۆی چووە دەرەوە، من و ئیسێ لەوێ ماینەوە و گوێمان لە دەنگی قیژەقیژەکانی دایەم و خانمەوە هەڵخستبوو.

ئێمە حەزمان لێی نەبوو لەو ماڵە جوانە بڕۆین، من و ئیسێ لەو ماڵەدا گەورە بووبووین، کون و قوژبنی ئەو ماڵە مەزنەمان دەناسی و خۆشمان دەویست، دڵی هەردووکمان لە چەشنی دڵی چۆلەکە بەستەزمانەکان لێی دەدا. ئاخر بۆ لە پڕ هەموو شتێک تێک چوو؟ بۆ وای لێ هات؟ من کە خەریکی دروستکردنی بووکە بەفرینە بووم و ئاگام لە هیچ شتێک نەبوو، ئەی ئەو دەنگە نەگریسە بۆ لە ناکاو وەبەر گوێم کەوت، بریا نەمدەبیست، نە ئەو

دەنگە پڕ لە تکا و ڕجایە و نە قیژەقیژەکانی دایەم و خانم لە کاتی شەودا.

ئاخـر چیـمـان لی قـەومـابوو؟ بۆ کـاکـەم تـووڕە بوو؟ مـەگـەر خـانم چی بە کاکەم گوت کە ماڵ و هەموومانی بەجێ هێشت و ڕۆیشت؟

دایەم و خـــانم پێکەوە دەمـــەقـــڕەییـــیـــان بـوو، من و ئیـسـێ هەر لـە پاڵ تەنوورەکەدا بێ ئاو و بێ نان خـەومان لێی کەوتبوو، نازانم کەی و چوون برا بووینە نێوان پێخـەفـەکـانمانەوە، قـەت بـەخـۆمـان نـەمـانزانی بوو، کـە چاوم کردەوە، نیگام کەوتـە سەر پێخەفە چۆڵەکەی دایەم، دایەم نەبوو، ئیدی چاوم بەدایەم نەکەوتەوە.

ئێـسـتـاکـەش کـە بوومـەتە کـچـێکی عـازەب و لە زۆربەی شـتـەکـان تێ گەیشتوومە، هەر چاوم لە دەرگەیە، کە کەی و چۆن دایەم بگەڕێتەوە ژێرخان و تەنوورەکـە داخ بکاتەوە و پاشـان نانمان بۆ بکات و من و ئیـسـێـیش کـە دوایی بووینە ئەویندارى یەک، بەڵام لەو کاتەدا هێشتا برا و خوشک بووین، لە دەوری خۆی و تەنووره داخەکە و نانەبۆنخۆشەکانیدا یاری بکەین.

***

خـــانم هـیچ کـــات نـەیتـــوانی مناڵدار بێت و ســـەرەڕای جـــوانیـــیـــە بێ هاوتـاکـەیشی، مـێـردەکـەی وازی لێ دێنێت. مـاڵ و سـامـاڵی خـۆی پێی دەبەخشێت و بەجێی دەهێڵێت، خانمیش لە پاشی مێردەکەی، جگە لە باوکم کـە هەر لە سـەردەمی شـووەکـەیەوە کـاری بۆیان دەکـرد، کەس ڕێگە ناداتە مـاڵی خـۆی، تەنانەت خـزم و کـەسی خـۆشی، دەڵێن باوکم لـە خـۆی مـارەی کـــردبوو، بەڵام کـــەس نازانێت ئەوە بـەڕاست بووە یـان نا، هـەر ئەوە نەبێت پاش ئەوە کـە باوکم، دایکم و کاکـەمی کـە لەو دەمـەدا، نێـزیکەی دە سـاڵان دەبێت، دەباتە تاران و خـانم لە سنەدا بە تەنیا بەجێ دەهێڵێت، ئەستێرەی مەرگی دێتە گەشان.

دایەم کـە زەیسـان دەبێت یاو دەکات، دەکـەوێتـە هـەڵا کـاتی مـردن، باوکم

خێرا من و ئیسێ لای هاوسێکانمانەوە بەجێ دێڵێ و لەگەڵ کاکەمدا دایەم دەبەن بۆ تاران.

ئەم قسە هی خانم بوو کە دەیگوت "کچێ، ئەو سەفەرە بە باوکتەوە نەهات، سەفەرێکی شووم بوو، چونکە لە گەڕانەوەدا ئەستێرەی مەرگی هاتبووە گەشان."

لە گەڕانەوەدا باوکم، دایەم و کاکەم لە ماڵ دادەنێت و بەسەر و سەوقاتەوە بۆ ماڵی خانم دەڕوات، بەڵام ئیدی ناگەڕێتەوە.

پاش یەک مانگ گەڕان و گریانەکانی دایکم و کاکەم و خزم و کەسوکارمان، تەرمی باوکم لە ئاوەکەی قشلاخدا دەدۆزنەوە، دەڵێن جەستەی باوکم کون کون هەڵگەڕا بوو، بەڵام رووخسارە جوان و شیرینەکەی وەکو خۆی مابووەوە.

پاش ئەوە کە کاکەم گەورە بوو، هێدی هێدی ڕواڵەتی گۆڕدرا، ئەمە قسەی خانم بوو کە دەیگوت "وا ی ی کە کاکەت چەند لە باوکت دەکات" کە وای دەگوت، بریکەبریک دەکەوتە هەردوو چاویەوە لە کاکەم ڕادەما. کاکەم سوور هەڵدەگەڕا و خۆی بە شتێکەوە خەریک دەکرد، دایەم لە قاقای پێکەنینی دەدا و دەیگوت "وی ی ی توخوا کوڕە جوانەکەم سەیر، سەیر چۆن شەرم دەکات "خانم بزەی دەبردەوە و لەبەر خۆیەوە دەیگوت "نا، نا، شەرم مەکە گیانەکەم، بۆ شەرم دەکەیت "کە وای دەگوت هەموومان بۆ خانمان دەڕوانی کە سوور هەڵدەگەڕایەوە و بە بیانوویەک، خۆی لەوێ دەردەکرد.

لەو کاتانەدا، شێوەی خانم لە سیحرکارە مەزنەکەی مێشکی من و ئیسێی دەکرد و هەردووکمان بێ ویستانە دەکەوتینە جموجۆڵەوە.

***

دەیانگوت ساڵان ئاوەکەی قشلاخ لە ڕادەبەدەر بووە، بەڵام ئەو ساڵە کە باوکم خرایە ئەوێیەوە، قشلاخ تووشی کەم ئاوی هاتبوو، پێش لەوە کە

مـاسـیـیـەکـان، تـەرمـەکـەی بـاوکم بخـۆن و وای لێ کـەن کـە بـۆ کـەس نەناسرێتەوە، باوکمیان لە ئاو گرتەوە.

لە گـیـرفـانێکیـدا، ڕەسـمـێکی زۆر جـوانی خـانمیـان دۆزیبـووەوە کـە لە نایلۆنێکی ئەسـتووری بێ ڕەنگدا پێچابوویانەوە، لە ڕووی ئەو وێنەیەدا بوو کە شوێنی باوکمیان دۆزییەوە و هێنابوویانە بەرماڵی خانم، زۆربەی خەڵکی شاری سنە، بنەماڵەی خانمیان دەناسی و خودی خانمیش بەبۆنەی جوانییە بێ هاوتاکەیەوە بەناوبانگ بوو، تەرمە کون کونبووەکەی باوکم لە ئاوەکانی قشلاخ دەگرنەوە و کەسێک وێنەکەی خانم دەناسێتەوە و ڕێک تەرمەکە و خەڵکەکە و پۆلیسەکان دەباتە بەر ماڵی خانم، خانم کە لە ناکاو چاوی دەکەوێتە تەرمی باوکم، بێدەنگ، لەسەرخۆ دەڕوات و زمانی تا نێزیک بە مانگێ، دەبەسترێت.

دەڵێن پاش تێپەڕینی ئەو یەک مانگە کە خانم هێدی هێدی دێتەوە قسە، پۆلیسەکانی "کەلانتەری" دەیخەنە ژێر بارانی پرسیارەکانیانەوە "چی لە نێوان تۆ و نۆکەرەکەتدا بوو" ... "ڕەسمی تۆ لە گیرفانی ئەودا چی دەکرد؟" ..... "لە کەیەوە پێکەوەن؟" "لەبەرچی ڕقت لێی هەستا و وات لێ کرد؟"...... "چیت بەسەر نۆکەرەکەتدا هێنا؟"

خانمیش بەردەوام ئەمانە دوو پات دەکاتەوە "نازانم وێنەی من لە گیرفانی ئەودا چی دەکرد" ...... "بڕوا بکەن هیچمان لە نێواندا نەبووە" ...... "لەپاش سەفەرەکەیەوە چاوم پێی نەکەوتووە" ..... "بۆ ماڵی من نەهاتووەتەوە" ..... "خەتای من چییە و من چ تاوانێکم هەیە کە ئەستێرەی مەرگی هاتبووە گەشانەوە؟"

پرسیاریان لێی کردووەتەوە کە "تۆ چۆن دەتزانی ئەو مردووە؟" ..... "چی قەوما کە لە ناوت برد؟" ...... "کێ لە کوشتنەکەیدا هاوکاری تۆ بوو؟" ...... "بۆ کوشتت؟ بۆ؟"

خـانمیش دەڵێتـەوە "ئەمن نەمکوشـتـووە" ..... "کـەس هاوکـاریی مـنی نەکردووە"..... "هیـچمـان لـێ نەقـەومـا بوو" ..... "لە ڕێگەی خـۆتانەوە بوو کـە تـێ گـەیشـتـم مـردووە، کـە هێناتانـە بەرمـاڵـەکـەم... لە ڕێگەی جـەسـتـە کـون کونبووەکەیدا بوو کە تێگەیشتم مردووە و ئیدی ناگەڕێتەوە"

خودی خانم ئەمانەی بۆ من و ئیسێ دەگێڕایەوە و لە هەمان کاتدا هەردوو چاوی پڕ دەبوون لە ئەسرین و سارد و خـامۆش بۆ من و براکـەم دەیڕوانی و لەژێر لێویەوە سـرتەی دەهات "ئێـوەی پاو قـەم ڕەش بوونە بایس باوکتـان... منالآنی شووم م"

***

ئاخـۆ من و براکـەم شـووم بووین؟ کێ ئەو چارەنووسـەی بۆ من و براکـەم نووسیبوو؟ بە چ تاوانێک ئەو هەموو چەرمەسـەرییە و نەهامەتییانە هاتبوونە ژیانمانەوە، مـن و برای بەسـتـەزمـانم..... هەی داد و بێداد... دیسـان گوتم "برا" ... بڕیارم دابوو ئیـدی نەڵێم "برا" بەڕاسـتـی من گـەمـژەیـەکی تەواوم، دەزانن بۆ؟ چونکە هێشتاکەش بە ئەوینە مەزنەکەی ژیانم دەڵێم "برا"، ئاخر زۆر سـەیرە کە تۆ پاش تێپەڕینی بیست ساڵ لە ژیانت تێ بگەیت، ئەو کەسە کـە پێت وا بووە و گـوتبـوویان "براتـە و ئێـوە لـفـە دووانەن"، لـە پڕ ببـێـتـە کـەسـێکی نامـۆ لە ژیانتدا و هـێدی هێدی، واتە لە درێژەی یـەک دوو مـانگی پاش ئـەو زانینـە، هـەسـتـی برا و خـوشکایـەتیـیـەکـەت بەرانبـەر بـە ئەو، بگۆڕدرێتە هـەسـتێکی عاشـقانەی هەتاهـەتایی و تا ئاخـرین کاتی ژیانت واتە تا ئەودەمـە کـە گـیـانت دەردەچێت و بگرە پاش ئـەویشـە، "ئیـسـێ" بووبووە مەزنترین ئەوینیم.

کە وایە من مافی ئەوەم نییە کە لە پەسـا ئەم حەقیقـەتە لە بیر بکەمـەوە و لە نێوان قسەکانمدا بە نێوی "برا" باسی لێیەوە بکەم. شتـی وا چۆن دەبێت؟ هەرچەن ئـیـسـێ زۆر کـەم قـسـەیە و قـەت پێ ناکـەنێت، بەلآم هەر کـات کـە

باسی ئەو خانووە مەزن و کۆن و سیحراوییە و خانمی پەلکەشۆڕ و هەردوو مارەکەی، کە یەکێکیان سپی بوون و ئەوی تریشیان ڕەش و دوایی ڕەشەکەش سپی هەڵگەڕایەوە و بەردەوام هەردووکیان جووڵەیانە و لە جیاتیی پەلکە، هەڵواسراونەتە سەرسەریدا و کاکەمیش کە دوایی نازانم بۆ ئیشی سەوزەفرۆشی بەردا و بووبووە سەرهەنگێکی خوێنڕێژ و کەوتە داوی نەخۆشیی دڵ و نەخۆشیی عەشق دەکەم و باسی خۆمان و سەردەمی منداڵیەتیی خۆمانیش دەدەمە دەم قسەکانمەوە و لە پڕ بەنێوی "برا" ناوی بەکار دێنم، لە ناکاو، بزە دەکەوێتە سەر لێوەکانیەوە.

کێ بیری دەکردەوە کە ئیسێ هیچ کات برام نەبووە. ئیسێ دەڵێت: "... بەڵام من و تۆ زۆر لەیەک دەکەین گیانەکەم، چاوانمان، دەم و لێومان، قەد و بالامان، تەنانەت دڵیشمان لەیەک دەکات."

کە ئیسێ ناوی دڵ دەبات، ترسم دادەگرت و وەختە دڵم بتەرەکێت. دەکەومە بیری کاکەم کە چۆناوچۆن تووشی نەخۆشیی دڵ بووبوو.

دەڵێم "ئیسێ، نەکات منیش لە کاکەم بکەم و وەکو ئەو تووشی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە ببم؟"

کە وا دەڵێم بزەیەکی گەرم دەکەوێتەوە سەر لێوەکانی ئیسێوە و ماچم دەکات و دەڵێت "گیانەکەم، تۆ هیچ کات تووشی نەخۆشیی دڵ نابیت."

***

بریا دەمزانی بۆ هەستم بەرانبەر بە ئیسێ گۆڕدرا و عاشقی بووم، ئەگەر وام بەسەردا نەهاتبایێ، تووشی ئەم هەموو کێشەیە نەدەبووین و ئەمانە منیان لێرەدا زیندانی نەدەکرد.

هەموو جارێ کە سەیری دەمارە دەرزی ئاژنکراوەکانم دەکەم و ئەو هەموو برین و خوێنە وشک هەڵگەڕاوانەیان بەسەردا دەبینمەوە، دڵم پڕ دەبێت لە خەم و خەفەت و لە پڕ دەقیژێنم و هەر دەقیژێنم، هەموویان لە خۆم

کۆ دەکەمەوە و کابرا سپیپۆشەکە بەپەلە دەرزییەکە دەچەقێنێتە شا دەمارێکمەوە و هێدی هێدی دنیا لەپێش چاوانم ڕەش هەڵدەگەڕێتەوە و دەنگ و ڕەنگی هەموو کەسێکم لێ ون دەبێت، بەڵام هەموو جارێک وام بەسەردا نایەت، هەندێ جار هەوڵ دەدەم قۆڵە دەرزی ئاژەنکراوەکانم نەخەمە پێش نیگامەوە، دەبێ هەندێ جار عاقڵ بم، هەوڵ دەدەم ئامۆژگاریی خۆم بکەم، ئاخر چۆن دەبێ خوێندکاری زانکۆی سنە وا بێت؟ نابێ وا بێ شەرمانە بقیژێنێت و خەڵک لەخۆ کۆ بکاتەوە، چی بووە مەگەر؟ ئاخۆ خۆپێشاندانێکمان هاتووەتە ئاراوە کە وا ترساوم؟ یان هەر نەبێت هێزە ئەمنییەکانی پۆلیس ڕژاونەتە زانکۆوە و هەندێ کەس و ئیسێشیان گرتووە؟ نا. ئەمانەمان نایەتە ئاراوە، بێگومان تووشی کێشەی ڕۆحی بوویتە کچی خوێندکار، ئێرە، زانکۆ نییە، ژوورێکی سارد و سپییە کە جگە لە خۆت و هەندێ پەرستار و دوکتۆرێکی گەمژە، کەسێکی تر خۆی پێدا ناکات.

هەندێ جار بڕیار دەدەم خۆم کە نابێت لە چەشنی رابردوودا، هەڵسوکەوت بکەم، دەبێ فێر بم هەنێ شت بەنهێنی لای خۆم دابنێم، هەموو کەسێک، بەتایبەت هەموو خانمێک نهێنیگەلێکی پێیە لە ژیاندا، ناکرێت هەموو شتێک بەخەڵک بڵێتەوە، نا، عاقڵی باشترە تا ئەم ژیانە پیس و شێتانە کە من دەمێکە تووشی بوومە.

چەن ڕۆژێکە هەرکە دوکتۆر دەڕوات، خێرا قۆڵی کراسەکەم دادەدەمە سەر مەچەکەکانمدا، بەڵکو دەمارەکانم نەکەونە پێش نیگاکانمەوە و لە پەسا شێتم کەن، پاشان لە تەختەکەم دادەبەزم و لە دەرگەکە دەچمە پێشەوە و گوێم دەلکێنمە دەرگەی ژوورەکەوە و بە هێواشی دەستگیرەی دەرگەکە تاقی دەکەمەوە کە بزانم دەرگەیان بەڕوومدا قفڵ کردووە یان نا، کە لە قفڵبوونی دڵنیا دەبم بزە دەخەمە سەر لێوەکانم و لە پەنجەرەکە دەڕۆمە پێشەوە و بەرانبەر بە شووشەی دەلاقەکەم ڕادەوەستم و بۆ وێنەی خۆم دەڕوانم کە

ئارام و لەسەرخۆ، بزە لەسەر لێو، بەرەو زانكۆی ئازادیی سنە، لە شەقامی شەشی بەهمەندا هەنگاو هەڵدێنم.

لە پۆلی دەروونناسیدا، مامۆستاکەمان، وانەکانی فرۆیدمان بۆ دەڵێتەوە. لە تەنیشتی ئیسێوە دادەنیشم و زەمزەمە دەکەم "ئیسێ گیان نەکات خۆمانیش تووشی نەخۆشیی دڵ بین؟"

بە راشکاوی گوێم لە دەنگی ئیسێیە کە دەڵێت "گیانەکەم ئێمە هیچ کات تووشی نەخۆشیی دڵ نابین... ئەی چۆن لە بیری خۆتت کردووەتەوە کە کاکەکەت چی بەسەر هەردووکماندا هێنا؟ نەکات لە بیری خۆت بکەیتەوە کە سەرهەنگ فەرزامی خوێنرێژ، واتە کاکە سەوزەفرۆش و جوانەکەی تۆ، چۆناوچۆن شێوازی ژیانی گۆڕدرا و کەوتە داوی کوشتن و بڕینی خەڵکی بێتاوان و ئێمەشی پێوە لکاند و سەری هەردووکمانی بڕی و دڵی هەردووکمانی لە شیش دا و لەگەڵ جننە پەلکەشۆڕەکەیدا خواردیان؟ نەکات لە بیری خۆتی بکەیتەوە کە بەهۆی ئەو کوشتارەی کە لە من و تۆ کرا، کاکەت تووشی نەخۆشیی دڵ هات؟ حەیاتەکەی ئیسێ، ئەمانە لە بیر نەکەیتەوە."

کە دڵنیا دەبم دیسان ئیسێ لەوێیە، لە نێزیکمدایە و ئاگای لێمە، ئەهوەن و عاشق و بزە لەسەر لێو، دەگەڕێمەوە سەر تەختەکەم و دیسان ڕادەکشم.

***

ئەنجوومەنی ئەدەبیی زانكۆی سنە بڕیاری دا بەبۆنەی ڕۆژی ژنەوە سیمینارێک بەڕێوە ببات، خێرا دەنگیان لە بەرپرسایەتیی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکانی تری شارەوە کرد، پاش چەند ڕۆژ، لێژنەیەکیان پێک هێنا و بەیارمەتیی خوێندکارە ئەدیب و هەڵکەوتووەکان، کە ئیسێ نوێنەریان بوو، بەرهەمانی هەڵبژاردەیان دابین کرد و هەندێ تریش لە خوێندکارانی چالاک بەڕێوەبەرایەتیی سیمیناریان وەئەستۆ گرت، منیش لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا

ئامادە بووم و هەندێ کارم جێبەجێ دەکرد.

دەست بە قەڵەمانی نووسەر یان شاعیر یان لێکۆڵینەوەر لە هەموو شوێنێکی شار بانگهێشتن کران و لەگەڵ خوێندکاراندا بووبوونە میوانی سیمینارەکە، خەڵکێکی زۆریان دەنگ کردبوو، هیچ ساڵێک ڕوخسەتی پێکهاتنی هیچ جۆرە سیمینار و خۆپێشاندانێک بەبۆنەی هەشتی مارسەوە نەدەدرا، بەڵام ئەو ساڵە وایان کرد کە ڕوخسەت وەرگیردرا، بەو مەرجە کە دەبێ هەموو چالاکییەک لە بازنەیەکی دابینکراودا بسورێت جگە لەوە نابێت قەت کارێکی تر بەئەنجام بێتە گەیاندن.

وەکو هەمیشە، ئیسێ بە بەرپرسایەتیی لێژنە هەڵبژاردرا، من لە نێزیکی ئیسێیەوە بووم، هەر کارێکمان کە دەکرد چاومان بە یەکەوە بوو، دەمێکی کورت بوو کە تێ گەیشتبووین ئێمە برا و خوشک نین و لە واقیعدا لە دوو دایک و دوو باوک بووینە و زۆر بەداخەوە بووین کە بۆ زووتر لەمە عاشقی یەکتر نەبووینە، بریا زووتر تێ دەگەیشتین، بەڵام لەو دەرفەتە کورتە پاش زانینمان، دەتگوت هەزاران ساڵە ئەوینی یەکمان لە دڵدایە، ئەوینمان وای لێمان کردبوو کە زۆرتر لە هەمووان چالاکیمان دەنواند و بێ وچان ئیشمان دەکرد و دەم بە پێکەنینەوە. هەوڵمان دەدا کە سیمینارەکە بە جوانترین شێوە بەڕێوە بڕوات.

هەموو ڕۆژێک هێزە ئەمنیەکان و بەرپرسایەتی زانکۆ سەردانی کارەکانمانیان دەکرد و هەموو شتێک لەژێر چاودێریدا بوو. بەڵام ئیسێ و بەڕێوەبەرایەتیی لێژنە بڕیاری ئەکیدیان دەدا کە نەهێڵن هیچ جۆرە ئاژاوەیەک بێتە ئاراوە و تەنیا لە بازنەی ئەدەب و ئەدەبیات و هونەردا بسووڕێنەوە و ڕێز لەم ڕۆژە جیهانییەدا بگرن.

زانکۆ، ڕووخسەتی دا و کار بە خۆشی و سەرکەوتووییەوە خەریک بوو بەڕێوە دەچوو، پاش ئەو هەموو دڵەڕاوکە و هاتوچووانە، ڕۆژی هەشتی

مـارس لە ڕێیـەوە گـەیشت، سنـە تەژی بوو لە پۆلیـسی دژ بە خـەڵکانێک کـە دەیانویست بـۆ ئەم ڕۆژە ڕێپێـوان بکەن یاخـۆ خـۆپێشـانـدانێک بەڕێ بخـەن، بەڵام ئێمـە قـەناعـەتمـان هێنابووە کۆڕێکی بەربڵاوی ئـەدەبییـەوە، کۆڕ، پێک هات، زۆرێک ئەدیب و هونەرمەند و خـەڵکانێکی ڕووناکبیر، بووبوونـە میوانی سـیـمـینـارەکـە، ئامـادەبووان یەک بەیەک دەهاتن و لـە نێـوان چەپڵـە و هـەراوهـۆریای مـیـوانـاندا، دەقی خـۆیان دەخـوێندەوە و دەڕۆیشـتن، لـە پڕ کچێکی خوێندکاری تێرمی یەکەم هـات و دەستی کردە خـوێندنی شیـعرێکی زۆر جوان، هـەرکە کچ دەسـتی کردە خـوێندنی شیـعرەکەی، ئەندامانی لێژنە ملیـان قـوت کـردەوە دەمـودەست یەکـێکیـان دەنگی بەرزەوە کـرد و گـوتی "ببوورە خاتوون، جەنابتان بڕیار بوو شیعرێکی تر بخوێنیتەوە."

کچ گـوێی نەدا و لە خـوێندندا بەردەوام بوو، ئیـسیٚ ئامـاژەی لە ئـەندامی لێژنەکە کرد کە واتە "بێدەنگ، بهێڵە با بەردەوام بێت."

کـابرا بێـدەنگ بوو و چیی تری نەگـوت، کچ شـیـعـرێکی زۆر جـوانی خـوێندەوە کـە دژ بـە سـیـسـتـمی باوکسـالاریدا گـوترابوو، ئامـادەبووان چەپڵـەیەکی زۆریان بـۆ لێ دا، کـردیانە بـەزم و هـەرایەک کـە دەنگ بـەدەنگ نەدەگەیشت، ئیسیٚ، پێش لە هەمووان هـەستا و دەسـتی کردە چەپڵـە لێدان، سیـمـینار تێک چوو، خـوێندکاران دەسـتـیان کردە شـوعـار دانەوە، هەندێ دروشم لەپێشدا لەسـەر پلاکاردە پارچەییەکان نووسرابوون و کەس نەیزانی چۆن هێنرابوونە هۆڵی سیـمـینارەکەوە، لە پەسـا لەم سـووچ و ئەو سـووچی هۆڵدا بەرز دەکرانەوە، کەسانێکی نادیار لە پەسا ئیـعلامییـەیان فڕێ دەدایە هـەواوە و بڵاویـان دەکـردەوە، کـەس بەکـەس نەبـوو، هێـزە ئەمنیـیـەکـان کـە پێشـتر لە حەوش و دەوروبەری زانکۆدا ئامـادەساز وەستا بوو، هورووژمـیان هێنایە هۆڵەوە و تیـری هـەواییـیان تەقاند و نارنجـۆکی فرمێسکڕێژیان تووڕ دایە نێوان خـەڵکەوە، خێرا جەمـاوەرەکە بڵاوەیان کرد و زۆربەی ئەو کـەسانە کـە ئاژاوەکـەیان نـابووەوە، گیـردران و بران بۆ دایرەی هێـزە ئەمنیـیـەکـان،

ئیسێشیان پێش لە هەمووان برد، من خۆم بەم چاوانەی خۆمەوە بینیم کە لە ئیسێیان دەدا و پەلکێشیان دەکرد و لەگەڵ ئەوانی تردا دەیانیانبرد.

چیم لە دەست دەهات؟ ها؟ دەمتوانی چی بکەم، من کە نەمدەتوانی لە چەشنی ئیسێ خۆم قوت بکەمەوە و لە پەسا و زۆر بوێرانە شیعر بخوێنمەوە یان باسی مافی خەڵک بکەم، نا، من چۆن دەمتوانی وا بم، من کە لە ترسی مارە تەماوییەکانی خانووەکەماندا، لە بازنەی نەمانی باوکم و دایەم و ماسییە نەورۆزییەکانماندا، سوورم دەخوارد و بەردەوام لە ترسی خانمی پەلکەشۆڕی ژیانم، نەمدەوێرا قسەی دڵی خۆم بکەم و ئەو ترووکە ترووکیشمە بەپشتیوانیکردنەکانی ئیسێی ئەوینمەوە بوو، چۆن دەمتوانی خۆم لە هێزە ئەمنییەکان نەشارمەوە و چۆن دەمتوانی کە ئیسێ بەجێ نەهێڵم و چۆن دەمتوانی خۆم لە ئاودەستدا نەشارمەوە؟ ها؟ من دەبووایە بەردەوام ئاگام لە خۆم بووایە، ئەمە قسەی خودی ئیسێ بوو، "تکایە ئاگات لە خۆت بێت."

***

خانم قیژاندی "هەو شێر هەو، برا، براکەم، براکەم...، برای چی و گووی چی، کام برا، ئەمە ئەم نەنکە گەنیوەی تۆ مەگەر چەند جار هەڵتەرکی کە کەس نەیتوانیوە ترۆتسەکانی بژمێرێت؟ لە کەیەوە هەتیوەی بەرماڵانتان کردووەتە برا، تۆ تەنیا خوشکێکت هەیە و بەس، باوکت کوڕی بێ دایک و بێ باوکی هێنایە ماڵەوە و لە ڕێی خوا خستیە بەر مەمکەی ژنەکەیە و......"

کاکەم نەڕاندی "بخنکێ ئافرەت، بێدەنگ، یاخوا لاڵ بیت هەی، دەی ئیژم بێدەنگ بەدەی..."

خانم گوێی نەدەدا و لەو قسە تاڵانە و ئەو قیژە قیژانە بەردەوام بوو، جنێوی بە ئیسێ دەدا و کەفی هەڵدەهێنا. کاکەکەم کە وای دی لە خانم بەربوو، لەپێشدا چەن زللەی لێ دا و پاشان بە قایشە ڕەشە درێژەکەی

چەند جار بەسەر و کۆڵیدا کوتای، بەڵام خانم بەردەوام بوو، وازی نەدەهێنا "دەبێ بیکەیتە دەرەوە لەم ماڵە... ئەمە نێزیکەی بیس ساڵیەتی بێ غیرەت... من هیچ... من ناشیرین... ئەی ئەو کچە نەفامە چی... بۆ خستووتە ناو دەست و قاچی ئەم نێرەکەرەوە..."

کاکەم بەرزتر نەڕاندی و قایشی فڕێ دا و بە لەقە و مست بەربووە گیانی "دەی بخنکێ ئەیژم لامەسەب بخنکێ"

خانم دەیقیژاند و هەوڵی دەدا لەژێر دەستی کاکەمەوە ڕزگار بێت و لە قسەکانیشیدا بەردەوام بوو "جا بزانە بەیانی بووبووە دوکتۆر چیمان لێ دەکات، خۆ فزە بکەیت بەشەق قونت دەدڕێت نەگبەت"

کاکەم لە تاو قین و ڕقیدا ڕەش هەڵگەڕا بوو، بەڵام ئەوە کە نەدەبوو ئیسێ و من بیبیسین، بیستمان، بەسەرسووڕمانەوە بۆ یەکمان ڕوانی، فرمێسک زێیە هەردوو چاوی ئیسێوە و زەمزەمەی کرد "چی؟ کوڕە هەتیوە؟ ئەمە چی دەڵێت گوڵێ گیان"

لە پرمەی گریانم دا و ناڵاندم "کوڕە گووی خوارد"

ڕەنگ بێت و بە ڕووی ئیسێوە نەما، سپی سپی، بەتەواوی هێزیەوە هاتبووە هەژان، کە بۆم ڕوانی وەختە بوو دڵم بتۆقێت هاوارم کرد "کاکە... کاکە"

کاکەم بە تووڕەییەوە خۆی هاویشتە ژوورەوە، دەیویست لە ئیسێیش بدات. کاتێک کە من ئێوارە تازە لە زانکۆ گەڕامەوە، خانم هەر نەیهێشت بچمە ژوورەوە، ڕێگەی لێم بەست و خستمیە ژێر ڕێژنە جنێوە خراپەکانیەوە چونکە ئەو ڕۆژە کاتم نەبوو پێش لە ڕۆیشتن بۆ زانکۆ، ئاودەسەکە بشۆرم، بە ڕق و قینەوە لێم هاتە پێشەوە و چەپۆکێکی کشایە سەر سەرمدا و دەستی کردە قیژە و جنێودان و لە پڕ لێم بەربوو، ئیسێ نەیهێشت لە چەشنی پێشتر بەردەوام بێت، قۆڵی منی گرت و کشامیەوە و بەرانبەر بە

خانم ڕاوەستا و گوتی "واز بێنە، شەرم ناکەیت، کچەکە خەریکە دەبێتە دوکتۆرێک، ئەمە چ هەڵسوکەوتێکە بەرانبەر بەم کچە هەتە، بۆچی گوڵێ هێشتا منالە وای لێ دەکەیت، کچێکی عازەبی وا چۆن تۆ لێی دەدەیت، تا کەی وازی لێ ناهێنیت"

لەو کاتەدا کاکەم گەڕایەوە بۆ ماڵ کە خانم بەجێنێو و خراپە لە من و ئیسێ بەر بووبووەوە.

کاکەم کە چاوی بە ڕووخسارە سپی هەڵگەڕاوەکەی ئیسێ و هەژانی جەستەی کەوت، تووڕەییەکەی دابەزی و بە دڵڕەحمیەوە قیڕاندی "ئاو... پەرداخێک ئاو بێنە"

بەرەو چێشتخانە هەڵاتم و خێرا بە پەرداخێک ئاو گەڕامەوە، کاکەم بە ئارامی سەری ئیسێی لە نووساندە سینگیەوە و پەرداخەکەی لە دەمی نێزیک کردەوە، وە بە بەزەییەوە بۆ ئیسێی ڕوانی و گوتی "بخۆ براکەم... قومێک بخۆرەوە... ئەی بە قەبری باوکتەوە ئافرەت هەی..... سەیر چ ئاورێکی نایەوە ئەم سەگە. کوڕەگووی خوارد ئەو سەگە، ئەوە وا دەکات ئاژاوەمان تێ خات، بڕوای پێ مەکەن، گووی باوکی خوارد، ئیسێ... ئیسێ گیان... واز بێنە ئیدی...، پیاو بە پیاو ئەوە چییە"

شانەکانی ئیسێ هاتبوونە هەژانێکی زۆرترەوە، لە ناخەوە قیژاندم و گوتم "توخوا کاکە... فریای کەوە کاکە..."

کاکەم ڕوو لە من نەڕاندی "بخنکێ... بەو قیژەی تۆیە خراپتر دەبێت..." ئیسێ هاوکات لەگەڵ هەژانەکەیدا، لە چەشنی باران ئەسرینی دەباراندە سەر و ڕووی خۆی و دەستەکانی کاکەمدا کە بە هەردوو دەستی سەری ئیسێی نووساندبووە سینگیەوە، من زۆرتر لە هەموویان دەگریام، دەتگوت بەردەوام ئامادە بوومە بۆ گریان، دەگریام بە کوڵ.

***

بیــرم نایێ کــەی ئیـسـێ ئەو کـتـێـبــەی هێنا و بەدزیی خــانمەوە دای بـەدەســـتـــمـــەوە، ئـەو کـــاتیش هـەر لە زانـکـۆدا بووین، تێــرمـی دووی دەروونناسیـمـان دەخـوێند، سـەرەتای ئەویندارییـەکـەمـان بوو، چەن عـاشـقی یەک بووین، خوا دەیزانێت.

بۆ هـەمـوو شوێنێک پێکەوە دەڕۆیشـتین، لە کاتی نانخـواردنیشـدا، پێکەوە لە تەنیـشـتـی یـەکدا بووین، لە هۆڵی نانخـواردنەکـەی زانکۆدا دادەنیـشـتین و پێکەوە لەگـەڵ هاوڕێیـانـدا قـسـەوباسـمـان دەکـرد، سـەبـارەت بەهـەمـوو ڕووداوەکـانی ئـەو ڕۆژانەی شـار و بەتایبـەت زانکۆ، دەدواین و بیـروڕای خـۆمـانمان سـەبارەت بەمـۆسـیـقـا و کـۆڕی کـتـێب خـوێندن، پێکهـێنانی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکە و، دروستکردنی کتێبخـانەی کوردی لە زانکۆدا و زۆر شـتی تر دەدواین، چەند خـۆش بوو، لە هـەمـوو کۆبوونەوەیەکـدا، ئیسێ وەکو گـەورەی کۆڕەکە، کۆڕی دەگێڕا و هـەمـوومـان ڕوومـان لە ڕووخـسـارە جوانەکەی و گوێمان لە قسە خۆشـەکانی شل دەکرد، چونکە باش دەمانزانی هـەموو وەڵامێک لای ئیسێیە و زانیارییەکانی ئەو سـەبارەت بەهـەموو شتێک، پتر لە هـەمووانە.

من چەند، بەوە شانازیم دەکرد کە کەسوکاری ئیسێم و پێکەوە لە ماڵێکدا دەژین و هـەمــوو هاتوچۆیـەکـمـان پێکەوە بوو بەڵام لەو بـەینەدا، من و ئیـسـێ بەردەوام قسـەی تایبـەتی خـۆمـان هـەبوو کـە تەنیـا دوو بەدوو بیکەین و کـەسـی تێدا شـەریک نەکـەین. بۆ وێنـە لە نێوان گفـتوگۆکـانی کـۆڕدا، لە پڕ دەمم بە گوێیە جوانەکەیەوە دەنووسـاند و دەم چپاند "ئیسێ گیـان تەنیا سنە، باشـە؟ ناڕۆینە هیچ شارێکی تر، تەنیا لە زانکۆی سنەدا دەخوێنینەوە، باش؟"

ئیسێ بەمیـهرەبانییـەوە، بێ ئەوەی لێم تـووڕە ببێ دەیگوت "باشـە، باشـە دڵەکەم"

پێشـتریش هـەردووکمـان بڕیارمان دابوو لە سنەدا بخوێنین، مـەبەستم ئەو

کاتانەیە کە هێشتا برا و خوشک بووین.

بەختەوەرانەیش هەر لە سنەدا قبوڵیش کراین، ئیسێ بەردەوام پێ دەکەنی و دەیگوت "گوڵێ گیان دەبێ ببینە دوکتۆری دەروونناس و لەپێشدا، نەخۆشییە دەروونییەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و پاشان دەرمان بۆ ئەو خەڵکە هەژارە بنوێنین، ئێمە خۆمان هەڵقوولاوی ژیانێکی نەخۆشین، با بەر لە هەموو کەس دەردی خۆمان چارە بکەین."

***

ئیسێ ئەو کتێبەی دا بەدەستمەوە و گوتی "پێویستە بیخوێنیت، لە باری دەروونناسییەوە زۆر بەهێزە."

دەستم کرد بەخوێندن، بێ ئەوەی باسی لێیەوە بکەم یان لەبارەیەوە تەنانەت لەگەڵ ئیسێیشدا بدوێم، دەمخوێند، ئێمە و هاوڕێیەکانیشمان، هەموو کاتێک کە کتێبێکی سەرنج ڕاکێشمان دەستدەکەوت، بەنۆرە دەمانخوێندەوە و لەبارەی کەسایەتیی کەسەکان و ڕووداوەکان و باری دەروونناسیی کتێبەکەوە پێکەوە دەدواین، بەڵام ئەمجارە من وام نەکرد، نازانم بۆ، هەستێکی تایبەتم لا دروست بوو بەرانبەر بەو کتێبە. هەموو شتێکم لە دڵ و دەروونی خۆمدا شاردەوە و لە پەسا دەمخوێند و تا دەهات لە زەریای ئەو چیرۆکە شوومەدا نوقم دەبووم، کەس نازانێت چ لێکچوونێکم لە نێوان پاڵەوانەکان و ڕووداوەکانی ئەو چیرۆکە شوومەدا و ژیانی خۆم و دەوروبەرییەکانی خۆمەوە هەست پی دەکرد کە بەردەوام خۆم بە پاڵەوانەکانی ئەو چیرۆکە شوومەدا دەبینییەوە، کە چاوم لێک دەنا هەموویان دەهاتن و گەمارۆمیان دەدا، تەنانەت سێبەری مارە سپی و ڕەشەکەی ژێرخانیش بەهەموو تووڵە مارەکانیانەوە لە خەونەکانمدا هەبوونیان بوو، ئاخ خ خ، ئەگەر لە چەشنی پێشتر، لەبارەی هەستی خۆمەوە بەرانبەر بە دنیای ئەو چیرۆکە شوومەدا لەگەڵ هاوڕێیانم یان تەنانەت ئیسێیش قسەم

بکردایێ، لەوانە بوو وام بەسەردا نەدەهات، کە نەتوانم خەیاڵ و خەونەکانم لە ڕاستییەکانی دنیای واقیعدا لێک بکەمەوە، لەوانە بوو کە لە ئاکامدا کارم نەدەکێشرایە ئەم ژووره سپی و ساردەوە، ئەو چیرۆکە شوومە وای لە من کرد یان ژیانی واقیعیی خۆم؟ نازانم.

دڵ ١

پیاوێک لە جیاتیی دەقەیەک حەفتا و دوو جار، سەد و چل و چوار جار دڵی لێ دەدات.

لێــدانی ئەو دڵە وای لێ کــردووە، ناتوانێ هیچ بخــوات، نە ئاوی بۆ دەخورێتەوە و نە نان لە قورگی دەچێتە خوارێ. کە دەخەوێت سەعاتێک بیست جار لە خەو ڕادەچەڵەکێت. کە هەنگاو هەڵدەگرێت، هەناسە لێدانی لێ دەبێتــە بەرزکردنی چیای ئاگرینەوە. تەنانەت لە کاتی گوێگرتن لە مۆسیقایەکی جوانیش، ئەو دڵە لە لێدانە خێراکەی دەست هەڵناگرێت. ئەو هەست دەکات کە مۆسیقا جوانەکە، لە تاو زرم و کوتی دڵی ئەم بەرەو سازەکە هەڵدەگەڕێتەوە.

لە ڕاستیدا ژیانێکی زۆر ئاستەمی هەیە ئەم کابرایە. سەیر لەوەدایە کە دەوا و دەرمان هیچ قازانجێکی تێدا نییە و ئەو کابرایە لە ئەو بارودۆخە ناکۆکە ڕزگار نابێت.

دڵ دەستــەڵاتی هەمــوو شتێکی لە ئەو سەندووەتەوە، هەڵبەت خودی کابرایش لە ئەمە تێ گەیشتووە کە ئەم بارودۆخەی ئەو ئاسایی نییە و نهێنییەک لە کاردایە.

ئەو چاکی لێ دەزانێت گرێ کۆنی ئەم گرفتە لە کامە شوێندایە و بۆ وای بەسەر داهاتووە، بەڵام خۆی لێ گێل دەکات و نایخاتە خۆی و لە ڕاستیدا لە کــاروباری ئەو دڵەی خــۆی ســەری ســووڕ مــاوە و ناتوانێ لەگــەڵ ئەم

حەقیقەتەدا خۆی بگونجێنێت کە چون دەبێت دڵی مرۆڤ بەم جۆرە لەگەڵ خاوەنەکەیدا هەڵسوکەوت بکات و تەنانەت ویستی خواردن و خەوتنیشی لێ بسێنێ.

ئێستا کابرا لە ژوورێکدا ڕاکشاوە و هەوڵ دەدات تۆزێ بحەوێتەوە. ئێرە ژووری تایبەت بە ئەو نییە. لەبەر هەندێ شت، ژیانی ئاڵۆز بووە و ئەم لە ماڵ و بەگشتی لە شار ڕاو نراوە، بۆیە ئێرە بەژووری خۆی نازانێت و ناوی لێ ناوە ژووری نەهامەتی..

کابرا هەوڵ دەدات تۆزێ بخەوێت، چەند بە تامەزرۆی یەک سەعات خەوە، یان خواردنی قاشێکی شووتی لە کاتی سەیرکردنی کابرایەک کە لە پەسا لە کارەکەی دادەکەوێت، هەر دادەکەوێت و لە قاقای پێکەنینێکی بەرز و شیرین، یان گوێگرتن لە دەنگی کچێکی ناسک و جوان، بێ ئەوە دڵی ئاڵۆز بێت و هەست بە خنکان بکات، بەڵام ئەم دڵەی ئەو واز ناهێنێت. دەکەوێتە گێژاوی ئەو خەیاڵانە و لە ڕادەبەدەر خەم دای دەگرێت و دڵی بۆ خۆی دەسووتێت.

لە پڕ هەست دەکات لێدانی دڵ دووقات دەبێتەوە. هەستی خنکان و هەراوهۆرا و ئاڵۆزییە دەروونییەکەی، لە ڕادەبەدەر دەبێت و تەنانەت ناتوانێت هاواریش بکات. ئاخ خ خ خ چەند بەتامەزرۆی ژیانە نەگبەتییەکەی پێشوویەتی کە ناوی لێ نابوو ژیانی ئاڵۆز. لەم کاتەدا تەنانەت ویستی هاواریشی لێی وەردەگیردرێت.

لە ناکاو هەستێکی نامۆ دەروونی دەتەنێت، هەست بەهەبوونی کەسێک دەکات، پێی وایە کەسێکی نەگریس لەوێدایە، بەڵام ئەو دڵە، ئاخ خ خ لە ئەو دڵە، وای لێ کردووە کە ئەگەر لە ئاسمانیشەوە، بەرد، داببارێتە سەر سەریدا، ناتوانێت جووڵە بکات و بیر لە هیچ شتێک بکات، نا، وا نابێت، هەست دەکات دڵ لەگەڵ ئەمدا دوژمنایەتی دەکات، با، وایە دوژمنیەتی.

ئەو بۆ مـاوەی چاوتـرووکـانێک دەکـەوێتـە گـێـژاوی هەسـتی دوژمنایـەتیی خـۆی و دڵی، دەکـەوێتـە بـازنەی خـوتە و بۆڵەی دەروونیـەوە و قـەت لەوە تێ ناگات چۆناوچۆن دڵی لە سینگی دەردێت و ئەو ڕزگار دەبێت.

کابرا بـەترسـەوە سـەیری سـینگە ئاوەڵاکـەی دەکات و بڕوای بـەو کـارەساتە نییە، بە وەحشـەتێکی لە ڕادەبەدەر لـە دڵی دەگەڕێت، دڵ نییـە، تەنیـا هـەست بە هـەبوونی تـارمـاییـیـەک دەکـات کـە نەرم، لە کـەلێنـی دەرگـەی ژووری نەهامەتییەوە خۆی دەخزێنێتە دەرەوە.

بۆ چەندین خـولەک کـابرای کـارەسـات لـێ دراو، مت و بێـدەنگ، لـە هیچ، ڕادەمـێنێت، پاشـان هەست بە ئاسـوودەیی دەکات، هەست دەکات شـتێکی ناخـۆش و نامۆیـان لێی کردووەتەوە، سـووک دەبێـتەوە، ئـەهوەن و لەسـەرخـۆ، هەڵدەسـتـێت و بـێ هیچ ئـاسـەوارێک لە ترسـە لە ڕادەبـەدەرەکـەی چـەند خولەکی پێش، خـۆی لە ژووری نەهامـەتی ڕزگـار دەکات و بەرەو شـوێنێکی دیاریکراو دەڕوات.

یەکـەم شـتـێک کـە بیـری لـێ دەکـاتەوە، خـەیاڵی سـێکسـێکی لەزەتگەیێنە لەگـەڵ ئافـرەتێکدا. بۆ یـەکـەمین سـێکسی پاش ئـەو ئاسـوودەییـە، "ئەو" بەباشـتـر دەزانێت، بەڵام لە بیـرەوەرییـە تاڵەکەی سـەبارەت بـە "دەرکـردنی لە مـاڵ بەدەسـتی ئەو" سـینگی پڕ دەبێت لە ڕق و قـین. دەسـتێک بۆ ناوگـەڵی دەبات و ئەو دەستەکەشی دەخاتە سەر سینگی و خێراتر دەڕوات.

## دڵ ٢

ئەم جێژوانە دەمێکە چۆڵ بووە. کەس ئیدی بیر لەم جۆرە شـوێنانە ناکاتەوە بۆ ژوانگەی خـۆی و دڵدارەکەی بەڵام هـەمـوو ڕۆژێک پیـرێژنێک بەدوو پەلکەی سپی و درێژ، لە کـاتی تاریکاندا، لە یەکـەمین کـاتەکانی پاش خـۆر ئاوا، بۆ ســەعــاتێک دێتــە ئەم شــەقــامــەوە. لەژێر لق و پۆپـی ئەم دارە ســووتاوە

ڕادەوەستێت و سەیری ئەوسەری شەقام دەکات.

سەیرە... سەرەڕای ئەوە کە ئەم ئافرەتە زۆر بەتەمەن دیارە، بەڵام دەموچاوی لە چەشنی ئافرەتێکی سی ساڵانە و خاوەن جوانییەکی بێ هاوتایە.

ئەو هەموو ڕۆژێک بە پەلە دێت و تا ئاخرین سات لە درێژەی ئەو یەک سەعاتەدا، بەحەزەوە لە ئەوسەری شەقام ڕادەمێنێت، بەڵام هیچ شتێک ڕوو نادات، بێدەنگی بێدەنگە ئەو شوێنە، کە کاتی ڕۆیشتن دەگاتەوە، لە پڕ، لە ئەوسەری شەقامەوە، قیژەقیژی ئافرەتێک بەرز دەبێتەوە، ئافرەت سەر و پێ پەتی و پرچ ئاڵۆز و جلوبەرگ دادڕاو، خۆی دەخاتە نێوان شەقامەوە، پیاوێکی باڵابەرز لە کاتێکدا چەقۆیەکی زلی بەدەستەوەیە، لە دووی ژندا دەردەکەوێت. ژنە زۆر لە پیرێژنی سەیرکەر دەکات، تەنیا جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە کە پرچەکانی ژنە ڕەشن و هی پیرێژنی سەیرکەر، سپین.

کابرا لە دووی ژنەدا ڕاناکات، لەسەرخۆ و لە حاڵێکدا دەستەی چەقۆکە لە نێوان لەپیدا دەگوشێت، هەنگاو هەڵدەگرێت و لە ژنی ئاڵۆز، ڕاماوە، کابرا چەند هەنگاوێکی ماوە کە بگاتە ژن، تاکسییەک لە دوورەوە دەگات. ژن لە ناخەوە دەقیژێنێت، شۆفێری تاکسی ڕادەوەستێت و ژنە خۆی تور دەداتە نێوان تاکسی و شۆفێر لێی دەخوڕێت، پیاو دەنەڕێنێت، تاکسی بۆ یەک چرکە دەوەستێتەوە بەڵام قیژەی ژن گوێ ئاسمان کەڕ دەکات و شۆفێر لێی دەخوڕێتەوە و کابرا لە نێوان شەقامدا بە تەنێ دەمێنێتەوە.

هەموو ئێوارەیەک پیرێژنی گەنج و جوان، دەبێتە سەیرکەری ئەم شانۆیە و سەیر لەوەدایە کە تەنیا سەیرکەری ئەم شانۆیە، خودی پیرێژنە، تەنانەت بۆ یەک جاریش کەسێک لەو کاتەدا، لەوێ تێ نەپەڕیوە و سەری پیرێژنیش هیچ کات لەوە سوور نامێنێت کە بۆچی خۆی تەنیا تەماشاچیی ئەم شانۆیەیە.

پاش ڕوودانی ئەم کارەساتە بازنەییە، پیرێژن خێرا خۆی کۆ دەکاتەوە و لەوێ دەڕوات.

دڵ ٣

دەنگی پرمەپرمی گریانی کەسێک دێتە گوێماندا. دەڵێم: دەبێ کێ بێت کە ئاوا بەخەمەوە دەگریت؟

تۆ، ئاوڕم لێ دەدەیتەوە: چووزانم کێیە، دەنگی... سەیرە، چووزانم.

سەیرت دەکەم: واتە تۆ دەنگی گریانی پیاو ناناسیت؟ هاااا؟ پیاو؟

– کوڕەلاوە، پیاو، کەی دەگریت، پیاو ناوچاونی گرژە، تووڕەیە، لێمان دەدات، ئەوە کەی پیاوە؟

– نە حەیاتم ئەوە پیاوێکە کە دەگریت.

پێکەوە بەرەو تارماییەکە دەڕۆین.

– هۆی.. ئەتۆ کێیت؟ لێرە چ دەکەیت؟

وەڵامێکی نییە.

– دەبڵێ... دەردت چییە؟

لێی نێزیک دەبینەوە.

– هۆی....

تۆ ترساوی.

– ئای لەم ترسەی تۆ، بۆگەنی ئەم ترسە ئاخرەکەی خۆت و منیش دەکوژێت.

– بۆگەن؟ مەگەر ترس بۆگەنی هەیە؟

دەنگی گریانەکەمان لێ دەگۆڕدرێت و هەست دەکەین خەریکە لێمان ون دەبێت.

تۆ دەڵێیت: با، گریانە، بەڵام جۆرێکی لێ هاتووە.

تارماییەکەشمان لێ ون بووە.

– کەی ڕۆیشتی تارمایی؟.... ئەمە بۆ وای لێ هات؟.

دەنگی گریانێکی سەیرمان دێتە گوێدا بەڵام کەس لێرەدا نییە تا بزانین دەردی چییە، تۆ دیسان لە ڕادەبەدەر دەترسیت.

– ترسنۆک...

دەقیژێنیت.

– چی لێ هات، چی بوو، دەترسم، وای....

دەمێکە هەموو شتێک ون دەبێت، نازانم بۆ شتە ونبووەکانی ئەم وڵاتە لە ماڵی مندا دەدۆزرێنەوە. ئەم ئێوارەیە تۆشم لێ ون بوویت و ئێستاکە گەڕاومەتەوە بۆ ماڵ، هەرکە کلیل دەخەمە قفڵی دەرگەی حەوشەوە، دەنگی پرمەپرمی گریانەکەی ئێوارەم دێتە گوێدا..... با، ئەمیش لێرەیە و دیارە خۆی گەیاندووەتە ماڵی من...، ماڵی من؟ ناااا ماڵ نا، باشترە بڵێم شوێنی من. ماڵ شوێنێکی تایبەتە بەڵام لێرە هەموو شتێک هەیە کە تایبەت بە من نین.

ئێستا من لەم شوێنگەیە پارێزەری زۆر شتم، یان باشترە بڵێم زۆر کەس، بەڵام هێشتا نازانم ئەم گریانە بێ خاوەنە چۆن خۆی گەیاندووەتە ماڵی من، دەبێ لە ئەمیش تێ بگەم، گریان، ئای ی ی. بە ئەسپایی دەڕۆمە ژوورەوە.

بڕوا ناکەم، شتی وا چۆن دەبێت؟ ئەمە خۆتی؟ لێرە چ دەکەی حەیاتم؟ خۆ من تاوێک نییە تۆم بەجێ هێشتووە، ترسا بوویت لە دەنگی ئەو گریانە ترسا بوویت و لە پڕ لێم ون بوویت، هەی هووووووو، ئاخر چۆن شتی وا دەبێت؟ واتە ئەو تارماییە خۆت بوویت کە دەگریا؟ دەی چۆن دەبێت؟ مەگەر تۆ لەگەڵ مندا نەبوویت؟چۆن نەچوومە سەری... ئەو دەنگە نێرە، ئەو گریانە

پیـاوانـەیە، دەنگە نێـرەکـەی خـۆت بوو؟ هاااا، چۆن نەمـزانی، ئەهاااا، لەوانەیە مـەبـەسـتت ئەوەیە کە بڵێ ئەو گریانەی تۆ هی کاتێکی تر بووە؟ تۆ لەوێدا خەزنت کردبوو؟ تا من ببەیتـە سەری؟ بەم شێوازە دەتویست بڵێی تۆ خاوەن خەمێکی مـەزن و کۆنی؟ هاااا؟ وای ی ی ی؟ بەسـیـە، بەسیـە ئیدی گریان بەسە، تۆش... ئێستا، با، هەی داد و بێداد، خەریکە هەمـوو شتێکم لێی تێکەڵ پێکەڵ دەبێت، هەر ئەو نەبێت کە هێدی هێدی خـەریکم لە تۆ تێ دەگەم، با حەیاتم، وا دیارە تۆ قسـەی زۆرت پێ بووە و من نەمزانیوە، باشـە من لە تۆش گوێ دەگرم، بڵێ، بڵێ باسی خۆتم بۆ بکە....

دڵ ٤

ڕ– داواتان لێ دەکەم لەم شـەوە زیوینەدا، پێکەوە پیاسـەیەک بکەین، بەڵکو پەیڤێکی خۆشمان هەبێت.

ژ– پەیڤ واتە چی؟

ڕ– پەیڤ واتە قسەکردنی چەند کەس پێکەوە.

پ– ئاخۆ هەموو پەیڤەکان لە شەوێکی زیویندا ڕوو دەدەن؟

ڕ: نا، وا نییە لەوانەیە پەیڤین لە شەودا بێت یان ڕۆژ، شەوێکی زیوین بێت یان شـەوەزەنگ بێت، یان ڕۆژێکی هەتاوی و لـەوانەیە ئەو پەیڤـە لە ڕۆژێکی تەماویشدا ڕوو بدات، باشە ئەم پرسیارانە بۆ چییە؟

ژ– بۆ ئەوەیە کـە من زۆر ترسنۆکم، کـە پرسـیـار دەکـەم ترسـەکەم لـە بیـر دەچێتەوە.

ڕ– کـەوایە منیش هەوڵ دەدەم ئـەو ترسـەی تـۆ لە بیـرت ببـەمـەوە، کـەوایە پرسیارێکت لێ دەکەم، ئامادەی حەیاتم؟

ژ– ئەی چۆن حەزم لێیە، پرسیارم لێ بکەی.

ڕ– باشـە گیـانەکەم ئەو دەنگەی تۆ بۆ وا نێرە؟ تۆ ئافرەتێکی بەم جـوانییە،

بۆ وا دەنگت نێرە، سەیر، سەیر چۆن دەگریت، یان باشترە بڵێم دەگریای، باش بوو گریانەکەمان لە ماڵدا بەجێ هێشت وا نییە؟

ژ- با وایە چاکمان کرد بەجێمان هێشت بەڵام هێشتا هەر ترسەکەم لەگەڵدایە.

ڕ- باشترە باسی لێوە نەکەیت، ئەی خەریک نین بەمجۆرە ئەو ترسە لە تۆ دوور دەخەینەوە؟ ئەی خۆت نەتگوت بە پرسیارکردن لەوانەیە هەر نەمێنێ ئەو ترسە نەگبەتە؟

ژ- با وایە دەی پرسیارم لێ بکە.

ڕ- کەوایە وەڵام بدەرەوە، پرسیارەکەم ئەمەیە، ئەو دەنگەی تۆ بۆ وا نێرە؟

ژ- ئەو کاتە ملی منی بڕی، برینێکی قووڵ کەوتە قوڕگمەوە کە هیچ کات خۆشەوە نەبوو، ئەو برینە لەسەر دەنگیشم کاری کرد و دەنگم نێر هەڵگەڕا.

ڕ- ئەهاااااا، دەی باشە دووەمین پرسیار، ئەتۆۆۆۆ، دەزانی ئەمشەو لە کاتی پیاسەکردنماندا بەرەو کوێ دەڕۆین؟

ژ- با دەزانم بەرەو شەقامەکە.

ڕ- باشششششە، کەوایە دەزانی لەوێ کێ لە چاوەڕوانیماندایە، دەزانی؟

ژ- با، "ئەو"

ڕ- زۆۆۆر باشە، تۆۆۆۆۆۆۆ دەزانی ئەو کێیە؟ ها؟ دەزانی؟

ژ- نا، هێشتاکە بۆم ناچێتە سەریەک ئەو کێیە، لەوانەیە بیناسم بەڵام بۆم ناچێتە سەریەک ئەو کێیە.

ڕ- باشە حەیاتم باشە جارێ پێویست ناکات بزانی،،،، .... ئێستا نۆرەی تۆیە، تۆش دەترسیت؟ نەک تۆش وەکو ئەمت لێ هاتووە؟ ها؟ ترساوی؟

پ- نا من وا نیم کە لێم دەپرسن ترس دام دەگرێت، بێدەنگیم زۆرتر پێ خۆشە.

ڕ– نا، بێـدەنگیش بـاش نیـیـە، بەتـایبـەت بۆ پیـاوێکی گـەنجـی وەکـو تۆ، شـەرت ترس یان نـەترسـین نییـە، شـەرت ئەوەیـە کـە لە کـاتـی پیاسـەکـەمـاندا پێکەوە بدوێین، وا باشتر نییە؟

پ– با وا باشـترە، بەڵام دەمێکە نەهاتووینەتە پیاسـەی شـەوانە، زۆرم پێ خۆش نییە ئەم بێدەنگییە بشکێنم.

ڕ– نا، دەبێ ئـەم بێـدەنگیـیـەت بشکێنی، بڕیار دەدەم تـۆش ئەمـشـەو ئەم بێدەنگییـە دەشکێنیت، کـەوایە لە تۆش پرسـیـار دەکـەم، هاا!؟ پێت خـۆشـە؟
پ– : پێم خۆش نییە، بەڵام چارم نییە، دەی پرسیارم لێ بکە بەڵام زۆرم لێی شۆڕ مەبەرەوە.

ڕ– یەکەمین پرسیار، تۆ چیت؟ یان باشترە بڵێم تۆ کێیت؟ لێرە چ دەکەی؟ بۆ بەباشی دیار نیت؟

پ– ئۆ ۆ ۆ ۆ، ئەمـە کـە چەندین پرسـیـارت لە من پرسی، مـن دەڵێم زۆرم لێی مەپرسە، کەچی تۆ پێکەوە لێم دەپرسی.

ڕ– بڵێ، دەی بڵێ کات نەماوە، درەنگە.

پ– من، لە راسـتیدا نازانم بۆ وا دیارم، بـڕوا بکەن بەڕاسـتـمـە، خـۆمیش لەوە تێ ناگـەم، تەنیـا ئەوە دەزانم تۆزێک لـە... لە.... نا، نا، لە راسـتـیـدا من خـۆم نـاناسـمــەوە، هـەر ئەوە نەبێت کـە من سـەردەمـانێک عـاشق بـوومـە، ئەوینێکی مەزن هاتووەتە ژیانمەوە، من قوربانی ئەوین و ئەویندارییمە.

ڕ– باشە، کەوایە، پرسیارێکی تر، بۆ خوێنین و زامدار دیاری؟

پ– من، لە راسـتیدا نازانم بۆ وا دیارم، بـڕوا بکەن بەڕاسـتـمـە، خـۆمیش لەوە تێ ناگەم....

تەنیـا بووین، دەممان لەنێو دەمی یەکتردا بوو، هەسـتمـان نە بە کـات دەکرد نە بە هـیچ شـتـێکی تر، ئۆفـفـفـفـفف چ سـێکسـێکی لەزەتـبـەخـشـمـان تاقی

دەکــردەوە، پێم وایە هەردووکــمــان یەکــەمین ئەزمــوونمان بوو، تازە تێ گەیشتبووین سێکس چییە، لە ناکاو "ئەو" هات، هاتە سەر سەرمان، وەکو چۆلەکە لە ئامێزی یەکتردا دەلەرزیاین، "ئەو" چەقۆیەکی پێ بوو، ئای لەو چەقۆیە... ئای ی ی لەو دەست و قۆڵە کە ئەو چەقۆیەی ڕاوەشاند، ئاخ خ خ خ خ، لە چاوترووکانێکدا ملی ئەوی قرتاند و دڵی منی لە سینگم دەرهێنا و ئاگرێکی کردەوە، مەزن، سەیرمان دەکرد، دەست لە نێوان دەستی یەک، سەیری تیشکەکانی قین و ڕقی ئەومان دەکرد کە لە شەماڵەی ئاگرەکە بەرزتر بڵێسەی دەساند، دڵی من لە نێوان لەپی ئەودا بوو و خۆم لە تەنیشتیدا، دڵی منی پەل پەل کرد و لە شیشی دا و لەسەر ئەو ئاگرە، کەبابی کرد و خواردی، هەرکە خواردی دڵی هاتە هەژان و لێدانێکی نائاسایی، تا ئەو ڕادەیە کە لە پڕ هاواری لێ بەرزەوە بوو، من خوڵپانی خوێن بووم و دڵی من لەژێر ددانەکانی، خەریکی نەخۆش خستنی دڵی ئەو بوو، کەبابی دڵی منی خوارد و تووشی نەخۆشیی دڵ هات و ژیانی لێ تاڵ بوو.

ڕ– سێیەمین پرسیار، کەوایە لە واقیعدا دڵی ئەو هی تۆیە، وا نییە؟

پ– با، بەڵام ئیدی بەکەڵکم نایە، دڵم بۆ چییە، ئەم ژیانەم پێ خۆشترە.

ڕ– نا، نا، حەیاتم تۆ... تۆ..... گەیشتین، ئیدی درێژە بە قسەکانم نادەم و دەیبڕمەوە، ئەوەتا گەیشتین... گەیشتین... بێدەنگ... بێدەنگ بن، گەیشتین.

***

دەمەوئێوارە کاکەم گەڕایەوە بۆ ماڵ، من و ئیسێ ئەوەندەمان هاوار کردبوو کە دەتگوت قوڕگمان خوێنی لێ دەتکا، کاکەم بە ئاڵۆزییەوە دەرگەی ژێرخانی بەڕووماندا کردەوە و لە ئامێزمانی کرد و نوقمی ماچمانی کرد، ئێمە دەگریان و باوەشمان بە کاکەمدا کردبوو، وا قیژوواژێکمان بەڕێ خستبوو کە ئاگامان لێ نەبوو کە کاکەمیش خەریکە دەگری. من بەدەم گریانەوە گوتم "کاکە زۆرم برسییە"

ئیسێ درێژەی بە ئاه و ناڵەکانی من دا و گوتی "کاکە زۆرم سەرمایە... دایەم وا لە کوێ؟"

منیش گوتم "دایەم لە کوێیە، کوانێ دایەم"

کاکەم بێدەنگ و ئارام دەگریا و هەردووکمانی بەخۆوە نوساندبوو، پاش چەند دەقەیێ بۆم دەرکەوت کە کاکەم دەگریا، بە حەپەساوییەوە سەرمان بەرەو ڕووخسارە جوانەکەی کاکەم بەرز کردەوە، ئیسێ گوتی"کاکە، بۆ دەگری؟"

چنگم کردە کراسەکەی کاکەمەوە و بەترسەوە گوتم "کاکە، کاکە گیان، کاکە"

کاکەم هیچی نەگوت، دەگریا و بەدەم گریانەوە ئێمەی لە ژێرخان بردە دەرەوە، چووینە ژووری خانم خوانێکی خۆشی ئامادە کردبوو، بۆنی کەباب ژووری ئاخنی بوو، بەڵام من و ئیسێ ئاوریشمان لەو خوانە خۆشە نەدایەوە، هەموو جەستەمان هاتبووە هەژان، جارێ بۆ کاکەم و جارێ بۆ خانمان دەڕوانی.

خانم کراسێکی کورتی ڕەشی لەبەردا بوو، گۆرەوییە جوانە ڕەش و ناسکەکانی لە پێ کردبوو، بەڵام چارشێوە ڕەشە ناسکەکەی خستبووە سەر سەری و بەکلینێکسێکی پەمەییەوە، هەندێ جار لووتە کوڵ و جوانەکەی بێدەنگ دەسڕی، چاوەکانی تۆزێک سوور هەڵگەڕابوون، بەرەو ژوورەکەی خۆمان ڕام کرد، وێنەکەی دایەمیان لە تاقەکە دانابوو، قیژاندم "دایە... دایە گیان "

لەو ڕۆژەوە کە تێ گەیشتم دایەم مردووە و ئیدی ناگەڕێتەوە تاکو لە ئامێزمان بگرێت و نەوازشتمان بکات، جار جار چاوانم لە هیچ ڕادەمان و بۆ کاتێکی دوور و درێژ نەمدەتوانی بێمە خۆمدا، دەبوایە کەسێک بێت و قۆڵم یان شانم بگرێت و ڕام وەشێنێ و بانگم لێ بکات "گوڵێ... گوڵێ...

ئەوە چیتە کچێ.. گوڵێ ێ"

یەکەمین شەو پاش نەمانی دایکم، من و ئیسێ لە ژووری دایەمدا خەوتین، بەدەم گریان و هەنسکە هەنسکەوە خەومان لێ کەوت.

نیوەشەو بەخەبەرەوە بووم، بۆنی جگەرە ژووری تەنی بوو، کاکەم لە پاڵ دەلاقەکەوە دانیشتبوو، مژی لە جگەرە دەدا و ئاخی هەڵدەکێشا، تا ئەو کاتە نەمبینی بوو کاکەم جگەرە بخوات.

گوتم "دایە... ئاو" بیرم نەبوو دایەم نەماوە، پێش لەوە کاکەم بگاتە سەر سەرم، خانم بەکراس خەوێکی زۆر ناسک و جوان و ڕەش خۆی گەیاندە سەر سەرم و پەرداخێک ئاوی دا بە دەستمەوە، بۆ خانم ڕوانیم و لە پڕ دام لە پرمەی گریان، ئیسێیش بەخەبەر هاتەوە، کاکەم سەری ئیسێی لە ئامێز گرت و ماچی کردەوە "هیچ نییە دڵم... هیچ نییە"

خانم منی ژێرەوە کرد و لە پاڵمدا، لە حاڵێکدا سەری منی لکاندبووە سینگییەوە، ڕاکشا و زاری لکاندە گوێمەوە و زەمزەمەی کرد- "پش... پش... پش"

هێدی هێدی کاکەم بووبووە باوکمان و خانم بووبووە دایەمان، ڕووی خانم زۆر خۆش بوو لەگەڵ کاکەمدا، پێکەوە لە ژوورێکدا دەخەوتن، بەڵام وەکو جاری جاران ساردوسڕ بۆ من و ئیسێی دەڕوانی. هەڵبەت تا ماوەیەک لێمانی نەدەدا.

خانم لە بازاڕی والی، نێزیکە و شەقامی سیرووس، دوکانێکی گەورەی سەوزەفرۆشیی بۆ کاکەم کڕی و هێدی هێدی ناوچاونی کاکەم کرایەوە و هەندێ جاریش بەرز پێ دەکەنی و لەگەڵ ئێمەشدا ڕووی گەش و خۆش بوو، تەنانەت ڕۆژێکیان من و ئیسێی لەگەڵ خۆدا بردە دوکان و گوتی "هەموو شوێنێک بشۆن و خاوێنی بکەنەوە"

من و ئیسێیش بەشەوق و زەوقەوە دەست بەکار بووین و هەموو

شوێنێکمان شۆرد و خاوێن کردەوە، ئیشمان کە تەواو بوو کاکەم نەفەرێک دووسەد تمەنی پێمان دا و گوتی "برۆن ساندویچ و کۆکا بخۆن، شەویش دەتانبەم بۆ سینەما بەهمەن"

ئیسێ گوتی "کاکە پێنجسەدمان بدەرێ خوا خێرت بداتێ"

هەموومان بەدەنگێکی بەرز پێ کەنین و کاکەم لە گیرفانیدا سەدیەکی تری دەرهێنا و دای بەدەستی من و گوتی "فەرموون قوربان"

***

خانم کە تێ گەیشت ئافرەتەکان واز لە کاکەم ناهێنن و جوانییەکەی کاکەم بەناوبانگ بووە و کاکەمیش هەندێ جار درەنگان دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، شەڕ و ئاژاوەی خستە ماڵەکەمانەوە، بەردەوام دەمەقرەیان بوو، لەو کاتانەدا من و ئیسێ پەنامان دەبردە ژووری دایەمەوە و دەرگەمان لە ڕووی خۆماندا هەڵدەپێکا و وانەکانمان دەخوێند و هەوڵمان دەدا گوێی خۆمان لەو قیڕ و واڕە بنینەوە.

ماڵمان، یان باشترە بڵێم ماڵی خانم لە گەڕەکی قەتارچییاندا بوو، لە نێزیک ماڵی ئایەتوڵڵا، زۆربەی ڕۆژان هەرکە کاکەم لە ماڵ دەردەچوو، خانم خێرا خۆی کۆ دەکردەوە و چارشێوێکی چیتی شینی بەسەردا دەدا و دەکەوتە شوێنی کاکەم و نێزیکە و نیوەڕوان پێکەوە، بەحەشر و حەلەلاوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵ، هەندێ جار کاکەم دەستی لە خانم بەرز دەکردەوە، بەڵام لێی نەدەدا.

لە سەرەتادا، دەچوونە ژوورێ و دەرگەیان لە ڕووی خۆدا، دادەخست و دەمەقرەیان دەستی پێ دەکرد، بەڵام پاش چەند جار، ئیدی بایەخیان بەمن و ئیسێ نەدەدا و هەرکە دەگەیشتنە حەوشەوە، بارانی جنێو و خراپەیان بەسەر یەکتردا دەباراند.

خانم دەیقیژاند "مەگەر چ تاوانێکم هەیە تۆم خۆش ویستووە؟ ها؟ باش

بوو پاش دایەت شڕ و پڕەکانتانم بخستایەتە کۆڵانەوە و دەرتانم بکردایە؟ وا باش بوو؟ ئەرێ؟ هەی دەستم بشکێت هەی"

کاکەم دەیگوت "ئەمنیش تۆم خۆش ویستووە، بریا نەمویستایە، تۆ خۆت بەم هەمـوو جوانییـەوە بۆ ئیرەیی دەبەیتـە ئەو ئافـرەتە ناشیـرینانە کـە بۆ کڕینی نیو کیلۆ سەوزە دێنە دوکانەوە، ئەی بچنە کوێ سەوزە بکڕن، نەکات پێت وایە دەبێ بچنە چافرۆشییەکەی حاجی بەهاوە بۆ کڕینی سەوزە؟"

خـانم بەرزتر دەیقیـژاند "ئەوانـە سـەوزەسـێنن؟ ئەرێ؟ یان گـاندەرن و بۆ گاندان دێنە دوکانەکەتەوە؟ ها؟"

زۆربەی ڕۆژان بـەسکی برسـییـەوە دەرۆیشـتینـەوە بۆ قـوتابخـانـە، یان هاوسێکان کە دەچووینە کۆڵانەوە، بانگیان لێمان دەکرد و قاپێکی چێشتیان دەداینێ و زگـمانیـان تێر دەکرد. ئیدی کاکـەم و خـانم بایەخـیان بەئێـمـە نەدەدا، من و ئیسێ تەنیا یەکمـان بـوو، بێکەس و تەنیـا لەم دنیـایەدا بەجێ مابووینەوە.

ساڵ بەدوای سـاڵ کاکەم شێوازی ژیانی دەگۆڕدرا. خانم وای لێ کرد کە جگە لە خـۆی و داخـوازەکانی خـۆی کـەسی بەتووڕ حسـێب نەدەکرد، خـانم پاش دوو سێ ساڵ دوکـانی لێی کۆ کردەوە، کاکەم بووبووە کوڕە جـوانەکەی شـار و عـارەقی دەخـواردەوە و مـەستـی دەکـرد و لە گـەڕەکـدا دەینـەڕاند و شـەڕی لە نێـوان گـەڕەکـەکـانی "قـەتارچییـان" و "فـەرەح" و "چوارباخ"ەوە دەنایەوە، زۆربەی شـەوان دنیـای دەشـێواندە یەکتـردا و چـەقۆکێشی وەڕێ دەخست و هەندێ جار، کوڕەکانی گـەڕەک یەکتـریان بریندار دەکرد، جار جار ئاژاوەی دەنایەوە. هەندێ جاریش، جحێڵـەکانی گەڕەکی دەخستە دووی خـۆی و دەچوونە بان "فـەقـەد شـا" و لەگەڵ لاوانـی "چل مەردەی شـێخـان"دا، قوماریان دەکرد، کە نیوەشەوان دەگەڕایەوە بۆ ماڵ لەگەڵ خانم دەمەقرەیان بوو تا ئەو کـاتە کە لە تەنیـشـتی باخـچەکەوە دەرشـایەوە و خـانم دەهات و

نەرمەنەرمە لەگەڵیدا دەهاتەوە قسە و نەوازشتی دەکرد و قۆڵی دەگرت و دەیبردە ژووری خۆیانەوە و من و ئیسێیش زۆربەی شەوان بەو قیرەقیرەوە خەبەر دەهاتینەوە و وەکو چۆلەکە دەلەرزیاین و دەستی یەکمان دەگرت و نێزیکە و کازیوە خەومان لێ دەکەوتەوە.

***

کەسمان نەیزانی خانم چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە کاکەمی لە دایرەی هێزە ئەمنییەکانی کوردستاندا دامەزراند.

کاکەمیش قەت تێ نەگەیشت و تەنیا ئەوەی لێ هات کە لە وەڵامی خانمدا تەنیا ئەوەی دووپات دەکردەوە و پرسیاری هیچیشی لە ئەو نەدەکرد "سەر چاو دڵەکەم، سەر چاو خانمەکەم"

کاکەم وازی لە قیڕ و واڕی نیوەشەوان و خوێڕیگەری هێنا و بووبووە پیاوی دەوڵەت، لەپێشدا هاوسێکان، بڕوایان نەدەکردە ئەو ئیش و کارە، کە کاکەم دەگەڕایەوە بۆ ماڵ بەسەرسووڕمانەوە سەیری جلوبەرگەکانیان دەکرد، بەڵام هێدی هێدی کاکەم جلوبەرگی دایرەی داکەند و لە جیاتیی ئەوانەوە بە پانتۆڵ و کراسی ڕەش و پێڵاوی وەرزشی لە پێیەوە هاتوچۆی هەموو شوێنێکی دەکرد. بێدەنگی بێدەنگ، لە چەشنی سێبەرێک خۆی دەکردە هەموو شوێنێکەوە.

باشترە بڵێم زۆرتر لە مانگێکی نەخایاند کە کاکەم، پاش ئەوە کە خانم شەوێک لەگەڵ خۆی لە ماڵ بردیە دەرەوە و درەنگان گەڕانەوە بۆ ماڵ، بەتەواوی لە هەموو بارێکەوە گۆڕدرا، وازی لە ئیش و کاری سەوزە فرۆشتن و هاوڕێیەکانی چەندین ساڵەی و سەوزەفرۆشەکانی "گریاشان" کە زۆر کاکەمیان خۆش دەویست و کاکەم پتر لەوان، هێنا.

کێ بڕوای بەوە دەکرد کە کاکەم بتوانێت واز لە دنیای هاوڕێگەرییەکانی لەگەڵ سەوزەفرۆشەکانی گریاشاندا بێنێ.

هەندێ ڕۆژ، پاش ئیش و کاریان، دەمەوئێواران، پێکەوە دەچوونە قەراخی "سەت" و تا بەیانی گۆرانییان دەچڕی و هەڵدەپەڕین و ماسییان دەگرت. هەندێکیان کە لە مەلەکردندا بەئەزموون بوون، تاکو بەیانی مەلەیان دەکرد و لە چەشنی ماسییەکان ئەمسەر و ئەوسەری سەتیان دەکرد.

بەیانی بەدوو چاوی سوور و دوو نانی داخی سەننەکی و تیانەیەک کەلەو پێ دەهاتەوە و پێکەوە نانی بەیانیمان دەخوارد و پاشان من و ئیسێ دەرۆیشتینەوە بۆ قوتابخانەکانمان و خانم و ئەو لە ماڵدا بەتەنێ دەمانەوە.

هەرچەند خانم بەردەوام حەزی دەکرد ئیسێ تەنیا هی خۆی بێت و لەلای ئەودا بژیت و واز لە هاوڕێگەریی هاوماڵان بێنێ بەتایبەت سەوزەکارەکانی گریاشان، بەڵام زۆر حەزی لەو بەیانییانەش بوو کە کاکەم بە سەر و ڕووی ئاڵۆز و جلوبەرگی قرچ و لۆچ و نان سەننەکی و تیانەی کەلەو پێی داخ لە دەست، دەگەڕایەوە بۆ ماڵ و لە کاتی خواردنی نان و کەلەو پێیدا بەردەوام چاوی بەگەڵ و قوونی خانمەوە بوو، تەنانەت حەیایشی نەدەکرد و لە پێش چاوانی من و ئیسێوە ماچی خانمیشی دەکردەوە و جوانیش دیار بوو کە خانم چەندە حەزی لەو هەڵسوکەوتەی کاکەم دەکرد و چۆن هەوڵی دەدا، زووتر ئێمە بەڕێ بکات بۆ قوتابخانەکانمان و چەند لە کاتی نانخواردندا پەلەی لێمان دەکرد و نەیدەهێشت نانەکە لە گەرووماندا بچێتە خوارێ، خێرا پێڵاوەکانمانی جووت دەکرد و دەیگوت "ها درەنگە دەی... خێرا کەن دەکەونە درەنگەوە ها..."

کە کاکەم وازی لە سەوزە فرۆشتن هێنا و بووبووە عەوداڵی شەقام و کۆڵانەکانی شار، ئیدی وازی لە هەموو ئەو سەوزەفرۆشانە هێنا و تەرکی هاوڕێگەرییانی کرد، خانم ئاکامی هێنایە هەموو شتێکی جوان و خۆش لە ژیانی کاکەمدا، کردیە بووکەشووشەی دەستی خۆی و بەهەموو بارێکدا دەیسووڕاندەوە.

کە کاکەم جلی هێزە ئەمنییەکانی لەبەر کرد، چەند جار گوێم لە قسەی هاوسـێـیـەکـانەوە بوو کـە بە تانە و تەشـەرەوە دەیانگوت "نە بەهاوینە گەرمەکەی و نە بەزستانە ساردەکەی" بەڵام خانم ئەو بارودۆخەی کاکەمی زۆر بەدڵ بوو، بزە لەسەر لێوەکانیەوە دوور نەدەکەوت، هێدی هێدی ڕەنگی چارشێوەکەی گۆڕا و کردیە چارشێوێکی تۆخی سوورمەیی.

پێشتر تەنیا لەو کاتانەدا کە لە دووی کاکەم دەکەوت تاکو بزانێت لە دوکانەکەیدا چ هەڵسوکەوتێکی بەرانبەر بە ژنان هەیە، چارشێوێکی شین و جوانی دەپۆشی بەڵام پاش ئەوە کە کاکەم جلی سوپای داکەند و بووبووە گەنجێکی ڕەشپۆش، خانمیش بۆ هەمیشە چارشێوی تۆخی دەپۆشی.

بەو بۆنەوە ئیدی هاوسێکان وازیان لە من و ئیسێیش هێنا، نەک لەبەر ئەوە کە من و ئیسێ لە دواناوەندیدا دەرسـمـان دەخـوێند و ئیدی منداڵ نەبووین بگرە بەو بۆنەوە کە دەیانگوت کاکەم و خانمیش سیخوڕی خەڵک دەکەن و نانی سیخوڕی دەدەنە من و ئیسێ.

من هیچ کـات بڕوام نەهێنایە ئەم قـسـەیە، بەڵام ئیسێ، سـەرێکی دەلەقاندەوە و دەیگوت "باشترە ئاگامان لە خۆمان بێت، حسێبی من و تۆ لەم دووانە جیاوازە"

کاکەم زۆری پارە لە گیرفانەکانیدا هەبوو، زۆریشی بە من و ئیسێ دەدا، خواردنمان بەڕێ بوو، بەڵام تووشی شپرزەیەکی تەماوی بووبووین لە باری ژیانماندا. هیچ کات پێکەوە کۆ نەدەبووینەوە، پێکەوە نانمان نەدەخوارد، پێکەوە بۆ هیچ شوێنێک نەدەڕۆیشتین و زۆربەی ڕۆژەکان چاومان بەیەک نەدەکەوت و ئەگەریش یەکمان دەبینی، قسەی زۆرمان پێی نەبوو بۆ یەک بیگێڕینەوە، چونکە دنیامان جیاواز بوو، بەڵام هەر پێکەوە، لە ماڵێکدا دەژیاین تا ئەو شەوە نەگریسە لە ڕێگەوە هات......

***

هاوین بوو، یەکەمین مانگی هاوین، خەریک بووین لە گەرمادا دەخنکاین، لە ماوەی حەوتەیەکدا کەشوهەوای شار بەتەواوی، گەرم و داخ هەڵگەڕایەوە، تاقیکردنەوەکانی ئاخری ساڵمان بەئاکام گەیاندبوو، من و ئیسێ هێشتاکە برا و خوشک بووین، بەڵام هیچ کات پشتی یەکترمان بەرانبەر بەنامیهرەبانییەکانی کاکەم و خانم بەرنەدەدا، بەردەوام بەرانبەر بەپیلانەکانی خانم، ئاگامان لەیەک بوو، نەماندەهێشت تێکمان شکێنێ.

ئیسێ دەیگوت "گوڵێ گیان خەمت نەبێت، سەردەمی منداڵیەتیمان ئاکامی پێ هاتووە، تەواو، من و تۆ ئیدی دوو مرۆڤی گەنج و خوێندەوارین و دەمانەوێت بچینە زانکۆوە، کەس ئیدی مافی ئەوەی نییە، من و تۆ ئازار بدات، ئێستا من و تۆ مەزنترین کارمان دەبێ ئەوە بێت کە تەنیا و تەنیا بیر لە کونکوور بکەینەوە، ئەزموونێکی مەزنی ژیانمان هاتووەتە ئاراوە، ئەگەر بیری و مێشکی خۆمان تێک نەدەین و تەنیا لە بازنەی کونکوورەکەماندا سووڕ بخۆینەوە، بێگومان سەر دەکەوین و ئیدی تا هەتاهەتایە لە دەستی ئەم ژیانە نەگبەتییە ڕزگارمان دەبێت، خەلاس دەبین و بەرانبەر دەبینەوە لەگەڵ دەروازە ئاوەڵا و زێڕینەکانی دنیایەکی نوێ. تکایە گوێ لە بۆڵەبۆڵەکانی ئەم ژنە سیحرکارە و هەڵسوکەوتەکانی کاکەمان مەدەرێ و تەنیا و تەنیا وانەکانمان بخوێنینەوە و هەر بخوێنین بەڵکو بتوانین لەم ڕێگەوە سەرکەوتن وەدەست بخەین"

لە وەڵامیدا، بەدوو چاوی پڕ لە ئەسرینەوە زەمزەمەم دەکرد "ئیسێ گیان چەند جوان قسە دەکەیت، بەو قسانەی تۆ ڕووناکی دەکەوێتە دڵمەوە، خۆزگە سەر دەکەوتین و ڕزگار دەبووین، ئاخۆ ئەوەمان پێ دەکرێت؟ ئاخۆ ئێمە دەتوانین بچینە زانکۆوە و لەم ژیانە نەگبەتە ڕزگار ببین؟"

ئیسێ دەیگوت "با ... خۆ نییە لە کەوڵی شێردا، بەگیانت گوڵێ گیان ئاسۆمان لە کەوڵی شێرەکە، دادەبەزێنین" بە قاقا پێ دەکەنی و دەستی

دەبرد و یەکێ لە کتێبەکانی هەڵدەگرت و دەیگوت "داهاتووی گەش و بەختەوەرانەی من و تۆ، لە تۆی ئەم کتێبانەدایە، بخوێنە با سەرکەویت"، پێ دەکەنیم و دەمگوت "بەڵام تەنیا سنە؟ باشە؟ تەنیا زانکۆی سنە هەڵدەبژێرین و بەس"

ئیسێ دەنگی هەڵدەهێنایەوە و بەشەوق و زەوقەوە دەیگوت "بژی سنە... بژی سنە"

***

کات لە دوازدەی شەویش تێپەڕی بوو، بەڵام من و ئیسێ هێشتاکە وانەکانمان دەخوێندەوە، دووبەیانی کونکوورمان بوو، دڵ لە خانووی دڵماندا نەما بوو، بەپەرۆشییەوە چاوەڕێی دووبەیانی بووین و لە پەسا دەرسمان دەخوێند، هەرچەند وشە بەوشەی کتێبەکەمان لەبەر کردبوو بەڵام وازمان نەدەهێنا و دیسان لاپەڕەکانمان دەخوێندەوە و هەموو جارێک هەستمان بەدۆزینەوەی شتێکی نوێ دەکرد کە پێمان وا بوو تاکو ئەو کاتە بەرچاومان نەکەوتووە، گەرمیی خوێندن بووین کە لە پڕ تەقەقە لە کۆڵانەوە بەرزەوە بوو، دڵم داخورپی و بۆ ئیسێم ڕوانی، ئەویش بەچاوە درشت و ڕەشەکانییەوە گوێی لە دەنگەکە هەڵخست. گوتم "ئەوە چی بوو؟" گوتی "گوللەیان تەقاند؟"

لە پڕ دەنگی ڕێژنەبارانی گوللەکان، گەڕەکی ئاخنی و من و ئیسێ بەرەو حەوش ڕامان کرد، دەنگی قیژەقیژ و قیڕ و واڕ دنیای پڕ کرد، بەرەو دەرگەی حەوش ڕامان کرد، سەیر بوو، دەرگەیان قفڵ کردبوو، بۆ یەکمان ڕوانی و دیسانەوە بەرەو حەوش ڕامان کردەوە. خانم و کاکەم دیار نەبوو، دەنگەدەنگ و قیژەقیژەکە لە ماڵی هاوسێیەکەمانەوە دەهات، واتە جیرانی دیوار بەدیوارمان.

بەرەو نێو کۆماج ڕامان کرد، ویستمان بچینە سەربان، لەوێیەوە جوان حەوشی ماڵ جیرانەکەمان دیار بوو، هەرکە گەیشتینە سەربان، چاومان

کەوتە چەند پیاوێکی ڕەشپۆش. کاکەمیش لە نێوانیاندا، هەموویان لە سەربان ئێمەوە، دەمانچە لە کەمەر و بێسیم لە دەست، خۆیان لە دڵی تاریکییەکانی سەربان ماڵی ئێمەدا بەرەو ماڵ جیرانەکەمان داگرتبوو، سێ ئافرەتی چارشێو بەسەر و دەموچاو داپۆشراویش خۆیان دابووە پاڵ شووراى کۆماجەکەمان و یەکێکیان خەریک بوو بەبێسیم لەگەڵ پیاوێکدا قسەیان دەکرد، یەکێ لەو ئافرەتانە "خانم" بوو، هەر چەند سەر و چاوی داپۆشیبوو بەڵام ئێمە ئەومان ناسییەوە.

خانم کە ئێمەی بینی، خێرا لێمان ڕای کردە پێشەوە و گوتی "لێرە چ دەکەن، بەرەو خوار، دە یەڵڵە دەی... ها دەی بزانم... مافتان نییە لە ژوور بێنە دەرەوە تا ئەم دەنگەدەنگە دەخەوێت"

ئیسێ ویستی بەقسەی نەکات و دەنگ بەرزەوە بکات کە خانم دەستی پێوە نا و وەختەبوو لە پلیکانەکانەوە بیخاتە خوارێ، دەنگی نێرەوە کرد و گوتی "قوڕ بەسەر بانگ بکەم لە کاکەت بێت بۆ گیانت؟ هاا!؟"

دەستی ئیسێم گرت و بەترس و لەرزەوە بەرەو خوار بووینەوە، ئیسێ بەدەم بەرەو خوار بووینەکەیەوە بەدەنگێکی نزم و چپە ئاسا دەیگوت "ناردرووس گەل... بێ شەرەف گەل..... ئەی خوا ڕزگارمان بکە لە دەست ئەم دوو بێناموسانەوە"

خۆمان کردە ژێرخانەوە و دەرگەمان لە ڕووی خۆماندا کلیل کرد و گڵۆپمان داخست. بەڵام دەلاقە بچووکەکەی ژێرخانمان ئاوەڵا کرد و تا بەیانی گوێمان لە دەنگی تەقەی تفەنگ و قیژە و هاوار و تکا و ڕەجای ماڵی جیرانەکەمان و لە ئەو قەرەباڵغییەوە بوو کە لە کۆڵاندا پێک هاتبوو، تا بەیانی نەنووستین، لە چەشنی کاکەم و خانمە دێو ئاسا و سیحرکارەکەیەوە، ئەوان لە سەربان و ئێمە لە ژێرخاندا.

***

لەو کـــاتەوە کــــە لەم ژووره ســــاردوســــڕەدا دەژیم، زۆرم شت وەبیـــر دەکەوێتــەوە، ئەو بیـرەوەرییـانە کـە بەردەوام هـەوڵم دابوون لە زەمـیری خـۆم بیانسڕێمەوە و بیریان لێ نەکەمەوە و فەرامۆشیان بکەم، فەرامۆش.

بێگومان لەم هەوڵدانەدا سەر کەوتبووم.

لە چەشنـی پێشـتـر، جـارێکی تر سـەفـەر بەدنیـای فـەرامـۆشـیم ئەزمـوون کردبوو.

جـوان بیـرم دێ پاش نـەمـانـی دایەم تا نێـزیکەی ٢٠ دە ڕۆژ هیـچم لە بیـر نەمابـوو، تووشـی فەرامۆشـی هاتبووم، تەنانەت بیـرم نەمابوو کـە نێوم چییـە، تەنیا ئەوەم لێ دەهات کە داوای دایەم بکەم، تەنیا داخوازم دایەم بوو، ئەگەر میـهرەبانییەکانی ئیسێی برام نەبوایە بێگومـان لەوانە بوو هیچ کات نەتوانم وەبیر بێنمەوە کە تەنانەت نێوم چییە.

کــاکــەم لەو دە ڕۆژەدا ئاگــای لە خــواردن و خــەوتنم بـوو، خــانمیش بەلالووتەوە خـواردنی بۆم سـاز دەکرد و هـەنـدێ جـار کـە بەتەنێ دەمـاینەوە، بێ ئەوە بۆم بڕوانێت زەمزەمەی دەکرد "داوبازەی فرەزانە"

هێـدی هێـدی هـاتمـەوە سـەر خـۆم، بـەڵام ئیـدی کـەس وشـەی "دایە"ی لە زمـانـی منەوە نـەبیـست، تەنیـا لە خـەو و خـەیاڵمـدا بوو کـە لەگـەڵ دایەمـدا دەژیام و بانـگم لێ دەکـردەوە، بەڵام لێـرە، لەم ژووره سـپی و بـێ هەسـتـەدا خـەریکە زۆرم شت وەبیـر دەکەوێتـەوە، تەنانەت دایەمیش، بابەمیش کـە هیچ کات نەمبینیبوو.

کـە باسـی ئەم حـاڵەتەم بۆ دوکتـۆر دەکەم، دوکتـۆر پێ دەکـەنێت و دەڵێت "خـانمی گـەنج، تکایە هـەوڵ بدەی ئەم بیـرە ناخـۆشـانە لە مـێـشکی خـۆتدا بسڕێتەوە، جا حـەیف نییـە کچێکی گەنج و جـوان..." کە دوکتـۆر وا دەڵێت و بایەخ بەقسـەکانی من نادات تووڕە دەبم و پەرە بەقسـەکانم دەدەمـەوە "بڕوا بکە دوکتۆر، بۆ بڕوات بەقسەی من نییە، من خۆم دەزانم هەندێ جار وام لێ

دێت کـە دنیـام لێ ئاڵۆز دەبێت و تووشـی کـێـشـەیەکی دەروونی دێم بەڵام ئێستا کە ئەو نییـە و من لەو مـاڵە نفرینـاوییـە بەدوورم زۆر شت خـەریکە وەبیرم دێتەوە، سوێند دەخۆم جوان بیرم هاتووەتە و دڵنیام کە ڕووداوەکەی ئاخرین شەوی دایەم کـە لەگەڵ خـانمدا هاتبـوونە دەمـەقـرەوە، هاتووەتەوە بیـرم، دڵنیـام، خـۆم چاوم بەسـێـبـەرەکـانیـانەوە بـوو کـە کـەوتبـوونە سـەر پەردەکەوە، من لە دەلاقە بچووکەکەی ژێرخانەوە دەمتوانی بیانبینم، بینیم کە خـانم بەتوندی دەسـتی بە دایـەمـەوە نا و دایەم توور درایە سـووچێکەوە، جوان جوان گوێم لە قیژە خوێناوییەکەی دایەمەوە بوو، جوان بیرم دێ پاش ئەو قیژەیە بوو کە دایەم بێدەنگ بێدەنگی بێدەنگ هەڵگەڕا، بینیم کە خانم بەئارامی لە ئەو شوێنە کە دایەمی پێیدا کوتا، نێزیکەوە بوو، تاوێک سێبەرەکەی مت و بێ جووڵە لەوێ ڕاما و پاشان دانیشت و من ئیدی هیچ سێبەرێکم لەوێ نەبینییەوە و گوێم لە هیچ دەنگێکیشەوە نەبوو جگە لە خشەخشی هەزاران توولەمـاری ڕەش و سـپی کـە لە پەسـا لە من نێـزیک دەبوونەوە و منیش بێ ویستانە بەرەو لای ئیسێ کە خەوی لێ کەوتبوو و ئاگای لە هیچ سێبەر و دەنگ و خشەیەکەوە نەبوو خزام.

من خۆم نەموێرا هیچ بڵێم و من خۆم ویستم کە زمان لاڵ هەڵبگەڕێتەوە و من خۆم ویستم لە چەشنی ئیسێ هیچم نەبینیبێت و هیچم نەبیستبێت، خۆم خزاندە تەنیشت ئیسێوە و خۆم نووساند پێیەوە و خۆم دا لە خەو، بڕوا بکە دوکتۆر، ئەمە یەکێ لە بەسەرهاتەکانی منە لە ژیان ژێرخانیمدا، بڕوا بکە"

هەموو جارێک، دوکتۆر، بەو قسە و باسانەی من بێ تاقەت دەبێت و دەنگ بەرزەوە دەکـات و دەڵێت "خـانم... خـانمی ئازیز، خـانی دوکـتـۆر... خـانمی خوێندکاری دەروونناسی.... تکایە ئەم قسە ناشیرینانە ببڕێتەوە... شیاوی جەنابت نییە وا بیری خۆت ئاڵۆز کەیتەوە... تۆ بڕیارە لێرە دەرمان بکەیت و

بچیتە نێو خەڵک و ببیتە خانمە دوکتۆرێکی ڕێکوپێک و نەخۆشییە دەروونییەکانی ئەو خەڵکە چارەسەر بکەیت، کەچی خۆت لە هەمووان زۆرتر پێویستت بەچارەسەرکردنە....، بۆ گوێی نادەی، ئاخر چەند جار ئەمانە دووپات دەکەیتەوە"

پتر تووڕە دەبم و دەقیژێنم "نا... کام قسەی ناشیرین، ئەمانە حەقیقەتی ئەو سیحرکارەن، من جوان دەزانم بابەمیش ئەو کوشتوویەتی، خودی خۆی ی، ئەو جننەیە بابەمی کوشت، ئەو کۆنە قەحبەیە بوو هەرەسی هێنایە ژیانی باوک و دایکمدا، ئەگەر بڕوا ناکەیت بچۆ لە جیرانەکانمان پرسیار بکە، تکایە وا بکە، ئەگەر دەتەوێت باش لە من بگەیت وا بکە، دەی... دەی...،

"دەگەمە ئەوپەڕی تووڕەییەوە، دوکتۆر بانگ لە پەرەستارەکان دەکات و دەرزییەکە دەچەقێنێتە شادەمارێکمەوە و ئیدی دیسان هەست بەنەمان دەکەم و دەفڕێمە ئامێزی باوک و دایکمەوە.

***

باوکم گوتی "گوڵم، زەمەنێکی زۆرمان بەسەردا تێ پەڕیوە، تێپەڕینی زەمەن، زۆر شتمان لێدا دەکوژێت، هەستی تۆڵەکردن و ئەوانەمان تێدا نەماوە، دایەت سەردەمێکی کورت، پێشتر لە ئێستا، نەیدەتوانی بڕوا بهێنێتەوە ئێستای خۆی، لەگەڵ بارودۆخەدا سەپاوەکەیدا نەدەگونجا، بەڵام زەمەن هەموو شتێکی چارەسەر کرد، ئەویش دەمێکە لە چەشنی من بیر دەکاتەوە ئێستا هەردووکمان ئارام و ئەهوەن و لەسەرخۆمانین، لەم کاتەدا ئێمە چاومان لە ئێوەیە، تاکو بزانین ئێوە چی دەکەن و، بریا بەسەرهاتەکانی ئێمە و زۆر کەسی تر لە وێنەی ئێمە بۆ ئێوە دووپات نەبنەوە، ئێستا گرینگ ئێمە نین، ئێستا گەنجەکانن کە کەوتوونەتە بەر پەلاماری ئاپۆڕەوە، بڕوا بکە ئاپۆڕەی زۆر خراپترمان لە ئارادایە، ئەم ئاڵۆزییە لە خۆت بسڕییەوە، خۆت دەتوانی ئەوە بۆ خۆت بکەیت، تۆ دەبێت زۆرتر لەمە بژیت، ژیانت لە ئارادایە"

من ڕووم له باوکم کرد و گوتم "بابه گیان وازم لێ ناهێنێت ئەم سەرلێشێواوییە، سەیری دەستەکانم بکە چەن دەرزی ئاژن کراون، ئیدی کەس بڕوای بەقسەی من نییە، هەمووان پێیان وایە کە من کچە عازەبێکی عاشقم کە ئەوینی براکەمم لە دڵدایە، ئاخر من چ دەستەلاتێکم بەرانبەر بەم دوکتۆرە و ئەو پەرستارە بێ ڕەحمانەدا هەیە؟" لە حاڵێکدا دەستم خستبووە سەر سینگمەوە ڕووم لە دایەم کرد و گوتم "سەیر سەیر دایە گیان، هەست دەکەیت لە کاتی قسەکردندا چەند دڵم لێ دەدات، سەیر چەند دڵم،،، ئای دڵم،، دڵم....."

***

کاکەم دەینەڕاند و هاواری دەکرد "ئای دڵم... ئای دڵم.... توخوا... ئای... ئاخ."

بەرەو حەوش ڕام کرد، کاکەم لە تەنیشت باخچەکەوە ڕاکێشرا بوو و چنگی کردبووە کراسەکەی خۆیدا و خۆی بەهەموو بارێکدا دەخۆڵپاندەوە و هاواری دەکرد، خۆم گەیاندە سەر سەری و قیژاندم، کەس لەماڵدا نەبوو، تەنیا هەردووکمان بووین، لە چەشنی چۆلەکەی باڵشکاو، لە دەور کاکەمدا هەڵفڕین و دافڕینم بوو، ڕام کردە چێشتخانەوە و ئاوم هێنا و ویستم پێی دەم بیخواتەوە کە دایە ژێر دەستمدا و پەرداخ تووڕ درایە سووچێکەوە پەراش، پەراشەوە بوو، کاکەم نەڕاندی "تەلەفۆن بکە بۆ خەستەخانەی فریاکەوتن... دەییی خێرا کە"

خێرا مۆبایلەکەی کاکەمم لە گیرفانی دەرهێنا و زەنگم دا بۆ فریاکەتن، نیو سەعاتێکی خایاند تاکو ئامبۆلانسێک هاتە بەر دەرگەی ماڵمان، دیسان هاوسێکانمان لێی کۆ بووبوونەوە، کاکەم لە تاو ئێش و ژانی دڵیدا، دەینەڕاند و خەڵکیش پێیان وا بوو کە دیسان لە ماڵی ئێمەدا شەڕە، کە ئامبۆلانسی فریاکەوتن گەیشت، تەنانەت یەکێکیان نەهاتنە هانامەوە، لە

کاتی سەرکەوتن لە ئامبوڵانسدا، کا "فەتتالی" هاوسێمان، کە پیرە پیاوێکی قرچ و لۆچ و پەککەوتوو بوو لە برانکاردەکە نێزیکەوە بوو و ڕوو لە کاکەم کە لەسەر برانکاردا ڕاکشا بوو، گوتی "ئەوە خوای ئەو خەڵکە هەژارە بوو، کە وات لێ هات، ئەگینا تۆ کوڕێکی گەنج و جوانی، چۆن دەبێت تووشی ئەم نەخۆشییە بیت، یاخوا ئیدی نەگەڕێتەوە"

لەو ڕۆژەوە، کاکەم بێ ئەوە ئاگای لێ بێت بەردەوام دەستێکی دەنایە سەر سینگییەوە. کاکەم تووشی نەخۆشیی دڵ هات، زۆر ئاگای لە خۆی بوو کە دیسان نەکەوێتەوە بار نەخۆشیی دڵەوە، بەڵام هەی هات، کە تازە ئیدی تووش هاتبوو.

***

هەموو ڕۆژێک ئیسێ دەهاتە ژووری و دەیگوت "گوڵێ گیان، لەگەڵ چیرۆک خوێندندا چی دەکەیت؟.. کوڕە گوتم کتێب بخوێنە و خۆت ئامادە بکە کە لایەنە دەروونناسییەکانی دنیای ئەدەب و ئەدەبیات بناسیت، بەڵام نەمگوت وا خۆتی پێیەوە خەریک بکەیت کە ئیدی ئاوڕ لە دنیایش نەدەیتەوە گیانەکەم."

تەنیا بەهاتنی ئیسێ و بیستنی دەنگی ئیسێوە بوو کە دەمتوانی لە گێژاوی ئەو چیرۆکە شوومەدا خۆم ڕزگار بکەم. کە دەهات گورج و گۆڵ کتێبم دەبەست و دەمخستە سەر مێزەکە و بەرەو ئیسێ هەڵدەفڕیم.

خۆم دەخزاندە ئامێزیەوە و زەمزەمەم دەکرد "ئای گیانەکەم، من ئەگەر تۆم نەبوایە دەبوا لەم دنیا پان و بەرین و بێ ڕەحمەدا چیم بکردبایە؟"

ئیسێ سفت و سۆڵ منی بەخۆیەوە دەنووساند و دەیگوت "دڵەکەم، لە سەرەتای دنیاوە، پێش لە ئێستا، بگرە هەزاران ساڵی پێش، من و تۆ بۆ یەک دروس کراوین و دەبێ تا ئاکامی دنیا پێکەوە بژین و ئاگامان لەیەک بێت و یەکمان خۆش بوێت"

من بەو قسانە تەژی دەبووم لە عەشق و خولیا جوانەکان و هەوڵم دەدا تا کاتێک کە کاکەم و خانم دەگەڕانەوە بۆ ماڵ، لە دنیای ئەوین و ئەویندارییەکەم چێژ وەربگرم.

دڵ ٥

ڕ- باشە حەیاتم، پرسیارێکت لێ دەکەم، لە تۆ... مەبەستم تۆی خوێنەری ئەم چیرۆکەیە.... با، لە تۆ کە ئێستا کتێبەکەت بەدەستەوە و خەریکی خوێندنی ئەم چیرۆکەیت.... من ئێستا و لەم کاتەدا خەریکم لەگەڵ تۆدا دەدوێم و پرسیارەکەم لە تۆیە، لێت دەپرسم کە "ئاخۆ تاکو ئێستا تا چ ڕادەیەک لە ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە تێگەیشتوویتە؟ بەڵێ مەبەستم ئەم چیرۆکە شوومەیە؟ ئاخۆ لە بەسەرهاتەکانی کەسەکان تێ گەیشتوویت؟ ئاخۆ دەزانی هۆی ئەو بەسەرهاتانە چی بووە و کێها وایان کردووە و هەندێ کەس بۆ وایان بەسەر شاردا هێنا؟"

من هەست دەکەم ئەم چیرۆکە شوومە، لە وێنەی زنجیرێکی پچڕاوەیە و دەبێ هەوڵ بدەم لەتە زنجیرەکان لە هەموو کون و کونبنی شوێنە کاولکراوەکان و کاتە تێپەڕیوەکاندا، بدۆزمەوە و بیانخەمە سەر یەک ریز، تاکو ئێستا من چەند لەت لە ئەم زنجیرە پچڕاوەم دۆزیوەتەوە، هیوادارم بە ڕێکوپێکی بتوانم بیانخەمە سەر شێوازی پێشوویان.

***

دڵ ٦

ڕ- بەڵێ، ئەوەتا گەیشتین و دەبێ جارێک کۆتایی بهێنینە پەیڤینەکەمان، بەڵام سەرەتا دەبێ هەندێ شتتان بۆ ڕوون بکەمەوە، ئێرە، ژوانگەی دوو کەس بووە، نازانم ئاگاتان لێیە یان نا؟ تاکو ئێستا لەبارەی ئێرەوە شتێکتان بیستووە؟"

ژ– نا من شتێکم لەم بارەوە نەبیستووە.

پ– منیش هەر وەها، هیچی لێ نازانم.

ڕ– کەوایە دەبێ من بۆتانی باس بکەم، بەڵام پێویست ناکات، "ئەو" ئێستا خۆی دێت و هەموو شتێک بەچاوانی خۆتان دەبینن و بەگوێی خۆتانی دەبیستن.

ژ– ئەی تاکو ئەو بگات و ئێمە خۆمان هەموو شتێک بەچاوی خۆمان ببینین، دەبێ چی بکەین؟ ئەی نازانیت من لە ڕادەبەدەر دەترسێم؟ نازانی بەردەوام لە پەرۆشی و دڵەڕاوکێدام؟

ڕ– کەوایە با لەبەر خاتری ئەم درێژە بدەینە پەیڤینەکەمان، تاکو ئەو دەگات؟ ڕای تۆ چییە؟

پ– خۆت ڕای من دەزانیت، بەڵام ئەوەش دەزانیت کە من چەندە عاشقی ئەمم و خۆشم دەوێت، لەبەر خاتری ئەم، باشە با بەردەوام بین.

ڕ– کەوایە تا گەیشتنی ئەو بەردەوام دەبین و ناهێڵین ئەم پەیڤە زیوینەمان ببڕێتەوە. هەردووکتان هاتوونەتە سەر ئەم ڕایە کە بەردەوام بین، باشە، لەوێدا بووین کە تۆ گوتت ئیدی حەزت لەو دڵە نییە و ئەم ژیانەت پێ باشترە، وایە؟

پ– بەڵێ وایە.

ڕ– کەوایە پرسیارێک لە تۆ دەکەم، تۆ بۆ حەزت لە ئەو نەدەکرد؟ بۆ؟ مەگەر ئەو لەگەڵ ئەمدا چ جیاوازییەکیان هەبوو؟ هەردووکیان مەگەر پیاو نەبوون؟ هاااا؟ ئەو عەشقە بۆ لەبارەی ئەوەوە بووبوو بەنەفرەت؟

ژ– جیاوازیی زۆری تێدا بوو.

ڕ– باشە باسم بۆ بکە.

ژ– باسی چی؟ حەزت لێیە من توورە بکەییییییی؟ هاااا؟ حەزت لێیە؟

ڕ- بڵێ، دەی بڵێ، دەبێت بیدرکێنیت ئەو نهێنییانە، تکایە باسی بکەی.

ژ- باسییی چییییی، باسییی ئەو داخوازە ناشیرینانەی بکەم؟ باسی ئەو سێکسە ناحەزانەی بکەم کە بەردەوام حەزی لێ بوو؟ هاا؟ دەبوایە لە بەڕێوەبردنی شانۆیەکی سێکسی، هەموو شەوێک بەردەوام بووبووایەم، دەبوایە هەستی بکردایێ حەزم لێیە، نا، نا، ڕقم لێ بوو، زۆررر، لێ دەترسام، ئەگەر بمگوتایە ن، لێمی دەدا، بەشەق، بەچەقۆ، لێم بەر دەبووو، بڕوا بکە، بڕڕڕوا بکە، گەلێک نادروست بوو، ئای ی ی چەند ماندوو بووم لەو سێکسە نەخۆشەی، لە برساندا دەمی کوشت ئەگەر بمگوتایە نا، تێ دەگەی؟ سەرگەردانی قرانێک دەبووم ئەگەر بمگوتایە ناا، تێ دەگەی سەگباب؟ هاا؟ ویستت ئەمانە ببیسی؟ هاا؟ حەزت لێیە ئەمانەت بۆ بگێڕمەوە؟ هاا؟

ڕ- مەگری، مەگری حەیاتم، بڵێ، دەی بڵێ درێژە بەقسەکانت بدە.

- لە کاتی پیاسەی ئێواراندا چاوم پێ کەوت، خەمگینانە دەڕۆیشتم، لێم نێزیکەوە بوو، سڵاوی لێم کرد، وەڵامم نەدایەوە، بەهێواشی گوتی "چەند جوان و خەمگینی"، گوتم "دەلاوە سەگباب وازم لێ بێنە"، گوتی "بڕوا بکە دەمێکە حەیرانتم، لە ئێواراندا بەردەوام چاوم لەم ڕێگەیە کە لە دوورەوە بیت، هەموو ڕۆژێک چاوەڕێتم"، چەند نەرمونیان قسەی دەکرد، چەند میهرەبان بوو لەگەڵمدا، چۆن جیاوازییان نەبوو، بەڵێ جیاوازییان لەمەدا بوو کە ئەم تەنیا بەدەنگێکی نەرم و میهرەباندا سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لە یەکەمین هەنگاودا، منی لە گێژاوی نەفرەت و قینم بۆ ئەو، دەرهێنا، چەند دەنگی جوان و پڕ لە عەشق و دڵنەواییدا بوو، هەموو ڕۆژێک ئەگەر لە ئاسمانیشەوە گوللە ببارایە، دەڕۆیشتم لە هەمان کاتدا و لە هەمان شەقامدا، لەژێر هەمان داردا کە ئەو سەگە ئاخرەکەی گری دا و سووتاندی، لەژێر هەمان داردا، چاوەڕێم بوو، "دەمێکە بە حەیرانتم حەیاتم"،

ئای ی ی ی چەند حەزم لەو وشەیە بوو، هاتە ماڵم لە کاتێکدا وەکو چۆلەکە لە ئامێزیدا دەلەرزیام، پێکەوە دەترساین، بەڵام ئەو لەبەر خاتری من دەنگی ترسەکەی لە ناخەوە دەخنکاند و هەوڵی دەدا بەبێدەنگی و بەچپەچپی عاشقانەوە ئارامیم پێ ببەخشێت، کە ئەم بەدزییەوە دەهات، شەوان بەڕووی گەشەوە، بۆ ئەو دەوەستام، بەهەر شێوازێک کە حەزی لێ بوو لەگەڵیدا ڕادەهاتم و هیچم نەدەگوت، شەوانی شانۆی سێکس، کە ئەم دەهات گەرموگوڕتر بۆ ئەو بەڕێوە دەچوو، تا ئەو ڕادەیە کە لێم کەوتە گومانەوە، نان نەبوو بخۆم ئەم تێری دەکردم و تا دەهات بەچپە عاشقانەکانی ڕوومەتمی گەشتر دەکردەوە پارە نەبوو ژیانی پێ بەڕێوە ببەم، ئەم هەموو شتێکی بۆم دەکرد، خۆشەویستییە گەرم و لە ڕادەبەدەرەکەمان ئەو ژیانە پیسەی لەپێش چاوانمدا شیرین کردبوو، لە ئاکامدا کەوتینە داویەوە، فریومانی دا، هاتە سەر سەرمان، لە کاتێکدا لە ئامێزی یەکتردا بووین، ڕووت و قووت لە گێژاوی عەشق و شەهوەتی یەکتردا گەوزابووین، هات و چەقۆی لە ناوشانی ئەو ڕاوەشاند و پاشان چەقۆی لە ملی من نا و قرتاندی و بێ ئەوە کات لە دەست بدات، وەکو شێتەکان، بێ ئەوە سەیری ئەوە بکات کە کردی، وەکو سەرلێشێواوەکان، بێ ئەوە لەو کارەساتە تێ بگات، خێرا تەلەفۆنی بۆ دڵدارەکەی کرد و پێکەوە دڵی ئەویان لە شیش دا و خواردیان، خواردیان ئەو دڵەکە دڵداری من بوو، بە قاقا و ماچ و مووچەوە خواردیان ئەو دڵەکە میهرەبانی من بوو.

ڕ- ئای ی ی حەیاتم چ نهێنییەک لەو دڵە بچووکەتدا حەشار دابوو، ئا ی ی ئاخر چۆن من نەمزانی بوو، وای ی ی ی.....

ڕ- گریان بەسە... با ئیدی نەگرین، با بەردەوام بین لەم پەیڤینە ڕووناککەرە، خەریکە زۆر شتمان بۆ دەردەکەوێتەوە، با بەردەوام بین، کەوایە با من درێژە بدەمە قسەکانمان، با گوێ لە چیرۆکی ئەویش ڕابگرین،

ناکرێت کە چیرۆکی ئێوە لێرەدا ئاکامی بێت، ئێستا نۆرەی تۆیە، تۆش هەوڵ بدە هەموو شتێکم بۆ ڕوون بکەیتەوە.

پ- کە سەری ئەمی بڕی، سوێندم خوارد تۆڵەی لێی بکەمەوە، جوان گوێم لێ بوو کە گوتی "دڵی ئەویش دەربێنە و تۆڵەی خۆت لە ئەویش بکەرەوە" ئەو بێدەنگ چەقۆی هەڵگرت و لەسەر سینگی ئەمی نا، بەڵام دەستی هاتە هەژان، نەیتوانی، دڵدارەکەی بەپەلە چەقۆی لێ ساند و گوتی "وات کردووە کە خیانەتی لێت کرد، ئاخر وا بوویت کە ئەم ڕۆژەی بەسەرتدا هێنا، تۆی بە ئەو هەموو دەسەڵات و ماڵ و سامانەوە بەم سواڵکە فرە فرۆشت خەتای خۆت بوو، خۆت وات لێ کرد" و بەبێ ڕەحمییەوە دڵی ئەویان لە سینگی دەرهێنا، ئەو دڵە کە عاشقی من بوو، ئەو دڵە کە بۆ منی لێ دەدا، خواردیان ئەو دڵە ناسکە، دڵە عاشقەکانی ئێمە ئاخ خ خ خ.......

ژ- نا نا ن، من هێشتا کە دڵم لە سینگمدا ماوەتەوە، درۆزن.. درۆزن...................

ڕ- نا، نا، مەترسە، نا، لەوانەیە ئەم بەهەڵەدا چووبێت، نا، مەترسە، مەقیژێنە، وا نییە، نا، لەوانەیە تۆ هێشتا دڵت لە جێگەی خۆیدا مابێتەوە، نا، تکایە، تکایە مەقیژێنە و ئارامیی ئەم شەقامە تەماوییە مەشێوێنە، هات، ئەوە هات، بێدەنگ، بێدەنگ، تکایە بێدەنگ بن، ئەوە "ئەو" هات، سەیری کەن، سەیر، سەیر چۆن دێت لە دوورەوە دێت، سەیری کەن چەند جوانە ئەو قرژانگە کۆنە، بەری کوڕی پازدە ساڵانیشی بۆ هەڵدەستێتەوە، بێدەنگ بن و تەنیا سەیری کەن، سەیر، چەند جوان و لە هەمان کاتدا پیریشە، سەیر......

دڵ ٧

کێ دەڵێت کە تۆ بێڕەحمی حەیاتم؟ کێ، ها.....؟ پێشانم بدە تاکو زمانی لە بنەوە بقرتێنم. کێ دەڵێت کە تۆ فریوکاری؟ ها.....؟ دەی بڵێ، تکایە، ڕجات

لێ دەکەم پێشانم بدە با چاوەکانی بەپەنجەکانم لە کاسە چەشەکانیدا دەرهێنم. کێ مافی ئەوەی هەیە کە بە تۆ بڵێت بێ وەفا؟ ها؟ یان بڵێت کە تۆ دڵت نییە، یان تۆ درۆزنی، تۆ بێ شەرم و بێ حەیا و دوڕوویی؟ ها....؟ بڵێ، بڵێ تاکو هەر بیکوژم، دەی بڵێ.

دڵ ٨

ڕ- خانم، هات، خانم، ئەو قەڵتاخە کۆنەی روومەت قەحبە ئاسایە، لە دوورەوە هات، سەیر کەن، سەیری ئەو کۆنە پیرە کەن کە چەند گەشاوە لە دوورەوە دێت، ئەو سیحرکارەی کۆنە جننەیە کە خەڵکی یاخی، بەدەستی ئەو دەدرانە داوی حکوومەتییەکاندا، ئەو فێڵبازە کە بەهۆی سێکسەکانیەوە، هەموو ڕێگەیەک بۆ خۆی ئاوەڵا دەکات.

سێکس، مەزنترین شمشێری ئەوە لە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، کێ بیری دەکردەوە خانم وای لێ دەرچێت و دەبێتە مەترسییەک بۆ گیانی خەڵکی یاخی، ئاخر ئەو کە قەت لەم قسە و باسانە تێی نەدەگەیشت، ئەو قەحبەیەک بوو کە سەردەمانێک دەڵێن ئیشێکی زۆر نەگریسی کردبوو، دەڵێن، لە پێناوی ئەو ئیشە نەگریسەوە بووە کە تووشی ئەو بارودۆخە نائاساییە هاتووە، دەڵێن کەسێک هەژار و بێتاوان، نەفرینی کردووە، کەس نازانێت بەرانبەر بە ئەو هەژارە چی کردبوو و چیی بەسەردا هێنابوو، بەڵام پاش ئەو ئیشە نەگریسە، خانم گۆڕدرا و سەری لە ئامێزی حکوومەتییەکاندا دەرهێنا... ئەمە خانمە، کەس لە سیحری ئەو بەرانبەر بەخەڵک تێ ناگات، لەم سەرە پیرییە و لەم تەمەنەدا، خاوەن جوانییەکی بێ هاوتایە. ئەم جوانییە ئاسایی نییە، دەڵێن لەبەر ئەو نەفرینە بووە کە ئەم جوانییە شوومە داوێنگیری بووە... سەیرم کەن..... ئاخۆ کەستان تاکو ئێستا ئەم ئافرەتە سیحرکارەتان بینیوە؟ دەیناسن؟ یان هیچ نەبێت لەبارەیەوە شتێکتان بیستووە؟ دەزانن ئەو چی کرد کە ئەمانەی بەسەردا

هات؟ ئەوە چ پیلانێک بوو کە خانمی وا خستە داو، وای لێ کرد کە پشتی لە خەڵکی شار کرد و بووبووە دوژمنی هەمووان؟ هاا!؟ کەستان شتێک دەزانێت؟

ژ– نا !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!ئاه ه ه ه ه ه ه ه .....

پ– ئاه ه ه ه ه ه. نا!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!.....

ڕ– ئای لە هەناسە ساردەکانی ئێوەی بەستەزمان، ئێوە کەی زانیوتانە چ قەوماوە و چ ڕووی داوە، ئای لەو مۆسیقا خەمگینەی دەروونی ئێوە، ئاه و ناڵەکانی ئێوە بوو کە بووبووە هۆی بەخەبەرهاتنی منەوە، کە بووبووە هۆی دۆزینەوەی من ئەو هەناسە ساردانە منیان دۆزیوەتەوە، ئاخ خ خ خ لەم بارودۆخــــــەی من، ئای ی ی ی ی لەو ژیانەی ئێـــــوە، ئاخ خ خ خ خ،........... باشە، ئیدی گریان بەسە... کاتی خەم خواردن نییە، کەوایە حەیاتم، خەمتان نەبێت ئێستا پێم وایە خانم هەموو شتێکمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، خودی خۆی، خۆ دەخاتە ڕوو، خۆی لە ئەو نهێنییە نەگریسەوە دەدوێت... سەیر کەن... سەیر کەن حەیاتم...

***

پاش ئەو هەموو گریان و تکا و ڕجایانەم، خانم بڕیاری دا ئەگەر هەوڵ بدەم خۆم بکەمە نەخۆش و تا حەوتەیەک نەڕۆمەوە بۆ زانکۆ و نەهێڵم کەس لێم بگات کە درۆم گوتووە و پاشان بڕیار بدەم لە درێژەی ئەو حەوتەیەدا، بەدڵ ئەو بسووڕێمەوە و دەبێ هەموو شوێنێکی ماڵ پاک و خاوێن بکەمەوە و نانی نیوەڕۆ و شەوانیش من لێ بنم و چی لەبارەی ماڵی جیرانەکەمانەوە دەزانم بۆی بگێڕمەوە و هەوڵ بدەم بزانم ئیشی گەورەکەیان لەو ماڵەدا، واتە باوکەکەیان چییە و چییان کردووە بەرانبەر بەزیندانیبووینی کچ و کوڕە کرێکارەکەیان کە لە کارخانەدا ئیشیان دەکرد و لەوێ ئاژاوەیان نابووەوە کە "دەبێ مافمان بدەنە دەست و مووچەمان بۆ زیاد بکەن و، دوکتۆر و دەوامان

بۆ دابین بکەن و زۆرێک داخوازی تر"، لەوانەیە خانمیش بڕیار بدات کە ئەو کات، نهێنییەکەی ئیسێم بۆ دەربخات.

چیرۆکی ئەو مەرجانەم بۆ ئیسێ گەڕایەوە، هیچی نەگوت، سەری داخست و مت و بێدەنگ لێوەکانی نووساند بەیەکدا.

پاش ئەو شەوە کە خانم و کاکەم کەوتنە دەمەقرێیەوە و خانم وای کرد کاکەم لێی بدات و لە نێوان ئەو قیڕ و واڕە خانم شتێکی درکاند کە دیار بوو نەدەبوو بیدرکێنێ و ساڵگارێک بەنهێنی مابووەوە و دیار بوو کە تەنیا لە من و ئیسێ شاردرابووەوە و نهێنێییەکەش سەبارەت بە براکەم بوو، ئیسێی بەستەزمان، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابووەوە و نەیدەتوانی نان بخوات، نەیدەتوانی بخەوێت یان تەنانەت چرکەیەکیش بحەوێتەوە، نەیدەتوانی وانەکانی بخوێنێتەوە، پاش ئەو شەوە، تا یەک دوو ڕۆژ لە کاکەم پاڕایەوە و گریا و خۆی خستە سەر پێڵاوەکانی کاکەمەوە بەڵکو ئەو نهێنییەی بۆ بدرکێنێ، کاکەم لەپێشدا هەوڵی دەدا بەزمان بیگرێت و لە پەسا دڵنەواییی دەکردەوە و نەوازشتی دەکرد و هەوڵی دەدا لە ڕێی میهرەبانییەکانیەوە ئارامیی پێ ببەخشێت، کەچی ئیسێ هەر وازی نەدەهێنا و دەگریا و دەپاڕایەوە، بەڵام لە ئاکامدا کاکەم تووڕە هەڵگەڕایەوە و گوتی "ئەگەر واز لەم قسە قۆڕانە نەهێنیت دەم و پلت دەنێمە یەک" ئیسێ وازی نەهێنا و پاش چەند زللەی قورس، بەر بووە گیانی و تا خواردی لێی دا و ئەگەر من و خانم نەبوایەن لەوانە بوو هەر بیکوژێت، ئەوەندە خۆمم کوشت و کوڵمی خۆم ڕنی کە وازی هێنا.

لەو ڕۆژەوە هەستم کرد نیگای کاکەم سەبارەت بە من و ئیسێ گۆڕدراوە، هەستم دەکرد بەگومانەوە سەیرمان دەکات.

خانم دەستی گرت و بەنازەوە گوتی "وازی لێ بێنە، دەتەوێت بیکوژیت؟"

کاکەم بەتووڕەییەوە دەستی بە ڕووی ئەویشدا بەرز کرد و ویستی زللەی

پێدا بکێشێت بەڵام کە سەیری نێو چاوە جوانەکانی خانمی کردەوە لە پڕ دەستی هاتە خوارێ و گوتی "ئەم گۆبەنە تۆ ناتەوە ها!!!"

ئیسێم کۆ کردە و ویستم بیبەمە ژوورەوە، کاکەم نەڕاندی "وازی لێ بێنا، خۆی دەڕوات، خێرا ڕاکە پەرداخێ ئاوم بۆ بێنە... ها دەی.."

بەحەپەساوییەوە بۆ کاکەم ڕوانی، ئەو دەیزانی من و ئیسێ وەکو یەک ڕۆحین لە دوو جەستەدا، ئەی بۆ وای کرد؟ نەیهێشت لێی نێزیکەوە بم. بەرەو منیش هاشاوڵی هێنا و گوتی" ها!؟ چییە؟...، بۆ وەکو ترنەکان چاوت وەستاوە و بۆم دەڕوانی، ناڵێم خێرا کە پەرداخێک ئاوم بۆ بێنە گەردەن ورد"

لەو ڕۆژەوە کاکەم بەهێواشی دەهاتە سەر سەرمان، خۆی لێمان دادەگرت، کوڵەی لێمان دەگرت، نەماندەزانی هۆی ئەو کارانە چییە؟ تەنیا شوێنی ئەمنمان، زانکۆ بوو، لە زانکۆیشدا بوو کە داخوازەکانی خانمم لە بۆ درکاندنی نهێنییەکە، بەئیسێ ڕاگەیاند. گەر پێشتر خۆی بیدیبایێ کە خانم بەبۆنەی ئیش و کاری ماڵ وا غەدرم لێ دەکات، خێرا قوت دەبووەوە و لەسەرمی دەکردەوە و نەیدەهێشت خانم فرمانی ماڵم پێی بکات و خراپەم پێ بڵێت، کەچی لەو کاتەدا، لێوەکانی نووساندبووە یەکتردا و هیچی نەدەگوت.

زەمزەمەم کرد "پێویست ناکات تۆ شتێک بڵێیت، من خۆم بڕیارم دا بەدڵ ئەو بم لەم حەوتەدا، کێشەم نابێت، هەر ئەوە کە ئەم نهێنییە بدرکێنێ خلاس دەبین."

دیسان ئیسێ هیچی نەگوت و من تێی گەیشتم ئەم جارە بەرانبەر بەزوڵم و زۆرەکانی خانم و چاودێرییە ڕەشەکەی کاکەم دەسەڵاتێکمان نییە و من بەتەنێ دەبوا هەوڵ بدەم.

***

خانم دەیگوت "نیوەشەوی هەمان شەو کە دایکت دەزێت و تۆ دەهێنێتە

دنیاوه، دەنگی گریانی کۆرپەیەکی تر کۆڵان لێوانلێو دەکات لە بێداری. کۆرپە بە بەرزترین دەنگ بۆی دەگریت و هاوسێ و خاو و خێزانی باوکیشت بەخەبەر دێنێتەوە، خەڵکی گەڕەک دەڕژێنە کۆڵانەوە و دەبینن کۆرپەیەکی تازە لەدایک بوو لەبەر ماڵ باوکتدا دانراوە کە بەهەموو هێزیەوە دەیقیژاند و دەگریا، باوکت دەیگوت "هەرکە دەرگەم ئاوەڵا کرد و چوومە کۆڵانەوە، دەنگی گریانی کۆرپە، بڕایەوە، بەرزم کردە و بۆم ڕوانی، هێشتا کە خوێن و چەوریی‌یەکەی زگی دایکی، پێوە وشک نەبووەوە، دایە نەوات، بەتەمەنترین خەڵکی شەقامی "فەرەح" لێم هاتە پێشەوە و گوتی "کوڕم، ژنەکەت ئەمشەو کچێکی بۆت هێنایە دنیاوە، وەرە و خزمەتی ئەم تفلەش وەئەستۆ بگرە و بیخە بەر مەمکی خێزانتەوە، فەرەحیی‌یەکان هەموویان بەشەرەفن و پشتی یەک چۆڵ ناکەن، تۆش پشتی ئەم ساوایە بەرمەدە و بیبە ماڵەوە، دیارە دایک و باوکی خۆی ئەم هەژارەیان نەویستووە و هێناویانەتە بەر ماڵی تۆ، وا بکە و ئیشەڵڵا خوا خێرت دەداتێ."

باوکت گوتی "زمانم بەسرا و کۆرپەکەم هێنایە ماڵەوە و خستمە بەر مەمکەی خێزانمەوە، بەڵام ساواکە تەنیا جارێک توانی شیر لە مەمکی خێزانم بخوات، پاشان ئیدی گریان بەشی بوو، شیرەکەی نەدەخوارد، لای بەیانی دایە نەوات ڕۆیشت و لە دەور مەیان دا، شیری وشکی کڕی و هێنایەوە، خەڵکی کۆڵانی مزگەوتە "هەژارە" لە ماڵ و بەر ماڵماندا کۆ بووبوونەوە تاکو بزانن ساواکە ئەو شیرە وشکە دەخوات یان نا، ساوا شیرەکەی خوارد و کوڕەکانی فەرەح، بەراتەلۆتییان هێنا و بەرات تا ئێوارە لە دەوڵی کوتا و خەڵک هەڵپەڕین و ساوا ئارامیی پێدا هات. دایە نەوات ناوی نا ئیسماعیل، دواتر بەئیسێ بانگمان لێی دەکرد. لەو ڕۆژەوە کە ئەو ساوایە هات، من بووبوومە خاوەن کوڕێکی دە ساڵان و دوو کۆرپەی کوڕ و کچ کە دەبوو هەوڵ بدەم لە ژیانیاندا بەختەوەر بن.

ئاخم لە ناخەوە هەڵکێشا و گوتم "کەوایە من و ئیسێ برا و خۆشک نین؟" خانم بەچاوە سیحرکارەکانییەوە بۆمی ڕوانی و بزەی خستە سەر دەمە جوانەکەی و گوتی "نا"

گوتم "ئەی ئەم چەند ساڵە.....؟"

پێ کەنی و سەرێکی هەژاند و یەکێ لە پەلکە درێژەکانی لادا و گوتی " ئەم چەند ساڵە چی، لەدەستان دەرچووە مەگەر؟ ئێوە تازە پێگەیشتوونە و تازە لە دنیای ژن و پیاوان حاڵی بوونە کچێ، پەلە مەکەن، مەترسێن کاتتان زۆرە بۆ عاشقە و ماشقەبازی، ئای ی ی دەم لەناو دەم چەند خۆشە"

خورپە بەدڵما هات و هاتمە هەژان، دەنگم بەرزەوە کرد و گوتم "چی دەڵێت، دەمت دابخە، ئەو، تا هەتاهەتایە برای ئازیزی منە"

لە قاقای پێکەنینی دا و بەنەزمی گۆرانییەوە گوتی "کەم بێژە برا .. من کەی براتم... دنیا دەزانێت... من خاترخاتم" قاقا پێ کەنی و گوتییەوە "گەمژە گیان، برای چی و گووی چی، ئێوە دەتوانن هەموو کارێک پێکەوە بکەن، دەتوانن زەماوەندیش بکەن و منداڵیشتان هەبێت"

قیژاندم و لەقەم لە گوڵدانەکەی تەنیشت باخچەکە دا و تووڕم دایە سووچێکەوە، گوڵدان شکا و خانم قیژاندی "ئەی جننەی... یاخوا قاچت بشکێت" منیش بەگریان و خەم و خەفەتەوە بەرەو ژوورەکەم هەڵاتم.

***

لێرە ئیدی کەس نییە بمخاتە ژێر چاودێرییەوە و بەقسەی تاڵ و نیگای گومانداز ئازارم بدات، هەڵبەت پاش ئەوە کە دەرگەی ئەم ژوورە سپی و ساردەیان بەڕووومدا قفڵ کرد و ڕۆیشتن، ئارامیم پێدا هاتەوە، هەست بە خڵاسبووین دەکەم، ئازادیی ئازاد، بەدڵی خۆم لە هەموو شتێک بیر دەکەمەوە گیانەکەم، بیر لە چرۆی ئەوینمان، بیر لە یەکەمین ماچمان، بیر لە هەموو ڕووداوە خۆشەکانی ژیانمانەوە دەکەم کە لەپاش تێگەیشتن لەو

نهێنییە لە ژیانماندا ڕوویان دا. ئیدی لە نیگا گومانـاوییـەکانی کاکەمەوە ڕزگار بووین لە جنێو و خراپەکانی خانمەوە خەلاس بووین، ئیدی من و تۆ دەمێنینەوە، تەنیا من و تۆ، بهێڵە با کوێراییان بێت، بهێڵە با دیق بکەن، تۆ چووزانی کاتێک کە خانم تێ گەیشت هەموو هەواڵەکانم سەبارەت بەماڵی جیرانەکەمان، درۆ بوونە، چی بەسەردا هات. هەموو ئەو هەواڵانە کە من سەبارەت بەماڵی جیرانەکەمان بە ئەوم ڕاگەیاندبوو، لە گەورەی ماڵەکەیانەوە بگرە کە شاگردی نانەواخانە بوو و لە پێکهاتنی ڕێکخراوە کرێکارییەکەدا نەخشێکی مەزنی هەبووە، تا لەبارەی کوڕ و کچە سجنکراوەکانیشی کە نەک هەر ئاژاوەیان نابووەوە لە کارخانەدا، بگرە لە بەڕێوەبردنی هەمان ڕێکخراوە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان هەبووە، هەموویان درۆ بوون، درۆ، خانم کە لە درۆبوونی هەواڵەکانم تێ گەیشت نازانی چی کرد، وای ی خوا تۆبە.... خوایە گیان، نازانی چی بەسەر داهات و چەند تووڕە هەڵگەڕا و چۆن وەختە بوو شێت ببێت، چونکە من بەپێچەوانەوە هەموویانم بۆ ئەو گێڕابووەوە ئەمانەم بەخانم ڕاگەیاند کە "باوکەکەیان بێ کارە و نانی کوڕ و کچەکەی دەخوات و پیاوێکی بێعارە و فڕی بەم قسانەوە نییە و کوڕ و کچەکەیش تەنیا لەبەر ئەوە پلەیەکی باشتر لە کارخانەدا وەدەست بێنن وایان کردووە ئەگینا ئەوانیش گەمژەگەلێکن لە وێنەی باوکەکەیان"، وام گوت تاکو توانیم بڕوا بهێنمە خانمدا، بگرە ئەم قسانە بە کاربەدەسەکانیان بگەیەنێت و ئەوانیش بڕوا بهێننە ئەو هەواڵە درۆیانە و واز لەو خێزانە کرێکارە بەستەزمانە بهێنن، بەڵکو لەم ڕێیەوە نەتوانن هیچ مۆرکێکیان پێیەوە بنوسێنن، لەو شێوازەوە من سەرکەوتوو بووم و توانیم ببمە هۆی ئازادیی ئەو خوشک و برایە، ئیدی لە چەشنی پێشتریش زەختیان لەسەردا نەما، بەلام وای ی.... لەو کاتە کە خانمی بێ ڕەحم لە هەقیقەتەکان تێ گەیشت، نازانم چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە زانی کە من هەموو شتێکم بەپێچەوانەوە بە ئەو ڕاگەیاندووە، نازانی چۆن خێرا ڕواڵەتە جوانەکەی تێک

چوو و لە چەشنی سەگێکی هار لێم بەربوو، بەڵام من نەمهێشت لە وێنەی پێشتر بکات و نەمهێشتیش دەستی پێم بگات و خێرا بۆی دەرچووم و خۆم خستە کۆڵانەوە و جوان گوێم لە دەنگییەوە بوو کە خراپتر لە هەموو کاتێک هەڕەشەی لێم دەکرد.

***

خانم گوتی "منداڵەکان، دەڵێن کاتێ دوو مار لە یەکتر دەئاڵێن واتە عاشقە و ماشقەی یەکن، بێ یەک نایانگرێت، دەڵێن نەک تا دنیا دنیای عاشق و ماشقەی یەک دەمێننەوە بگرە منداڵەکانیشیان لە وێنەی خۆیان تا هەتاهەتایە دەبنە عاشقە و ماشقەی یەک"

ئیسێ ناوچاوانی گرژ کرد و گوتی "دەی خانم ئاخر چۆن وا دەبێت؟ ئەوان مەگەر نازانن خوشک و برای یەکن؟ ها؟ مەگەر دایک و باوکیان نییە؟ ئەی چۆن دەهێڵن ئەوان وا بکەن؟"

من گوتم "ئەوان خۆ لای دایک و باوکیان نامێننەوە، بۆ خۆیان دەخزێنە کونێکدا و یەکتر ون دەکەن، ئەوان زۆر لەیەک دەکەن، هیچ کات ناتوانن خزمایەتیی خۆیان بسەلمێنن"

خانم لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی "ئۆی ی ی دیارە گەورە بوویتە کچە ترسنۆکەکە"

***

پێشتر هەر چەند هەولّم دەدا، وە بیرم نەدەهاتەوە کە یەکەمین هەنگاوی ئەویندارییمان لە کوێ و چۆن هەڵگرت، کەی شەماڵەی ئەوینمان بڵێسەی ساند و خانووی دڵمانی گەرم کرد؟ بیرم نەدەهاتەوە، دەتگوت هەزاران ساڵی تێ پەڕاندووە، بەڵام تەنیا ساڵێکە کە من و ئیسێ بووبووینە عاسقە و ماشقەی یەک، لە چەشنی هەمان دوو ماری سپی و ڕەش، بەڵام ئێستا لێرە، کاتێ کە هەمووان دەڕۆن و دەرگەکەم دادەخرێت و ئاسوودە دەبم، لە دنیای

شـووشـەكـانی ئەم دەلاقـەیەدا، هێـدی هێـدی و هەندێ جـاریش بەدڵی خـۆم ڕووداوەکـانی ژیـانم دێنەوە مـێشکمـەوە، لە چەشنـی ئـالبـوومـێکی مـەزن، کە لاپەڕەکـانی ئـەم ئـالبـوومـە هەڵدەدەمـەوە، یەک لەدوای یەک وێنـەکـان دێنەوە پێش چاوەکانی مێشکمەوە و دەمخەنەوە گێژاوی بیرەوەرییەکانم.

هەندێ جـار ژێرخـان و هـەندێ جـاریش بـناری کـێـوی ئـاویەرمـان دەبوونە جـێژوانمان، دواتریش زۆر ئـاسـایی بووبووەوە لامـان و لە زانکۆدا، بێ ئەوەی کەسـێک پێمان بزانێت چاومـان لە چاوی یەکەوە بوو، دڵمـان لە دڵی یەکتردا و لە پارک و شـەقامدا دەستمان لەنێو دەستی یەکتردا و لە ژێرخاندا، کاتێک کە ئەوان لـە مـاڵدا نەبوون، یان زۆربەی کـاتەکان نیـوەشـەوان کە کـەسـیـان خـەبەر نەبوو، دەممان لەنێـو دەمی یـەکـتـردا بوو، تووشی عـەشق و ئـەوینی یەکـتـری بووبووین و بەو تووش بووینـە زۆرێ خـۆشـحـاڵ بووین تا هـەمـان شەوی نەگریس لە ڕێگەوە گەیشت.

***

گـوتم "ئیـسێ تکایە با واز بێنین، ئەمـان پـەنێکمـان بەسـەردا دێن هاا."
ئیسێ دەستمی گرت و بردمیە لەفەفرۆشییەکەی بێهرووزەوە. لە چەشنی هەمیشە لەفەفرۆشییەکەی بێهرووز جمەی دەهات، سەرەڕای بچووکبوونی دوکـانەکـە، خـەڵک وازی نەدەهـێنا و لە پەسـا خـۆیان دەکـردە ئـەوێوە، لەوێ خـۆشـتـرین لەفەکـانی سنەییـان دروست دەکـرد، پیـر و گـەنج کـە دەهاتنە شـــەقـامی شـــەشی بـەهمـــەنەوە، دەبـوایە لـە گـــەڕانـەوەدا ســـەردانی ئەو لەفـــەفـــرۆشـــیـــەیان بکردایە و لەفـــەیەکی هـەمـــبـــەرگـــریان بـخـــواردایە، هەمبەرگرەکەی زۆر بەناوبانگ بوو.

ئیسێ گوتی "وای ی چەند قەرەباڵغە، ئەمرۆش"

گوتم "باشتر" و بزەم بردەوە. ئیسێ بەخۆشییەوە بۆمی ڕوانی و دەستمی گوشـار دا و لەپشت سـەر دوو کـچەوە کە لەسـەرەی کـڕینی لەفەدا وەسـتـا

بوون، ڕاوەستاین. پێکەوە قسەمان دەکرد کە لە ناکاو کاکەم بەپەلە خۆی کردە لەفەفرۆشیەکەوە، ئیسێ زانی و خێرا دەستمی بەردا و یەک دوو هەنگاو لە من دووری گرت. کاکەم بەتووڕەییەوە چاوی دەگێڕا، ئیسێ لێی ڕۆیشتە پێشەوە "کاکە... لێرە چ دەکەیت" منیش بەرەو ئەوان ڕۆیشتم، هەرکە کاکەم چاوی پێمان کەوت لە ناکاو دەتگوت دوو چاوی پەڕییە تەوقی سەری و تفی لە ئیسێ کرد و زللەیەکی لێ دا و نەڕاندی "ئەی ناپیاو" پەنجەی بەرەو من ڕاوەشاند و قیڕاندی "مەگەر نەیتەوە..." بەهەمان تووڕەییەوە، لەوێ ڕۆیشت. ئیسێ هیچی نەگوت، سەری داخست و من لە پرمەی گریانم دا و خەڵکمان لێ تاسا و بێهەرووزی هەمبەرگرفرۆش خۆی پێمان گەیاند و بەحەپەساوییەوە پرسیاری کرد " ئەوە چی بوو؟"

***

هێدی هێدی پایزی من و کاکەم و ئیسێ بەتەواوی خەریک بوو لە ڕێگەوە بگات، لەوانەیە هاتبوو و ئێمە نەمانزانیبوو، کاکەم ئیدی قەت ڕووبەڕووی ئیسێدا نەکرایەوە و لە چەشنی قوش، چاودێریی منی دەکرد کە نەکات سەیرێکی ئیسێ بکەم، یان ئاماژەیەک، یان پێکەوە لە چەشنی جاران بۆ شوێنێک بڕۆین یان نەدەبوو هیچ جۆرە پێوەندییەکی ترمان هەبوایە، کاکەم بووبووە پۆلیسی من و ئیسێیش.

***

دڵ ٩

مانگ لە بازنەی تیشکی خۆیدا کەوتووەتە داو، لەم دەشتە بەرینە، کەس نییە جگە لە خانم، لە دوورەوە دێت، کەفی هەڵهێناوە خانم، ئۆفف ف ف ف چەند ناشیرینی لەم کاتەدا، تەنانەت ئەو جوانییە بێ هاوتایە نایەتە هاناتەوە، لەم شەوەدا زۆر لە خۆت و دەروونی خۆت دەکەیت خانم، پێم وایە هیچ کات تا ئەم ڕادەیە، لە خۆت نەچوویتە، سەیرکە خانم، سەیرکە پەلکەکانت چەند لە

دوو مـاری سپی دەکـەن، بزانە چۆن دەئاڵێنە یەکدا و دیسـان لەیەک دەبنەوە، سـەیرکە خانم، پەلکەکانت، ئەوانە کە لە مارە سپییە مەترسیدارەکان دەکەن، بزانە چەند لە تیشکی ئەو چاوانەت دەترسن، هەرکە سەر بەرز دەکەیتەوە و بۆ سـەرهەنگ دەڕوانی، تیشکی دوو چاوە ڕەشـەکانت، پـەلکەمار ئاسـاکانت دەبەزێـن و خـاو خـاو دادەکـەوێنـە سـەر شـانـەکـانـت، لە دوورەوە سـەیری سـەرهەنگ فـەرزام دەکـەی، ئـەو پیـاوە بالآبەرزە کـە لەوسـەری دەشـتـەوە ڕاوەسـتـاوە و لـە تـۆ دەڕوانـێت، ڕاسـت بـۆ تـۆ، ئای خـانم، دەزانی ئـەو سـەردەمـانە تێ پەڕیوە کـە بە نازەنـاز، دەخـزایتـە ئامـێزی سـەرهـەنگەوە و لە بازنەی شـەهوەتەکانتاندا، دەتوانەوە و بەدەم ئاخ و ئۆفـە شـەهوانییـەکانت، سـیـخـوڕیی خـەڵکت بۆی دەکـرد و چیـڕۆکی خـیـانەتەکـانی خـۆتت بۆی دەگێڕایەوە؟ سـەرهـەنگ خودی حکوومەت بـوو لە شاردا، لەسـەر قسـەی ئەو قسـە نەبـوو، ئەو، لە کاتێکدا کـە پرسـیـاری خـەڵکی لە تۆ دەکـرد، لە هەمـان کاتدا کـەوتبووە داوی تۆوە حـەزی لێت بوو، تۆ بەدەم مەسـتـی و شەهوەتڕانی شـەوانەوە، لە خـانووە شیک و ڕازاوەکەی لووتکەی ئـەو چیا بەرزە، کـە تەنیـا سـەرهەنگ و هەندێ هاومـاڵی ئەو دەیانتـوانـی بەزمـە شـەوانەکـانیـان لەوێ بگێـڕن، لـەو خـانـووە، تۆ پارە و زێڕت لە سـەرهـەنگ وەردەگـرت و سـێکس و خیانەت بەشـارت ئاراستەی ئەو دەکرد، واتە هەمان شتێک کە ئەو حەزی لێ بوو، بـەڵام هەرکـە ئـەو ئافـرەتە هاتـە ژیانی سـەرهەنگەوە، تۆی لە بـەرچاو کـەوت، خۆت کردت، خۆت ئەو ئافرەتەت بە سـەرهەنگ ناساند، لەو شـەوەدا، لە ئەو کۆنسێرتەدا، کە خۆت و سەرهەنگ میوانی تایبەتی بوون، ئەو ئافرەتە جـوانەت بە سـەرهەنگ ناسـاند و نیگایان لە نیگای یـەکتـر گـیری خـوارد، هێـدی هێـدی تۆ کـەوتیـتـە پـەراوێزەوە بەڵام خـەڵاتەکـانی سـەرهەنگ بۆ تۆ زۆریان کرد، هـەرکە بەلا دەمـێکەوە، باسـی ئافرەتێک یان کوڕە باشـەکانی شارت بۆی دەگێڕایەوە و باسـی ئەوە کە سەرقاڵی چین و هاوڕێیەکانیان کێن و خـانوویان لە کـامـە گەڕەکدایە و ڕەقـەمی مـۆبایلەکانیـان چەندە و ئیـمـەیلە

نهێنییەکانیان کامەیە، سەرهەنگ فەرزامی خوێنڕێژ پارەبارانتی دەکرد. بەڵام پاش هاتنی کچی ویۆلۆنژەن، تۆ، لە ئەو کەوتیتە گومانەوە، تۆی بێرەحمی کۆنەکار، کەوتیتە گومانەوە... بیرتە خانم؟ بێگۆمان تێ دەگەی ئاماژە بەچی دەکەم، با، دەزانی، تۆ، سەرهەنگت خستە داو، دواتریش خودی خۆت، ئافرەتی ویۆلۆنژەنت بەتەواوی نابوود کرد، بەڵام هەر ئۆقرەت نەگرت، کوشتنی کچ و نەخۆشییە بێ دەرمانەکەی سەرهەنگ، قەت ئارامییان نەبەخشییە دەروونە کۆن و ڕەشەکەی تۆ، تا ئەو شەوە.... ئەو شەوە، لەو ماڵە ئاکامت هێنایە سەرهەنگ فەرزامی خوێنڕێژ و خاینی بەخەڵک، بەڵام هەمووی خەیاڵ بوو خەیاڵ، سەرهەنگ ئێستا کە لە ئەوسەری ئەم دەشتە بەرینەدا ڕاوەستاوە و بۆ تۆ دەڕوانێت، ئای ی ی ی چەند ناشیرینە ئێستاکەت خانم، تۆ ئیدی پێویستت بەناز و نووزە شەهوانییەکانت نییە، ئەو تۆی ناسیوە، تۆ دەروونی خۆتت، دەمێکە بۆ ئەو ئاوەڵا کردووە، تۆ بەکەف هەڵهێنان و بۆڵەبۆڵەوە، بەرەو ئەو دەڕۆی، سەیر، ئیدی نەک هەر گەنج و جوان نایەتە پێش چاوانەوە، بەڵکو هێدی هێدی ڕواڵەتی ڕاستەقینەت خەریکە دەردەکەوێت، دەزانی چۆن وات لێ دێت خانم؟ با، خۆت چاکی لێ دەزانی، نە سیحرێک لە کاردایە و نە نهێنییەک، تەنیا ئەوە کە دنیا ئیدی بەدڵی تۆ نەماوە، کەس ئیدی بایەخ بەتۆ یان ناز و نووزەکانی تۆ نادات، ئیدی عەشق نەماوە، ئەوین لە کوێیە بۆ تۆ؟ کەس ئیدی حەزی نییە لەگەڵ تۆدا سێکسێکی بێ بایەخیش بکات، کەس ئیدی گوێ لە نازەنازەکانی تۆ ناگرێت خانم، بۆیە لەم کاتەدا تۆ ئیدی پێویستت بەڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆت هەیە و باش خۆتیش لێرەدا دەدۆزیتەوە، تۆ لێرەدا نەک هەر بووکەشووشە نیت بگرە پیرە قرژانگی شاری کە جووتێک پەلکەی سپی کەوتووەتە سەر شانەکانت، دوو پەلکە کە لە دوو ماری سپی دەکەن، بەڵام مارەکان لە ئاگری قینی تۆ دەترسێن و جووڵەیان لێ دەبڕێت و سەیر لەوەدایە کە لەم کاتەدا سەرهەنگیش وەکو تۆی لێ هاتووە، ئەویش بووەتە

خاوەنی جـووتێ پەلکەی سپی و جـووتێ چاوی پڕ لە قین و جووتێک مەمکەی سیسیاگ، ئێستا و لەم کاتەدا دەقاودەقی یەکن، دەڵێی هیچ کات دوو کەس نەبوونە، بەڵام دەبێ چی بکەن، لە ڕاسـتیدا دوو کـەس لەمسـەر و ئەوسـەری دەشت ڕاوەسـتاون، یەکێکیـان خـۆتی و ئـەوی تریان سـەرهـەنگ فـەرزامـە، لە ڕاستیدا ئێـوە دوو کەسن، ئەو لەوپەری دەشـتەوە ڕاوەسـتاوە و تۆ لەمسـەری دەشـتـەوە، لەژێر جلەکانت دەمـانچـەیەک دەردێنیت و بەرەو ئەو دەتەقـێنیت، یەک، دوو، سێ، هـەرچی گوللەی تێـدایە بەرەو ئەو دەیانـتـەقـێنیت بەڵام ئەو ڕاوەسـتاوە و هیچ گوللەیەک لەم دنیـایەدا برین ناخـاتە سەر سـینگی ئەو، تو وەکـو مـار دەکـیـفـێنیت، بەڵام قـاقـای سـاردی سـەرهـەنگ مـانگ لـە بازنەی زیوینی خـۆیدا دەرباز دەکـات و دەیخـاتە پشت هەورێکی ئەسـتـوورەوە، تاریکیی دەشـتـەکە دەتەنێت، لەو تاریکییـەدا، دەنگی کـیفـەکـیـفی تۆ و وێنەی پەلکە سـپییـەکانت، دیارن، تەنیا ئەو دوو دانـە دیارن و لە پانتاییی ئەو قاقا سـارد و سامناکانەدا ون نابن، نا، نابن...

دڵ ١٠

دڵۆپـە ئارەقــەکـان، تەوێڵـی کـچــە ویولـۆنژەنەکــەیان تـەنی بوو. ئـەو خـەڵـکە حەیرانی جوانییەکانی کچی مۆسیقا رودەنگی سازەکەی بووبوون.

خـانم بەهـێـواشی لیـسـتـی ئەو کـەسـانە کـە نەدەبوو ئەو شـەوە لـە هۆڵی کۆنسـێرتدا بـواتایێن، دابەدەسـتی سـەرهـەنگەوە. لیسـتی ئەو کەسـانـە کـە بەتایبـەتی کچی مۆسـیقا رودەنگیانی کردبوو. سەرهـەنگ مـەست و حەیران، سـەیری کچی ویولۆنژەنی دەکرد.

خـــانم هـەســتی بـەو حـــاڵـەتـەی ســـەرهـەنگ کــردبوو، بـۆیە لەو کـــاتەدا، کاغـەزەکەی دەرهێنا. پـەنجـەی خسـتـە سـەرشـانی سـەرهـەنگ. سـەرهـەنگ ڕاچەڵەکی و گوتی "ها..."

تۆ، تۆی سەگی سیخوڕە ڕقت هەستا بوو، لە ئەو کچە هەندەرانییە و لە سەرهەنگ فەرزامی ئازیزت، با، هەمان دۆستی هەزاران ساڵەت کە لە ئامێزیدا هەموو ئیشێکی ناشیرینت لێ دەوەشایەوە.

سەرهەنگ سەیرێکی لیستەکەی کرد و بێدەنگ کاغەزەکەی لە گیرفانی باخەڵی نا. کچ ئەو خەڵکەی لە زەریای دەنگی جوانی سازەکەی نوقم کردبوو. سەرهەنگ ئەو شەوە بەگەرمی لەگەڵ ئەو کچە دوا و ڕێزێکی باشی لێ گرت و بۆ بەیانی دەنگی کرد بڕواتە دایرەوە.

خانم، ئەو شەوە هەستت کرد ئامێزی سەرهەنگ فەرزام ساردە، لە پەسا نیگای لە شوێنێکی میچی ژووری خەوتنەکەتاندا، ڕادەما. بیرت دێ کام ژوور دەڵێم؟ با، خۆیەتی، ژوورێکی هەمان خانووی لووتکەی بەرزترین چیای شار، خۆ دەزانی مەبەستم کامە چیایە؟ خەریک بوو شێت ببیت، بەتایبەت کە بۆ بەیانی بەتۆی نەگوت کە تۆش لەگەڵ کچی مۆسیقاری هەندەرانیدا بڕۆیتە دایرەوە.

هاتوچۆی کچ بۆ لای سەرهەنگ زۆری کرد. بەتایبەت کە پاش گەڕانەوەی کچ بۆ وڵاتی خۆی، سەرهەنگیش فێری ڕۆیشتن بۆ لای کچ بووبوو. لە پێشدا هەوڵت دا لەیەک دووریان خەیتەوە، بەڵام نا، نەدەکرا، ئەوان سەریان کردبووە سەری یەکتردا، تۆ نەتتوانی سەر لە کاریان دەربێنیت، ئەوان خۆیان لە تۆ دەپاراست، بەڵام سەرهەنگی فێڵبازیش چاکی لێ دەزانی، گیرفانەکانی تۆی لە بەرتیل ئاخنی بوو، بەڵام سوودێکی نەبوو خانم، نا، سوودێکی نەبوو، دڵی ڕەشی تۆ ئارام و ئۆقرەی نەدەگرت.

تۆ هەوڵت دا سەرهەنگ لە وڵاتی کچ بترسێنی، گوتت "لەوێ دەتکوژن، ئەوێ شوێنگەی ئەو کەسانەیە کە بەخوێنی تۆ تینوون، ئەوانە کە لە دەستی تۆوە هەڵاتوون، لەوێ لەناوت دەبەن "وات لێ کرد کە تۆزێک ترسا، بەڵام عەشق و دڵداری، بەتایبەت بۆ سەرهەنگ فەرزامی خوێنڕێژ ئەو قسە و

باسـانەی هەڵنەدەگرت. خـانم، ئەوان دڵیـان دابوو بەیەک، نەتتوانی ئەم جـارە قسەی خۆتی پێی بسەلمێنی.

ســـەرهـەنگ فــەرزام دەســـەڵاتدار بوو، پـارەی هـەبـوو، زێڕی هـەبـوو، خــۆ دەزانی مـەبەستم کـامە زێڕ و پارەیە؟ هـا؟ خۆتی لێ گێل مەکە، باش دەزانی مـەبەستم چییە، با، خـۆیەتی، مەبـەستم هـەمـان سیستمی مافیایە، مـافیـای تاڵانکردنی ژێر خاکییەکان.

لە پێنج بـەشـەکەی وەڵات، بگرە یەک بەشی لەژێر دەسـەڵاتی سـەرهـەنگدا بوو، ئەو بەشـێکی مەزنی لەو سیسـتمـە مافیایە گرتبووە ئەسـتۆ، ئەو لـەگەڵ ژێردەسـتـەکانیدا تاڵانیـان کرد ئەم وڵاتە سـووتاوە، لە سـیسـتمی مـافـیـاییی سـەرهـەنگدا، کـەس ویسـتی تەنانەت فزەکردنیشی بۆ نەبوو، هـەرکـە، کـەس پرسـیـارێکی بکردایـەت کـە بۆچی و چـۆن دەبێ وا بێت، بـێ قـسـە و باس لەناویان دەبرد، یان خـراپیـان دەکرد و دەبووە بنێشـتـە تاڵەی زاری خـەڵک و ئیدی لە ڕووی نەدەهات لەو شـارە بمێنێتـەوە یان بەجـۆرێک سەریان دەکردە ژێر ئاوەوە و دەیان دا بەگیری حکوومەتییەکاندا و دەبوایە سـاڵگارێکی زۆر لە بەندینخانەدا بمێنێتەوە و یان هـەر لە وڵات ڕاویان دەنا.

تۆ چاکت دەزانی ئەو خـەریکی چیـیـە و چەنـدە خـاین بەگـەلـە، بەڵام لەو تاڵان تاڵانە بەشـی تۆشی دەدا، بۆیە قـەت قسـەت نەدەکرد و خـۆتت لێ گێل دەکرد.

سـەرهـەنگ لە وڵاتی کـچـدا، بـووبوو بەبازرگـان و تەجـارەتـخـانەیـەکی پێک هێنا، نـاوی لێ نـا کـۆمـپـانیـای «سـوکـار فـەرزام»، کـۆمـپـانیـا بۆ سـەرهـەنگ کارئاسـانیی کرد، واتە ئەمی زۆر لە کچ نێزیکتر کردەوە، نێزیک و نێزیکتر، هـی ئەوە بوو وات لەو کچە بەستەزمانە کرد.

خانم خـۆت بڵێ، کچی مۆسـیقار چۆن دەبوایە بـیزانیبـایە فەرزام یەکێ لە خـوێنڕێژترین پیـاوەکانی ئەم وڵاتـەیە؟ هـاااا؟ چۆن بیـزانیبـایە خـانم؟ نـا، ئەو

هیچ کات نەیزانی هەڵسوکەوتی فەرزام بەرانبەر بەهەمووان بەم جۆرەیە.

کاتێک کە سەرهەنگ دەچووە لای کچە مۆسیقار، زۆربەی ئێواران، کچ ویلۆنەکەی هەڵدەگرت و بەرەو دەشت و دۆڵ دەڕۆیشتن، سەرهەنگ جگەرەی دەکێشا و بۆ دوور دەیڕوانی و دەنگی مۆسیقای کچ، دەروونی ئەوی سارێژ دەکرد، با سارێژ.

کچ تا ئەو ڕادەیە ئەویندارانە لەگەڵ سەرهەنگدا هەڵسوکەوتی کرد کە خودی سەرهەنگ، هەندێ جار لە خۆی دەکەوتە گومانەوە، لە خۆی پرسیاری دەکرد "ئەم کچە چی لە مندا دۆزیوەتەوە کە بەو جۆرە ڕێگەمی داوەتە دەروونی خۆی و بایەخی وام پێی دەدات؟"

لە ڕاستیدا خودی سەرهەنگیش نەیدەزانی کچی مۆسیقار چی لە ئەمدا دۆزیوەتەوە، چونکە ئەو لەگەڵ ئافرەتاندا بەیەک شێواز هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەی ئەم بۆ بە شێوەیەکی تر وەڵامی دابووەوە؟ سەرهەنگ هەر ئەوەی دەزانی کچ لەگەڵ هەموو ئافرەتێکدا جیاوازیی هەبوو و بڕوای بەسەرهەنگ هێنابوو، لە چ ڕوویێکەوە، سەرهەنگ لەمە تێنەدەگەیشت، بۆیە نەیدەوێرا بەهیچ شێوەیەک کچ لە دەست بەردات و بۆ خۆی پاراستبووی.

دوواتر خۆی بەلاتەوە درکاندی کە دەنگی سازەکەی کچ و شێوازی عەشقی ئەو بەرانبەر بە ئەم، چەند لە سەرهەنگدا کار دەکات و چەند بەلایەوە مەزنە و لە پێوەندی لەگەڵ کچدا تا چ ڕادەیەک برینەکانی دەروونی دەرمان دەبوون.

تۆ، لە قاقای پێکەنینت دا و گوتت "برین؟ مەگەر کەس بووە بتوانێت برین بخاتە دەروونی تۆوە؟"

سەرهەنگ هیچی نەدەگوت و تەنیا بیری لە عەشقی کچ دەکردەوە، کچ لە ڕاستیدا پشتی بەعەشقی سەرهەنگ بەستبوو، سەرهەنگیش لەوە تێگەیشتبوو، بۆیە سەرمەستانە هەوڵی دەدا ئەو دنیا نوێ و جوانە لە

دەستی دەرنەچێت.

کچ جگە لە ساز و سەرهەنگ بیری لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە، خۆی تەرخانی ئەو کردبوو، ئەو ناسکترین لایەنەکانی سەرهەنگی خوێنڕێژی خستبووە ڕوو، با، تۆش هەستت بەوە کردبوو خانم، هەستیشت بەوە کردبوو کە سەرهەنگ خەریکە لە دنیای خۆی دوور دەبێتەوە، ئەو دنیایە کە تێیدا ژیا بوو، واتە دونیای خوێن و خوێنڕێژی و خیانەت، بۆیە زۆر دەترسای زۆر، زۆر. کچی مۆسیقار تەنیا بەبۆنەی ئەوینیەوە وای لە خۆی کرد کە کردی.

لە پێناوی کۆمپانیای سووکار فەرزام و هاتوچۆی سەرهەنگەوە بۆ ئەوێ، وا بڵاو بووبووەوە کە سەرهەنگ لەگەڵ یەکێ لە ڕێکخراوەکاندا ڕاهاتووە. ئەو ڕێکخراوە کە تایبەت بەخەڵکی یاخیبوو، هەمان کەسانێک کە دژ بەحکوومەت بوون و لە تاو سزای حکوومەتییەکاندا، بەرەو ئەوێ ڕایان کردبوو، تەنانەت وا بڵاو بووەوە کە خودی سەرهەنگ بووەتە یارمەتیدەریان و هەندێ کەسیش دەیانگوت بووەتە ئەندامیان و پارەی زۆریان بۆ سەرف دەکات. دەزانی خانم، ئەو ئیشانە تەنیا لەبەر خاتری عەشقی کچی مۆسیقار هاتبوونە ئاراوە، خۆتیش لە کردەوەکانی سەرهەنگ چاک تێگەیشتبووی.

بۆیە هێدی، هێدی ڕواڵەتی ڕاستەقینەت دەرکەوت، لە ڕاستیدا ئیدی نەتتوانی وەکو جاران دەروونت داپۆشی.

"شار بێ خاوەنە"، ئەمە قسەی تۆ بوو. کە سەرهەنگ لە گێژاوی عەشقی کچە هەندەرانییەکەدا خنکا، تۆ ترسای، هەستت دەکرد وەکو جاری جاران چەپۆکی دەسەڵات، جەستە لاواز و بریندارەکەی شار ناچەوسێنێتەوە و برینەکانی تازە ناکاتەوە.

سام داتی گرتبوو، دەزانی بۆ؟ با؟ چاکی لێ دەزانی، تۆ لە ئەو

ڕووناکبیرانە دەترسایت کە تازە تێگەیشتبوون، کتێب و دەقەکانیان شار بەرەو شارستانیەت دەبات.

بەهۆی پێنووسەوە زۆر شت بۆ خەڵک دەردەکەوت، لەوانەش بوو کە تۆش دەرکەوتبایەیت، بێ باوان کەوتبوویت خانم، بێ باوان.

هیچ کات ئەو نیوەڕۆیە لە بیر ناکەیتەوە، خەریک بوو سەری خەوێک بشکێنیت، خەوی نیوەڕۆ زۆر خۆشە، هەر زۆر خۆشە و ناخۆش ئەوەیە کە لە پڕ تەلەفۆن لە زەنگ بدات و کەسێک لەودیوی تەلەفۆنەکەوە بەچپەیەکی سامناکەوە بڵێت "خانم، هۆی کۆنە سیخوڕی سەگ، لەم ڕۆژانە بۆ ئەم خەڵکە هەژارە دەرت دەخەین، باش دەرت دەخەین، کاتی مردنت نێزیکە"، لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە کە دیسان لە پڕ دەنگەکە ببڕێتەوە و تۆ تەنانەت دەرفەتت نەبێت پرسیارێکی لێ بکەی و پاشان دڵت وەکو دڵی چۆلەکە لێ بدات.

لە پەسا، وەرزنامە و مانگنامە و حەوتەنامەکان سەریان هەڵدا، خەڵکی قسەزان و بلیمەت و ڕووناکبیر، بەرەو گۆڕەپانی نووسین هورووژمیان هێنا، بازاڕی نووسین گەرمەوە بوو، هەرکە شتێکی لێ دەزانی ڕێگە دەدرا بۆ نووسین، خەڵک سەری سووڕمابوو، داخۆ ئەو هەموو نووسەر و قسەزان و ڕووناکبیرانە لە کوێی ئەم شارەدا حەشار درابوون، تۆوی ئەمانە کەی و چۆن لە زەوینی سووتاوی ئەم شارەدا کێڵدرا بوون، لە کامە وەرزدا چەکەرەیان هێنابوو، چۆن سەوز بووبوون و سەریان هەڵدابوو، کەی بووبوون بەنەمام و زۆریان کردبوو؟ خەڵک سەرسام مابوون، ئەمانە لە کوێ بوون کە ئەمان هەستیان بەهەبوونیان نەکردبوو، بەڵام ئەوان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زۆریان دەکرد و ترسی تۆ و هاوماڵەکانت زۆرتر دەبووەوە.

"شار بێ خاوەن ماوەتەوە سەرهەنگ واز لەم کچە مۆسیقارە بێنە، باشە، کچی جوانت دەوێت؟ هااااا؟ دە بڵێ، لە منت بوێت، دێنم بۆت، کچی زۆر

جـوان و بێ هـاوتا، وەکـو داری عـەرعـەر، قـەڵـەو، ناسک، سـپی، ئـەسـمـەر، چاوکاڵ، چاوڕەش، باڵابەرز، خنج و منج، وەکو نوقوڵ، هـااااا، دەی بڵـێ، بڵـێ چۆنت پـێ خـۆشـە، بۆتی دێنم، کـوڕ چی؟ کـوڕی جـوان و لەباریشم پـێـیـە، باشـە؟ ئەگـەر منت ناوێت، قبـووڵمە، هیـچ ناڵێم، هـەر پێداویستییەکیشت لەم بارەوە هـەبێت، بۆتی جێبـەجێ دەکەم، بەڵام واز لـە کـچی مـۆسـیـقـار بێنە، تکایە وازی لێ بێنیت، شار بێ خاوەنە، سەیر، سەیر ئەو خەڵکە چۆن لەمانە کۆ بوونەتـەوە، گوێ بگرە چی دەڵێن و چەند قسەیان گۆڕدراوە، بزانە خەڵک چۆن سـەیری ئەوان دەکەن و دواتر بزانە داوای چیمان لێ دەکەن، ئاخـر بۆ خۆتت کردووەتە کەڕ و کوێر، نابیسی؟ هاااا؟ نابیسی؟ گـوێ لە ئەو دەنگانە بگرە کە قسـەی نوێیان پێیە، تۆ چۆن هـەست بەمـەترسی ناکەیت؟ ئاخر چۆن نابیسی و نایێتە خۆتدا؟ لەم دواییەدا، نازانم کەی بوو؟، مێتینگێکیان بەرپا کردبوو، نازانم بەبۆنەی چییەوە بـوو، ئاخر لەم شـارەدا کـەی ڕێز لەم ڕۆژانە گیـردراوە، کـەی ئێمە فرمـان بەکاروباری خـەڵکی دنیـاوە بووە تاکو ئێسـتـا خـۆمـان ڕێزیان لێ بگرین، ئێمـە کـەی دەرفـەتی ئەم جـۆرە قسـە قـۆڕانەمـان هـەبووە تـاکو ئێـسـتـا بکەوینە دووی ئەمـانەوە و بزانـین کـەی ئـاوری ڕقـیـان بەرەو خـۆمان پەرە دەسـتێنێت و دەمـانسووتێنێت، مەگـەر نەتبیسـت هـەر لەو ڕۆژەدا ئەوان دەیانویست ڕێپێـوانیش بەڕێ بخـەن، گـوێت لێیـە چی دەڵێم، ڕێپێوان، ناترسی؟ ڕێپێـوان تۆ وەبیر شـتێکی مـەترسیدار ناخـاتەوە؟ هاااا؟ دەزانی ڕێپێوانەکان لە ئاکامدا چییان لێ دێت و بەچی دەگۆڕدرێن؟ ئاخر بۆ وریا نابیتـەوە، عەشـقی چی و گووی چی واز بێنە لەم کـچە هـەندەرانییە، لەو کـچە سـووتێنەرە، دەتسـووتێنێت سـەرهـەنگ، ئێمـە بڕیارێکی ترمـان بەیەک دابوو، ئێمە........"

ئێمـە، ئێمە، لە پەسا خـۆتت لە جیاتیی سـەرهـەنگ دادەنا، نەتدەزانی خۆت لەو کاتانەدا سـەرهـەنگێک بوویت و سـەرهـەنگیش خانمێک بوو، ئەو لە چاوان کـوێر بووبوو، لە گـوێ کـەڕ، ئیـدی تۆ هیـوایەکت بە سـەرهـەنگ نەمـابوو، لە

دەست دەرچووبوو.

کۆبوونەوەت ساز کرد، خۆت لەسەر کورسییەک و هاومالّەکانت لەسەر قەنەفەکان دانیشتن، تۆ هەستت بەپاشایەتی دەکرد، هەستت بەسەرهەنگیەت دەکرد، بەلای تۆوە سەرهەنگ پاشایەک بوو، بێوێنە، لەسەر ئەو کورسییە و بەرانبەر بەهاومالّەکانت، هەستت دەکرد بۆ خۆت سەرهەنگێکی واتە پاشایەکی، خانمی پاشا بەدزیی سەرهەنگی عاشقەوە، کۆبوونەوەی ساز کردووە، ئێستا لە راستیدا ئەو خانمە و تۆ سەرهەنگی. لەو کۆبوونەوەدا، هاوڕێیەکانت هان دا بەدزیی سەرهەنگەوە بڕۆن بۆ پایەتەخت. بارودۆخی نوێی شار بۆ سەرۆکەکان شی بکەنەوە، "با سەرهەنگ نەزانێت، کەس ئاگەدار نەبێت"، تۆ ئەمانەت گوت، تەنانەت پارەی هاتوچۆکەتان بەناو بەشداریکردن لە کۆڕێکی هونەری لە پایەتەختدا، لە سەرهەنگ وەرگرت، ئەویش بۆ پاراستنی خۆی لە بۆڵەبۆڵەکانی تۆ هەڵی ڕژاند پارەیەکی زۆر.

تۆ کودەتات کرد دژ بە سەرهەنگی عاشق.

بێ ئەوەی سەرهەنگ ئاگای لێ بێت، پاش دەمێکی کورت، پسوولەی هاتوچۆی هەندەرانت لە سەرۆکەکان وەرگرت نەک هەر بۆ خۆت، بگرە بۆ هەندێ لە هاومالّەکانت کە تا ئەودەمە نەناسراو بوون، گرووپێکت پێک هێنا، گرووپێکی نوێ، خۆتت لکاندە نەمامەکانی شارەوە کە لەوانەبوو لە زووترین کاتدا دەشتستانێکی سەوز پێک بێنن، ئەوانە کە لە سەردەمانێکی تەماویدا چەکەرەیان کشابوو، بێدەنگ سەوز بووبوون و خەریک بوون زەوییە سووتاوەکەی شار سەوز کەنەوە، تۆ کردت، تۆ لەگەڵ هاومالّەکانتدا، لە ژن و پیاو، ئێوەش دەنگێکی نوێتان هەڵدا، وەکو زالوو خۆتان لکاندە ئەوانەوە و دەستتان کردە لەناوبردنیان.

وەکو خورە، هێدی هێدی بەزاری نەگریسی ئێوە خوران، شار هەڵقرچرا،

سەرلەنوێ سووتا.

ئێستاش باش دەکەی، خەریکی بە وتەی خۆت، بە دەستی خۆت، خۆت بۆ من و ئەم بەستەزمانانە دەردەخەیت، ئیدی کاتیەتی، با، چاک دەکەی، سەیر سەیر.. گوێ بگرە خانم، گوێ لە ئاه و ناڵە و گریانە هەتاهەتایەکانی ئەم دوو بەستەزمانە بگرە، سەیرکە و تێ بگە یەکە بەنیازن هۆی زڵم و زۆرەکانی ژیانیان بدۆزنەوە، چەند بەپێویست دەزانن هۆی کوشتنیان دەربکەوێت، هەرچەند هەزاران کەس لەم سەردەمەدا بەبۆنەی زڵم و زۆر و دیکتاتۆریەتی سەرهەنگەوە لەناوچوون، کوژران، بێدەنگ بوون و کەس قەت ئاگای لێیان نەبووە، بەڵام هەر خراپ نییە، باشە کە حەقیقەتی ئەم دوو بەستەزمانەش دەرکەوێت، چیرۆکی ئەمان جیاوازیی هەیە، چیرۆکی ئەمان چیرۆکی عەشقە، یەکجار بێکەس و بێتاوان کوژران، یەکجار بێدەنگ و بێتاوان لەناوچوون، ئەویش بەهۆی یەکێ لە ئەندامانی بنکەی زڵم و زۆرەوە، واتە خۆت، خۆتی سەگی سیخوڕ.

هیچ کات کەس ویستیان زاتی ئەوەی نەبوو کە هەقیقەتی سەرهەنگ و سیخوڕەکانی دەربخات، ئێستا کە خۆتان خەریکن گۆڕی خۆتان ئامادە دەکەن، بەبۆنەی خەم و گریانەکانی ئەم دوو بەستەزمانەوە کە ڕێک چنگتان خستە نێو سینگیان و دڵە عاشقەکەیانتان دەرهێنا و لە شیشتان دا و خواردتان، ویستتان لێ بڕاوە و خۆتان خەریکن خۆتان دەردەخەن، بەڵام خانم تۆ وا نەبوویت، نا، وا نەبوویت، بەبۆنەی نەداریەکانتەوە کەوتیتە داوی سەرهەنگەوە، تۆ خۆتت فرۆشتە پارە و زێڕەکانی سەرهەنگ، بێ ئەوەی خۆت هەست بکەی، بوویتە سێبەری سەرهەنگ، کاتێک وریا بوویتەوە کە کار لە کار ترازا بوو، ڕێگەت نەبوو بگەڕێیتەوە، بۆگەنی خیانەتەکانت تا سەر ئێسقانەکانیشت گەیشتبوو. پاشان عەشقی نەگریست وای لێت کرد کە خودی سەرهەنگیش کەوتە مەترسیی خیانەتەکانی تۆوە.

پاش ئەوەی کە یاخییەکان سەریان لە فێڵکاریی سەرهەنگ دەرهێنا، بۆ کوشتن و تیرۆرکردنی، وەدووی کەوتن، فەرمانی کوشتنی سەرهەنگ لە نێوان یاخییەکاندا بڵاو بووبووەوە و گەیشتە گوێی تۆش، تۆزێ دڵت ئارامیی پێدا هات، کەوتیتە بیرکردن و نەخشەکێشان کە چۆن تۆڵەی لێ بکەیتەوە، تاکو ئەو شەوە.

پاش ئەوە کە تۆ کچی مۆسیقارت بەهاودەستی هاوڕێیە فیلمسازەکەت لەناوبرد و هاوکات کەسایەتیی سەرهەنگ بۆ هەمووان کەوتە ڕوو، ژیانی هەردووکتان کەوتە بازنەیەکی ترەوە، بازنەی چاوەڕوانییەکی ڕەشەوە، تۆ لە چاوەڕوانیی چاوپێکەوتن و تۆڵەکردن لە سەرهەنگ و ئەویش لە چاوەڕوانیی ڕزگار هاتن لەو بارودۆخە کوشندەیە، چونکە سەرهەنگ لە تاو یاخییەکاندا خۆی شاردبووەوە و نەیدەتوانی وەکو جاری جاران هاتوچۆ بکات، بەتایبەت کچی مۆسیقاریش مردبوو و ئەو هەستی بەنائومێدییەکی بێ ئاکام دەکرد، کەس نەیدەوێرا بڕواتە قەرەی سەرهەنگەوە، هەرچەند ئەو بەبۆنەی ماڵ و سامانڵ و دەسەڵاتیەوە پێویستی بەکەس نەبوو بەڵام بەرانبەر بەسەرۆکەکانی حکوومەت نەیدەتوانی وەکو جاران خۆی بنوێنێ، وەکو پێشتر سەرۆکەکان بەجێ متمانەیان نەدەزانی.

خانم، ڕادەی ڕق و قینی تۆ بەرانبەر بەئەو دانەبەزی، تەنانەت لەو شەوەدا کە پاش دەربەدەرییەکی زۆر بێ ئەوەی کەس ئاگای لێی بێت هاتە بەر دەرگای ماڵەکەتان و پاش ئەو هەموو ناکۆکییانە کە لە نێوانتاندا ڕووی دابوو، ئەو لە عەشقەوە دوا، بەنەرمی و عاشقانە قسەی کرد، بەڵام تۆ... بەتوندی ڕاوت نا و نەتوێرا تەنانەت گوێ لە یەک وشەشی بگریت، ئەویش لەو کاتەدا بڕیاری دا تۆڵەت لێ بکاتەوە، تەنانەت کاتێ زانی کچی مۆسیقار بەدەستی تۆ لەناوچووە، سوێندەکەی دووپات کردەوە کە لەناوت ببات بەڵام هەی هات، کێ دەزانێت چی لە ئارادایە، تەنانەت سەرهەنگیش نەیدەزانی.

تۆڵە، تۆڵە، دنیای تۆ و دەبووە تۆڵەکرد، ژیانتان لە بازنەی تۆڵەکردنەوەدا دەسوورِا، تۆڵە... تۆڵە... نەفرەت لە تۆڵە.... تف لە تۆڵەکردنەوە....

سەرهەنگ بەقسەی هەمان هاورِێی فیلمسازت، بۆی دەرکەوت کچی مۆسیقار بەدەستی تۆ مەسمووم بووە و کوژراوە. لەوێدا برِیاری تۆڵەکردنەوەی بەخۆ دا.

لەو شەقامە، شەقامی ژوانەکانتان، تۆی گرتە بەر شەق و زلە، قینی تۆ لە ئەو زۆری کرد، ئاگری تۆڵە لە دڵتدا شەماڵەی ساند، گرِت لێ بەربوو، گرِی کوشتن و لەناوبردنی سەرهەنگ.

بەهۆی یەکێ لە بەکرێگیراوەکانت شوێنی سەرهەنگت دۆزییەوە و کابرات ناردە سەری، لەو شەوەزەنگەدا کە چاو چاوی نەدەدی، کابرات ناردە سەری و کابراش چەقۆی لە دڵی نا، بێ ئەوەی کەس لەو کارەساتە تێ بگات، بێ ئەوەی ئاو لە ئاو تەکان بخوات، تۆڵەت لێ کردەوە.

ئێستا پێت وایە گوللەکانی دەمانچەکەت دەتوانن ئەو لەناو ببەن، وا دەزانی دەتوانی تاپۆی ئەو لەناو ببەیت، هەست دەکەیت کە دەتوانی ئەو لە ژیانت بسرِیتەوە بەڵام نا، ناتوانی خانم، نا، ناتوانی.

تۆ هەر دەزانی کێ ئەم دوو بەستەزمانە و تەنانەت منیشی بەخەبەر هێنایەوە؟ هاااا؟ دەزانی؟ با، خۆت، خۆت ئێمەت بەخەبەر هێنایەوە، تۆ خۆت وەدووی ئێمەدا کەوتی، ئەمەندە گەرِای و گەرِای تاکو ئێمەت بەخەبەر هێنایەوە، چونکە تۆ ناتوانی واز لە سەرهەنگ بێنیت، تۆ وا بیر دەکەیتەوە کە عاشقی، عاشقی سەرهەنگ، بەڵام بەلای تۆوە عەشق چ مانایەکی هەیە، تۆ وا بیر دەکەیتەوە بەڵام تۆ فرِت بەعەشقەوە نەبووە، بگرە تۆ بۆ مانەوەی خۆت پێویستت بەهەبوونی ئێمە و سەرهەنگیش هەیە، هەرچەند ئەوت کوشت بەڵام ناتوانی لە ژیانت بیسرِیتەوە بۆیە ناهێڵی بمرێت، بەهەمان بیانووش ناهێڵیت ئێمەش بمرین، با ئێمەش، تۆ منیشت دەمێکە داوەتە

کوشتندا، دەمێکە، منیش سەردەمانێک لە تەنیشتی تۆدا ژیاوم، با، وەکو ئەو هەمـوو خەڵکە منیشت لەناوبرد، با، بەڵام ناتوانی منیش لە خـۆت بسڕیتەوە، تۆ ناتوانی.

***

کێ بیری دەکردەوە کاتێک بگات کە کاکەم دیسان عاشق ببێتەوە و خانمی لە بەرچاو بکەوێت. بەڵێ، وای هاتە ئاراوە. عەشق وای لێ کرد کە ئیدی نەیدەوێرا چاو بخاتە نێوچاوانی خانمەوە، ڕەنگە بەبۆنەی ئەم هەڵسوکەوتەی بوو کە وای بەسەر هەمووماندا هێنا و ئەو شەوە شوومە لامان دروست کرا.

ماوەیەک بوو کە کاکەم هەرچەند ڕۆژ جارێک و دواتر ڕۆژ نە ڕۆژێک و لە ئاکامدا هەموو ڕۆژێک دەهاتە زانکۆوە، لەپێشدا من و ئیسێ، وامان بیر دەکردەوە کە بەبۆنەی چاودێری لەسەر ئێمەیە کە بەردەوام هاتوچۆی زانکۆ دەکات.

خۆم زۆرتر بە ئیسێوە نوساند و گوتم "لەوانەیە سیخوڕیمان دەکات"

ئیسێ ماچی نێو دەممی کرد و گوتی "دڵەکەم، پێویست ناکات کە ئەو خۆی ببێتە سیخوڕی من و تۆ، ئەو نەفەری زۆری هەیە بۆ ئەم ئیشە، دەتوانێت یەکێ لە خوێندکارەکان بکاتە سیخوڕمان کە هەر بەبۆنەی سیخۆوڕیکردنی هاوپۆلەکانیانەوەدا دەسپێرن، ئیدی چ پێویستە کە جەنابی سەرهەنگ خۆی، بێتە زانکۆوە، نا، کێشەکە لە شتێکی تردایە، دەبێ دەری بخەین و خەیاڵی خۆمانی پی ئاسوودە بکەین"

پشتم لێ کرد و یەک تۆز لە سینگە پان و بەرینەکەی خۆم کێشایەوە و زمزەمەم کرد "بەڵام من هەر ناتوانم بڕوا بهێنمە ئەم بیروڕای تۆیە، هەرچەند دەزانم بەردەوام بەڕاست بوویتە، دەترسێم، زۆۆۆر"

منی بەرەو خۆی وەرچەرخاند و دیسانە جەستە ڕووت و قووتەکەمانی

بەیەکەوە نووساند و گوتی: گیانەکەم، وا مەڵێ، هەرچی کە بێت گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کە من و تۆ ڕۆژێک لەم ماڵە دەردەچین و ژیانی هاوبەشی خۆمان پێک دێنین، هیچ مەترسێ، جارێ ئەم شوێنەمان زۆر ئەمنە، کەسمان لێ ناکەوێتە گومانەوە بەو مەرجە کە ئەم نهێنییەمان هەر لێرەدا، دابنێین و نەهێڵین تەنانەت بگاتە حەوشیش، ئەم ژێرخانە مێژووی من و تۆ و ئاسۆمانیشی لە خۆدا تۆمار کردووە، مەگەر بەقسەی تۆ پرسمان بە کابرا ڕیشسپییەکەی شەقامی فەرەحیش نەکرد؟ هەر ئەو کەسە کە باش چیرۆکی من و تۆ دەزانێت و شایەتەحاڵی ئەوە بووە کە من کوڕی کەسانێکی ترم و دەتوانین پێکەوە ببینە ژن و شوو؟"

بەردەوام بەبیستنی ئەو قسانە تۆزێک ئارامی دەهاتە دڵمەوە، بزە دەکەوتە سەر لێوەکانم و تۆزێک خۆمم لە بازنەی ترس و دڵەڕاوکێ دەردەخست.

ئیسێ ختووکەمی دا و بەچپەوە گوتی "پێ بکەنە.. دەی پێ بکەنە گوڵەکەم"

ئیسێ دوو کوڕ و کچی هاوپۆلانی بە کاکەمدا سپارد کە هەر کات دێتە زانکۆوە بیخەنە ژێر چاودێرییەوە، بەڵکو سەر لەو هاتوچۆیانەی دەربێنین، نەیکێشیایە دوو حەوتە، هەموو شتێکمان بۆ دەرکەوت، مامۆستای زمانی ئینگلیزیی زانکۆ، هۆی ئەو هاتوچۆیانە بووە، بەڵێ کاکەم خستبوویە دەور خانمی مامۆستا کە کچێکی بەتەمەن سی ساڵانی زۆر جوان بوو کە نەک هەر کاکەم بگرە زۆربەی خوێندکاران و مامۆستا پیاوەکانمانیش دڵیان پێیەوە بوو و بەردەوام هەوڵیان دەدا بەهۆیەکەوە خۆیان لێ نێزیک بکەینەوە بەڵکو بتوانن لەو ڕێیەوە تۆزێک لە دەموچاوە جوانەکەی زۆرتر بڕوانن، بەڵام خانمی مامۆستا کە بەخانمی قورسیش بەناوبانگ بوو، ڕووی بەکەسیان نەدەدا، ئەو دوو هاوڕێیەمانە کە کاکەم و مامۆستایان خستبووە ژێر چاودێرییەکانیانەوە، دەیانگوت "ئەم کاکە سەرهەنگەی ئێوە بەختی هێناوە، چونکە خانمی قورس زۆر ڕووی لەگەڵیدا خۆشە، تەنانەت چاومان پێیەوە

بوو کە چەند جار لەگەڵ کاکەتدا پێکەوە لە زانکۆ ڕۆیشتوونەتە دەرەوە.

***

لە یەکێ لە ژوانەکانمان بوو کە ئیسێ بەرانبەرم ڕاوەستا و بۆ ئەوەی من پێ بکەنم لاسایی کاکەمی دەکردەوە لە کاتێکدا کە لەگەڵ خانمی مامۆستادا دەدوێت، من بۆ ساتێک ئاگام لە خۆم نەما و بەرز پێ کەنیم و ئیسێ دەستی خستە سەر زارم و گوتی "س س س، ئەوە چییە کچێ، بیرت نەماوە لە کوێین"

لە ژێرخاندا بووین، کەس لە ماڵدا نەبوو، هەر کات کە ماڵ چۆڵ دەکرا، خۆمان دەکردە ژێرخانە تاریک و ساردەکەی ماڵەوە کە ساڵ بەساڵ خانم و کاکەم سەریان بەوێدا نەدەکرد، هەر کات پێویستیان بەشتێک دەبوو کە لە ژێرخاندا دەست دەکەوت، دەبوایە ئیسێ یان من بمانهێنایەتە دەرەوە، خانم نەیدەوێرا بڕواتە ژێرخانەوە، دەترسا، دەیگوت "ئەوێ تەژیە لە توولە مارەکانی ئەو دوو مارە سپی و ڕەشە"، هەر لە راستیشدا، کە دەرۆیشتمە ژێرخانەوە بەردەوام هەستم دەکرد کە خشەیەک لە شوێنێکەوە بەر گوێم دەکەوێت، بەڵام ئیسێ نەیدەهێشت گوێ بدەم و بەماچ و مووچەکانمان منی لە زەریای ئەو ترسە کۆنە دەردەهێنایەوە، خودی ئیسێیش بوو کە سەرەتا بۆ جێژوان و دیدارە عاشقانەکانمان، ژێرخانی وەبیر کەوت.

ئەوێ ئەمن بوو، کەس هاتوچۆی ئەوی نەدەکرد، لەوێ لە تا ماوەی سەعاتێک، لە دنیا دادەبڕاین. ئەوێ ژوانگەی من و ئیسێ بوو، لە بۆ ڕۆچوون بەرەو ناخی جەهانی بەرینی ئەوینەکەمان.

هێدی هێدی بارودۆخی ماڵ تێکچوو، خانم لە کاکەم کەوتبووە گومانەوە، لەپێشدا کاکەم بەکڕینی موستیلە و بازنەی زێڕ و پوشتەی جوان و بۆنی گران قیمەت و بردنی بۆ ماڵی خزمەکانی کە لە سەردەمی مەرگی مێردەکەیەوە نێوانیان نەمابوو، هەوڵی دەدا خانم سەرقاڵ بکات بگرە لە

درەنگ هاتنەوەکانی بۆ ماڵ و وەڵام نەدان و خامۆشکردنی مۆبایلەکەی و زۆر شتی تریش کە لەو بەینەدا فێری بووبوو، تێ نەگات، بەڵام هەی هات، مەگەر خانمی فێڵکار و سیحرکارەکەمان، پێویستی بەموستیلە و بازنەی زێڕ و پۆشتە و بۆنی جوان و خۆش بوو؟

ئەو خۆی لە ئەنقەست پێوەندی دابڕاندبوو لە نێوان خۆی و بنەماڵەکەیدا، ئەو لە بنەماڵەیەکی خانزاد و زۆر دەوڵەمەنددا هاتبووە دنیاوە، بێگومان پێی خۆش بووبووایە یا نا، هەر لە خۆیەوە نێوانیان تێک دەچوو، ئەگەر تێ بگەیشتایێن کە خانم خۆی لە نۆکەرەکەی مارە بڕیوە و پاش مردنی نۆکەر، خاو و خێزانی بردووەتە ماڵی خۆی و دواتریش کە کوڕی نۆکەر پێی دەگات و دەبێتە گەنجێکی جوان، دیسان خۆی لە ئەویش مارە دەکات، چۆن وایان قبووڵ دەکرد، نا، کام بنەماڵە، چ هی مێردەکەی و چ هی خۆی، ئەوەیان پێی قبووڵ دەکرا؟

نا، بەرتیلەکانی کاکەم هیچ سوودێکیان نەبوو، کاکەم خەریک بوو هێدی هێدی بکەوێتە داو و پیلانێکی ئەو ژنە سیحرکارەوە، مەبەستم خانمی سیحرکارەی پەلکەشۆڕەوە.

من و ئیسێ لە زەریای عەشقی خۆماندا نوقم بووین و ژێرخانی تاریک و پڕ لە وەهمی مارەکان، بووبووە جێژوانمان و لە دەرەوەی ژێرخانیش لە چەشنی دوو نامۆ لەگەڵ یەکتردا هەڵسوکەوتمان دەکرد، کە نەکات کاکەم و خانم بەیەکجاری ئیسێ لە ماڵ دەربکەن و دنیامان لێ ئاڵۆز کەن.

تەنیا لە زانکۆدا هەندێ جار پێکەوە قسەمان دەکرد، چونکە دەمانزانی کاکەم لەوێش کەسی لێمان داسپاردووە، بەڵام لەم دواییەدا، کاکەم ئیدی نەک ئاگای لە من و ئیسێ نەمابوو بگرە وازی لە خانم و ماڵیش بەردابوو، چونکە کەوتبووە شوێن خانمی مامۆستا کە زۆری لەگەڵ کاکەمدا ڕووخۆش بوو.

دنیا بەکامی من و ئیسیٚ هەڵگەڕایەوە، کاکەم وازی لە من و ئیسیٚ هێنا و لەدووی ئەوینی تازەیدا وێڵ و سەرگەردان، شەو و ڕۆژی لێک نەدەکردەوە و خانمیش لە دووی کاکەمدا، لە پەسا نەخشەی دەکشا و پیلانی دەنایەوە کە چۆناوچۆن کاکەم بخاتە داو و خانمی مامۆستا لە ژیانیان ڕاو بنێت.

نەیکێشایە مانگێک خانم بنی کارەکەی دەرهێنا و ئەو نهێنییە عاشقانەی لە کاکەم خستە ڕوو. خانم کە سەرەتا خۆی کاکەمی دەستبەکار کردبوو، خۆیشی بووبووە هۆی سەرکەوتنەکانی کاکەم و پلە و پایەی لە دایرەدا ساڵ بەدوای ساڵ بەرز دەبووەوە و تا کاتێک کە قوپکەکانی سەرهنگیەت، لەسەر شانەکانی کاکەمدا کەوتنە درەوشانەوە. هەر لەم ڕووەوە خانم دەسەڵاتی ئەوەی بوو کە لە زووترین کاتدا پاپۆشی بۆ خانمی مامۆستا دروست کرد و بەناو سەرکردایەتیی باندی قاچاخی تلیاکەوە، خستییە زیندان و لە کورتترین کاتدا، حوکمی لەداردانیان دەرکرد.

پاش ئەویش نۆرەی کاکەم بوو کە لەلایەن خانمەوە بچەزێت، خانم کاکەمیشی چزاند، بیٚ ئەوە کە بانگ لە کاکەم بکەن و پرسیارێکی لێی بپرسن، بەنامەیەکی کورت، ڕایان گەیاند کە لە دایرەی هێزە ئەمنیەکاندا، دەرکراوە. نەک هەر پلەی سەرهەنگیەتیی لەدەست دەرچوو بگرە بەتەواوی دەریان کرد.

خانم لە چەشنی ئەژدیهایەکی ئاور بەدەم، دەیکیفاند و بۆ هەر کویٚ کە دەیڕوانی ئاوری تێدا بەردەدا، سەرەڕای ئەوە کە نێزیکەی شەست ساڵی تێپەڕاندبوو، بەڵام دیسان لە چەشنە سی ساڵاندا، جوان و شۆخ مابووەوە، بەو بۆنەوە چاک دەستی دەچوو، مار ئاسا کاکەمی چزاند و وای لێی کرد کە لە کورتترین کاتدا، هەرەسی هێنایە ماڵ و پلە و پایە و ئەوین و ئەویندارەکەیەوە. کاکەمی کردە گریانەوە.

کاکەم لەپێشدا خۆی دابوو لە تووڕەبوون، لێی دەدا، زۆر، تەنانەت شەوێک

تا بەیانی خستییە ژێرخانە تاریکەکەی من و ئیسێوە و دەرگەی لە ڕوویدا داخست، بەخەیاڵی خۆی، دەیویست زەخت بخاتە سەر خانم و لەو ماڵە ڕاوی بنێت، یان لانی کەم وای لێ کات کە ڕووخسەتی ژن خواستنی بداتێ، بەڵام هەی هات، هەموو شتێکی بەتاڵ کردەوە خانمی سیحرکار.

تا بەیانی خانم دەیقیژاند و جنێوی دەدا و کفری دەکرد، خەڵکی گەڕەک لەو ڕووداوانە تێ گەیشتبوون، ئەو شەویشە هەرکە قیڕ و واڕیان بەرزەوە بوو هاتنە سەربان و بۆ حەوشیان ڕوانی کە چۆن کاکەم چنگی خستبووە ناو پرچە جوان و شۆڕەکەی خانم و بەرەو ژێرخان دەیکردە کێش، من لە ژووری خۆمدا لە دەلاقەکەوە دەمڕوانییە ئەو بەزمەی کاکەم و خانم و چۆلەکە ئاسا دەلەرزیم و دەگریام و وەختە بوو دڵم بوەستێت، لە پڕ ئیسێ کە تا ئەو کاتە لە دەرەوە بوو، لە دالانەوە خۆی کردە حەوشەوە، لە دەرەوە دەهاتەوە، ئاگای لە هیچ نەبوو، خۆی تووڕ دایە حەوشەوە ترسا بوو کە نەکات کاکەم لە من دەدات، کە چاوی کەوتە خانم و کاکەم، بە ئارامی لە تەنیشتی باخچەکەوە ڕاوەستا، ساردوسڕ، بۆ ئەوانی ڕوانی و بێ ئەوە هەوڵ بدات کاکەم ئەهوەن بکاتەوە یان خانم لەژێر دەستی دەربێنێت، بێ وشەیەکیش، لەسەرخۆ، بەرەو ژوورەکەی ڕۆیشت، هەرکە خانم چاوی بە ئیسێ کەوت هاواری لێ بەرزەوە بوو "ئیسێ... ئیسێ فریام کەوە"

ئیسێ وەڵامی نەدایەوە، بێ ئاوڕ لێدانێکیش ڕۆیشتە ژوورەکەیەوە و دەرگەی بە ڕووی خۆی داخست، تەنانەت گڵۆپەکەشی هەڵنەکرد.

کە خانم لە ژێرخان بێ نان و ئاو سجن کرا، من وەکو شێتم لێ هات، دڵم بۆی نەهاتبووە ڕەحمەوە، نا، ئەو لە ژیانمدا ئەوەندە ئازاری منی دابوو کە هیچ کات نەمدەوێرا دڵمی لێ پاک بکەمەوە، بەڵام لە دواترمان دەترسام، لە ئاوری قین و ڕقی بەرانبەر بەخۆم و ئیسێ دەترسام، بەڵێ، من لەوە دەترسام کە من و ئیسێیش بەئاوری قینی ئەو بسووتێین کە "بۆ نەهاتنە فریامەوە"

نێـزیکەوە سـەعـاتی دووی نیـوەشـەو، تۆزێک خـواردن و پـەرداخـێک ئاوم خـسـتـە قـاپێکەوە و بەئەسـپـایی خـۆم لە ژێرخـاندا نێـزیک کـردەوە. خـانم دەینـاڵاند و داوای ئاوی دەکـرد، وای دەکـرد کـە دەتگوت چەند ڕۆژە لەوێ سـجن کراوە، لەژێر لێوەوە زەمـزەمـەم کرد "سـیـحرکارە... چـەند فـێڵـبازە" گـەیشـتمـە نێزیکی دەرگـەکەوە کـە لە ناکـاو کـاکـەم لە نێوان تـاریکاییـیـەکـەوە بەرانبەرم قوت بووەوە، "بۆ کوێ؟"

قیژاندم و قاپ لە دەستم داکەوت، کاکەم زللەیەکی لێم دا و گوتی "کەرەی نەفامە، بیرت چووە چی بەڕۆژتتا هێناوە؟ ها؟ گەمژەی بێ عەقڵە"

بەرەو ژوور ڕام کـردەوە، لە حـاڵێکدا تەژی بووبووم لە خـۆشی، لەو کاتەدا. خـۆشـتـرین زللەی ژیـانم لێم درا، چونکە بەهۆی ئەو زللەوە من مـەجـبـوور نەبووم نان و ئاو بـۆ ئەو ئەژدیـهـایە ببـەم، لەوە کـە لە ناکـاو کـاکـەم لێم دەرکەوت و نەیهێشت نان و ئاوی بۆ ببەم کەیفم کرد.

دوایی ئیسێ گوتی "دەبێ ئەم جارە، تەنیا ئەم جارە، هاوار بکەم کە، کاکە دەست خـۆش"، چاوم پێتـەوە بوو کـە چۆن سـینییـەکەت دەبرد، وەختـە بوو بقیـڕێنم و بانگت لێ بکەم کـە نەکەیت و نانی ئەو سـەگەی سیـخـوڕە نەدەیت کە خـودی کاکەت گەیشت و نەیهێشت هەڵەی وات لێ بوەشێتەوە، هـەرچەند جوان دەزانم، پشیلە لەبەر ڕەزای خوا، مشک ناگرێت، کاکەیش جارێ کاری پێمانە، ئەگینا ئەویش من و تۆ بەتووڕێک حسێب ناکات"

گوتم "نا، لەوانەیە کە کاکەم هێشتا کە خـۆمانی خۆش دەوێت و ئەو ئازار و ئەشکەنجانە کە خانم بە من و تۆ ڕەوای بینیوە لە بیری نەکردووەتەوە"

ئیسێ گوتی "هەندێ جار بڕوا دێنمە ئەم قسەی کاکەتە کە بە تۆ دەڵێت، گەمژە، بابە، ڕۆحەکەم، گیانەکەم، لێم زیز مەبە، بەڵام تۆ پێت وایە کە کاکەت لەبەر من و تۆیە کەوا لەو خـانمە فێڵکارە دەکات؟ نەخێر، ئەو لەبەر خۆیەتی، من و تۆی خـسـتـووەتە بەر پەلـی پیـلانەکانیـەوە، جـارێ مـاومـانە، دوایی بۆت

دەردەکەوێت کە هەم خۆی و هەم خانمەکەی چ گۆبەنێکمان بۆ دەنێنەوە و چ پەندێکمان دێننە سەردا"

***

## دڵ ١١

فەرزام بەڕێزێکی زۆرەوە، جامانە خاوێن و نوێیەکەی لە دەستەکانی سەرهەنگ موسلێمەوە، وەرگرت.

ئەو کاتە، فەرزام هێشتا کە نەکرابوو بە سەرهەنگ، جامانەکەی وەرگرت و خێرا پێچایە سەر و ڕوویەوە و دەموچاوی خۆی لێ داپۆشی، لە چەشنی ئەوانیر، چاکییەکەی لەوەدا بوو کەس، کەسیانی نەدەناسی، هەموویان بەجامانەی نوێیەوە، سەر و ڕووی خۆیانیان داپۆشی بوو، کەس نەیدەزانی بۆ، تەنیا ئەوە نەبێت ئەو هەڵسوکەوتە ئیشێکی مێژوویی بوو کە بکوژی حکوومەتەکان بەرانبەر بەتاوانکارە بێ گوناهەکان یاخۆ گوناهکارەکانیش دەیانکرد.

پێکەوە، ڕۆیشتنە سەر سەریان و گوللەی ئاخریان لە مێشکیان تەقاندەوە.

تاوانکارەکان سەرپەلی یاخییەکانی شار بوون، پێکەوە ڕاپۆرت درابوون، لە یەکێ لە ماڵەکانی شاردا کۆ بووبوونەوە و سیخوڕێک ڕاپۆرتیانی دابوو، بەپەلە سزای مەرگیان بۆ دەرچوو، فەرزام و ئەوانی تر بەتەقاندنی گوللەی ئاخر، پلەی سەرهەنگییەتییان وەدەست دەهێنا و پێیان وا بوو کە چۆن سەر و ڕوویان پێچاوەتەوە ئیدی کەس لەو کارەیان تێ ناگات، بەڵام هەی هات، شتی وا چۆن دەبێت، هەموو شتێک دواتر، کەوتە ڕوو.

وایان دەزانی کەس چاویان بەئەوانەوە نییە، بەڵام، بەڵام هەر نەبێت کەسێک هەیە ئەم جۆرە تاوانانە ببینێت، هاااا؟ نییە؟

کێ بیر لەو مرۆڤە بچووکانە دەکاتەوە کە لەو کاتانەدا، کە سەر و رووت پێچایەوە، چاوی پێتەوە بێت؟ کە دەموچاوی خۆتت لێی داپۆشا، ئیدی سەیری هیچ کەسیش ناکەیت، بایەخ بەهیچ کەسیش نادەیت، قەت لەوە بیرت نەدەکردەوە لەوانەیە ژنێکی کورتەباڵای فەقیر، داسپاردەی شوێنێکی نهێنی، لەو نێزیکەدا بێت و وێنەت بکێشێت فەرزام. ها؟ بیرت نەدەکردەوە؟

خانم لە تۆش پرسیار دەکەم، تۆش وەڵام بدەرەوە، کێ بیر لەوە دەکاتەوە کە نەکات لەو نێزیکانەدا، یەکێ لەو مرۆڤە بێ بایەخ و بچووکانە کامێرایەکی پێ بێت و بیەوێت بۆ یەکێ لەو رێکخراوانە وێنەی "گوللەی ئاخر"ی پێ بگرێت؟ هاااا؟ ها خانم؟ لە ڕاستیدا لەو کاتانە، کەس لەم شتانە بیر ناکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر وا بوو، کامێراکەم هەرچەند بێ نرخ بوو بەڵام باش ئیشی دەکرد، زۆۆر باش، وا نییە خانم؟ ئەی چۆن، دەبێ تۆ، زۆر جوان ئەمەت لە بیر بێت؟

لە درێژەی مێژوودا، هەبوونە کەسانێک کە بەدزییەوە، بوونەتە سەیرکەری ڕووداوە خوێنینەکان، کە خەڵکانی بێتاوانی تێدا دەکوژرێن، با، من لەوێ بووم، من هەموو شتێکم بەچاوان بینی و بەکامێراکەم ئەو خیانەتەم خەزن کرد.

دواتر من هەموو شتێکم بۆ تۆ گێڕایەوە، چونکە لەو کاتانەدا تۆ باشترین هاورێم بوویت، بەڵام تۆ هیچ کات بڕوات بەقسەکانی من نەکرد، تەنانەت بڕوات بەئەو وێنە کۆنانە نەکرد کە من بەو کامێرا بێ بایەخەم کێشا بووم، لە قاقای پێکەنینت دەدا و بڕوات بەمن نەدەکرد، خانم، من تەنیا هاورێی تۆ بووم، هاورێی تافی منداڵیەتیت، تا ئەو کاتە کە خۆت بوویتە بکوژم، من باشترین هاورێی تۆ بووم.

گوتم "خانم واز بێنە دەرۆینە کارخانە، لەوێ ئیش دەکەین، نانی شان و قۆڵی خۆمان دەخۆین و منەتی کەسمان بەسەردا نابێت، با، تۆ بەڕاستی کە

دەڵێیت ئێمە ئافرەتین و دەرەقەتی پیاوان نایەین، بەڵام لە بیرت بێت کە خۆمان دوو کەسین، با ئیشی شەوان بێت، با مووچەکەمان کەم بێت، بەس نییە نانی خۆمان دەخۆین و منەتی کەس نابەین."

گوتت "نا، من خۆم تەرخانی ئەم جۆرە ژیانە پڕ لە نەگبەتییە و چەرمەسەرییانە ناکەم، من خۆم دەرباز دەکەم لە ژیانی ناکۆکمان، من ناتوانم وا بژیم، خۆم دەرباز دەکەم" هەم، بەڵێ جوان توانیت خۆت دەرباز بکەیت، باش لە ناکۆکیی ژیان دەرباز بوویت، خۆتت دەرباز کرد، کردت، با، بوویتە گاندەری سەرهەنگ فەرزامی خوێنرێژ، پاشان هەر زۆر زوو بووبوویتە سیخوڕی تایبەتی خۆی، بەڵام من چیرۆکی وێنەکانی "گوڵلەی ئاخر"م بۆ تۆ باس کردبوو، ئەی بۆ دەرفەتت دا کە فەرزام لێت نێزیکەوە بێت؟ ها؟ ئەگەر دەتویست نان بە بەلاش بخۆیت و گاندەری بکەیت بۆ لەگەڵ کەسێکی تردا نەتکرد؟ ئەی بۆ سەرهەنگ فەرزام؟ بەڵام کردت و کارت لە کار ترازاند.

دۆڕاندت، هەرکە زانیم ئەو نهێنییەت بەلای سەرهەنگەوە درکاندووە، ویستم لە شار هەڵبێم بەڵام... بەڵام ئۆتۆمۆبێلەکەی خودی سەرهەنگ زۆر خێرا لێ دەخوڕێت، لە ڕاستیدا قەت نەمبینیبوو ئۆتۆمۆبێلێک بەو خێراییە بڕوات و لە ناکاو لە ژنێکی کورتەباڵای زۆر بێ بایەخ بدات و دوایی قەت ڕانەوەستێت و هەر لێ بخوڕێت و لە شار دەربچێت، تەنیا لەبەر هەندێ وێنەی کۆن، من بەدەستی سەرهەنگ فەرزامی خوێنرێژدا کوژرام.

بێ ئەوەی خۆت بزانیت، منت بەدەستی خۆت دا بەکوشتندا، هاتیتە سەر سەرم و گریایت، بەڵام دواتر کە سەرهەنگ لە کاتی مەستیدا نهێنیی مەرگی منی بۆت دەرخست، زۆر دەرقەید نەهاتی، تۆش وەکو ئەوت لێ هاتبوو.

ئێستاکە بەردەوام گوڵلەی لێ دەتەقێنی بەڵام ئەو هەر لەوێدایە، ڕێک، بەرانبەر بەتۆ.

پێت وا نییە هەموو شتێک لە گۆڕاندایە؟ پێت وا نییە خانم کاتی تۆ بەئاکام گەیشتووە؟ کاتی تۆ، کاتەکانی تۆ. تۆ خانم سەرهەنگ، هاااا؟

ئێستا، لەم شەوە زیوینەدا، لە پەسا، لە گۆڕیندای، پیر و پیرتر دەبیتەوە، پەلکەکانت سپی و سپیتر دەبنەوە، ژیلەمۆکانی چاوەکانت لە ساردەوە بووندان، دەڵێی خوڵەمێشیان پژاندووەتە هەردوو چاوتەوە، بەڵام نا، سوودێکی نییە خانم، سەرهەنگت بۆ ناکوژرێت، ناتوانی سەرهەنگ بکوژیت.

ئێمە، هەمووماان، ئێستا، تۆمان خستووەتە بازنەیەکی کوشندەوە، تۆ گوللەمان لێ دەتەقێنیت، سەرهەنگیش گوللەمان لێ دەتەقێنێت، تۆ لە سەرهەنگیش گولله دەتەقێنیت، ئێمە بڕیارمان داوە قەت سەرهەنگ نەخەینە بازنەکەمانەوە، نەهێڵینیش بێتە قەرەمانەوە، با تۆ بەردەوام گوللەمان لێ بتەقێنیت، با لە سەرهەنگ گولله بتەقێنیت، با سەرهەنگ لە ئێمە و با لە تۆش گولله بتەقێنێت، گرینگ نییە، قەت گرینگ نییە با بزانی گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کە سەرهەنگ و ئێمە قەت لە ژیانی تۆدا ناسڕینەوە و تۆش بەردەوام پیر و پیرتر دەبیتەوە.

***

بەیانیی هەمان شەو کە کاکەم خانمی سجن کرد، بەدەنگی قسەکردنەکانی خانمەوە بەخەبەر بوومەوە.

لە حەوشدا بوو، خەریک بوو بەرز و قورس بەمۆبایلەکەی قسەی دەکرد و لە پەسا دەیگوت "سەر چاو قوربان، سوپاستان دەکەم گەورەم"

دڵم داخورپی و هەستم بەئاپۆڕە شوومەکان کرد کە لە پەسا، لە چەشنی فیلمەکان لە ژیانماندا ڕوویان دەدا.

لەو ڕۆژەوە خانم لەگەڵ هیچ کاممانداا نەهاتە قسە و باس، تەنیا وشەییەکیش، هەندێ جار، لە کاتێکدا کاکەم زۆری بۆ دەهێنا و پرسیاری لێی دەکرد، بەجنێو و خراپە لە کاکەم بەر دەبوو بەو شێوەیە وەڵامی

دەدایەوە، ئەگینا لەگەڵ من و ئیسێیشدا تەنانەت ئەلفی نەکردە دوو کوتەوە. بێدەنگی بێدەنگ، تەنانەت سەیریشمانی نەدەکرد. ئاخۆ چی لە مێشکدا بوو؟ خەریکی دارژاندنی کامە گەڵاڵەی شووم بوو سەبارەت بە من و ئیسێ؟ خۆم و ئیسێیش هەستمان پێ کردبوو.

لە قەرەباڵغییەکەی ڕۆژی "مامۆستا"، لە زانکۆدا بوو کە ئیسێ خۆی پێم گەیاند و گوتی "جارێ نابێ بڕۆینە ژێرخانەوە، جێی مەترسییە، ئێستا و لەم کاتەدا، دەبێ زۆرتر لە خانم بترسین تا لە کاکە، ئەو ئێستا قین و ڕقی لە من و تۆ لە دڵدایە، کاکە شوویەتی، ڕەنگە لە ئەو ببوورێت بەڵام لە من و لە تۆ نا، دەزانم کە ئەگەر بچووکترین هەڵەمان لێ بوەشێتەوە دەکەوینە بەر کڵپەی ئاوری قینییەوە، تکایە نەک هەر تەنیا سەبارەت بە ژێرخانەکەمان، بگرە، بەگشتی، "دەبێ ئاگات لەخۆ بێت"

ئیسێ ئەمەی گوت و بۆی دەرچوو، لەتاو سیخورەکانی کاکەمدا نەماندە وێرا لەپێش چاوانی خەڵکەوە پێکەوە قسە بکەین، ئیسێ رای کرد و نەوەستا تا منیش بڵێم "ئای ی ئەوینەکەم، تکایە جێژوانە بەهەشتییەکەمان، ژێرخانە موقەدەسەکەمانم لێی مەکەرەوە، زۆر بەتاسەتم" بەڵام ئیسێ نەبوو کە گوێی لەو زەمزەمە عاشقانەوە بگرێت.

پاش تێپەڕینی دوو ڕۆژ لە شەوەکەی ژێرخانی خانم، خانمی مامۆستا، لە زانکۆ دەستگیر کرا، خوێندکاران و مامۆستایانی تر و خودی مودیری بەستەزمان کە هەمووان دەیانگوت کوشتە و مردەی غەمزەی چاوەکانی خانمی مامۆستایە، بەسەرسووڕماوییەوە، مت و بێدەنگ، ویستی قسەیان لێی بڕابووەوە و سەیری ئەو بەزمەیان دەکرد کە تەنیا من و ئیسێ دەمزانی بۆچی هاتووەتە ئاراوە. خانمی مامۆستایان دەسبەن کرد و سواری ئۆتۆمۆبێلێکی سەوزی هێزە ئەمنییەکانیان کرد و بردیان، ئیدی کەسمان چاوی بەخانمی مامۆستا نەکەوتەوە.

نیوەڕۆ کە گەڕاینەوە بۆ ماڵ، کاکەممان بینی کە لەگەڵ خانمدا هاتبووە

دەمەقرەیەکی سامناکەوە، لەوپەڕی قیڕ و واڕەوە بوون، کە خانم چاوی بە من و ئیسێوە کەوت لە پڕ بێدەنگ هەڵگەڕا. دیسان زمانی بەسرا، کاکەم لە چەشنی مریشکی سەربڕاو لە هەڵفڕ و دافڕاندا بوو، لە وێنەی ژیلەمۆ دەسووتا، سوور و زەرد هەڵدەگەڕا، تاوێک دەینەڕاند و تاوێک لە خانم دەپاڕایەوە، خانم هیچ وەڵامێکی نەبوو، لە ئاکامدا گوێمان لە پرمەپرمی گریانەکانی کاکەمەوە بوو کە دەینوزاندەوە "ئاخر کارت بەسەر ئەو بەستەزمانەوە چی بوو، ئەی بێ دین، کافر، ئەو هەر تۆی نەدەناسی، دەزانی سزای قاچاخی پێنجسەد کیلۆ تلیاک چییە کافر؟ هاا!؟"

لە پڕ نەڕاندی و زرم و کوت بەرزەوە بوو "لە سێدارەی دەدەن، سێدارە، سێدارە.." قیژەقیژی خانم بەرزەوە بوو، کاکەم خۆی خستە حەوشەوە، بەشپرزەییەوە لە مۆبایلەکەی گەڕا، لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا بوو، بەدەستە لەرزۆکەکانی تێلی بۆ کەسێک دەکرد، بەڵام دیار بوو وەڵامیان نەدەدایەوە، یەک جار، دوو جار، سێ جار، تا لای ئێوارە ئەمە کاری بوو، بەڵام کەس وەڵامی نەدەدایەوە، دیسان لێی ڕۆیشتە پێشەوە، لێی بەر بووەوە، بە مست، بە لەقە، دەینەڕاند و دەپاڕایەوە، "ئاخری کاری خۆتت کرد ئەرێ... کردت... قەحپە، نادروست..."

ئێمە هەموو شتێکمان لەودیوی پەردەی پەنجەرەکانەوە دەبینی و فزەمان نەدەکرد، یەکێکمان لە ژوور و ئەوی ترمان لە چێشتخانەدا، ڕاوەستا بووین و سەیرکەریان بووین.

ئەوان بەردەوام لە چەشنی یەکێ لە کەلوپەلەکانی خانووەکە، لەگەڵ ئێمەدا هەڵسوکەوتیان کردبوو، بۆیە من و ئیسێ بەرانبەر بەئەو هەموو شەڕ وئاپۆڕەیە هیچمان نەدەکرد و هەستمان بەرانبەر بەئەوان نەدەجووڵایەوە.

ئێمەش لە وێنەی سێبەرە کەمرەنگەکان هاتوچۆمان دەکرد، ئیسێ دەیگوت "وا باشترە، ئەگەریش ئەم بارودۆخەمان لێ نەگۆڕدرێت، پێکەوە لەم

ماڵە نەگریسە هەڵدێین و خۆمان لە شوێنێکدا ون دەکەین" و منیش بەردەوام لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بووم کە بەڵکو دۆخەکەمان لێ خراپتر ببێتەوە بەڵکو ڕزگار ببین و خولیا و ئاواتی خۆمان بهێنینە دی، واتە بەیەکگەیشتن و پێکهێنانی ژیانی خێزانی و منداڵدار بووینمان.

***

ئاخۆ تاوانی من و ئیسێ لە چیدا بوو؟ هاااا؟ ئاخۆ پاش ئەوە کە تێ گەیشتین هیچ پێوەندییەکی خێزانی لە نێوان من و ئیسێدا نییە، خەتامان کرد کە عاشقی یەک بووین؟ ها؟ بۆ خەتامان کرد؟ ئاخر بۆ؟

من و ئەو پێکەوە گەورە بووبووین، هاوبەشی خەفەتەکانی شەو و ڕۆژ و خەم و نەهامەتی و هەتیوباری یەکتر بووین، لە گیانی خۆمان ڕادەبوردراین لەبەر یەکتر، ئەی بۆ نەدەکرا عاشقی یەکتر ببین؟ بۆ لێمان نەبوران و نەیانهێشت بەیەک بگەین، ئاخر بۆ؟

هەموو ڕۆژێک ئەم پرسیارانە لە دوکتۆر و لە پەرەستارەکانیش پرسیار دەکەم بەڵام ئەوان پێیان وایە کە من شێتم و تەنیا بزە دەخەنە سەر لێوەکانیان و دەڵێن "بنوو، بنووە" یان دەڵێن "هیچ... هیچ... تکایە بیبڕەوە، دەی.... دەی..."

ئەمانە بۆ وانە؟ نازانم؟ بەردەوام کە لێیان دەپاڕێمەوە تەنیا بەڕستەیەک وەڵامم دەدەنەوە، لە ڕاستیدا وەڵامیش نادەنەوە بگرە تەنیا هەوڵ دەدەن کە من بێدەنگ بکەن و خۆیان لێم دوور بخەنەوە.

پاش ئەوان، خودی ئیسێ لێم دێتە مەیدانەوە، خۆی وەڵامدەری پرسیارەکانمە، هەندێ جاریش باوک و دایکمە کە دێنە هانامەوە و وەڵامم دەدەنەوە و نەوازشتم دەکەن و دڵنەواییم دەدەنەوە، بەڵام تا کەی ئاخر تا کەی، من پێویستم بەهاوڕێیە، دەبێ لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەم، بەردەوام، من تا کەی دەبێ لێرەدا زیندانی بکرێم و نەتوانم بڕۆمە لای ئیسێیەوە؟ تاکو هەوڵ

بدەین هێلانەی ئەوینمان لەو ژێرخانە بەهەشتییەدا دیسانەوە پێک بێنین و سەرەڕای ئەو هەموو مارە سپی و ڕەشانە کە بەردەوام ئێسکی من و ئیسێ دەشکێنن و چاویان لە سێکسە لەزەتبەخشەکانمانەوەیە و ئاگایان لێمانە.

ئەمن چەندە گەمژە بوومە کە لە درێژەی تەمەنمدا لەوانە ترساوم و هەستم کردووە کە ڕۆژێک ئەوان لە ناکاو خۆیان دەخشێننە سەر لەشولارە ڕووت و قووتەکانمانەوە و بێگومان دەمانچزێنن و دەمانکوژنیش. با، وایە لە درێژەی ئەو هەموو ڕۆژ و شەوانەدا، ئەوان پارێزەری ئێمە بوونە و لە پێناوی سیحری ئەوانەوە بوو کە خانمە سیحرکارەکەمان نەیتوانی گومان لە ئەوینە جوانەکەی من و ئیسێ بکات کە لە ژێرخاندا، شەوان و ڕۆژان، بەردەوام بووین.

یەکەم جار کە دەرگەیان بە ڕوومدا قفڵ کرد و ژوورە سپی و ساردەکەم بۆ چۆڵ کرا، خێرا دەستم بە سەر و ڕووی خۆمدا هێنا و چوومە بەر شووشەکە و بە ئارامی بانگم لە ئیسێ کرد، هات، لە چاوترووکانێکدا لە پشتەوە باوەشی کردە شانەکانمدا و ماچی لای ملمی کردەوە و گوتی "گیانەکەم، ئەوە هاتم، قەت مەترسێ، گوڵێ گیان ئێستا تێگەیشتی کە ئەو مارانە دوژمنی من و تۆ نەبوونە بەڵکو لە ڕاستیدا سیحری ئەوان، سیحری خانمایان شکاند، بەو جۆرە کە خانم و کاکەم هیچ کات نەیانتوانی بمانبەزێنن؟، تێگەیشتی ئەوینەکەم؟"

***

نێوان خانم و کاکەم تا دەهات خراپتر هەڵدەگەڕایەوە، ژیانمان لێ بووبووە ژاری مار، نەماندەوێرا بچینە ئەو ماڵەوە، خراپتریش ئەوە بوو کە کەس بایەخی بە من و ئیسێ نەدەدا، کەس ئێمەی بەتووڕش حسێب نەدەکرد، نانمان لە دەرەوە دەخوارد و قسە و ڕا و تەگبیرمان لە بازنەی ئامادەکردن و چپەچپکردن و بەخێرایی دواندن و پاشان بەپەلە، خۆ لە یەکتر دوورەوەخستن، دەرنەدەچوو.

وەڕەز بووبووین، بەتاسەی یەک بووین، وەختە بوو دیق بکەین بۆ یەکتر،

دەمێک بوو نەماندەوێرا لەیەک نێزیکەوە بین، لە چەشنی شێتەکانمان لێ هاتبوو، وەختە بوو شێتی یەک بین، لە ئاکامدا ڕۆژێک لە دوکانەکەی بێهرووزدا، لە کاتێکدا ڕاوەستا بووین بۆ کڕینی هەمبەرگرەوە، بەئارامی، بێ ئەوەی کەسمان لێی تێ بگات، ئیسێ گوتی "وا نابێت دڵەکەم ئەم شەو، لە کاتەکەی خۆماندا، وەرە ژێرخان"

کاتەکەی خۆمان، واتە سێی نیوەشەو. لە خۆشیا وەختە بوو دڵم بوەستێت، لە کاتەکەی خۆماندا دەخزامە ئامێزی ئیسێوە، ختووکەی دڵم هات و هەمبەرگرەکەم لە کاک بێهرووز وەرگرت.

شەو پێش لە خەوتن ڕۆیشتمە حەمامەوە، خۆم شوشت، بەدڵخۆشییەکی ئێگجار زۆرەوە، لە چەشنی بووکەکان، لە کاتەکەی خۆماندا بۆ چەندەمین جار، دەبوومەوە بووک. بووکی ئیسێی دڵدارم، بۆنم لە خۆم پژاند و بەرانبەر بەئاوێنە، ڕووت و قووت ڕاوەستا بووم و لە خۆم دەمڕوانی، لە پڕ پێکەنینم بۆ هات، ئاگام لە خۆم نەبوو، بەدەنگێکی بەرزەوە گوتم "لە کاتەکەی خۆماندا" بەبیستنی دەنگی خۆم ڕاچڵەکیم و خێرا پەلم کوتا بۆ کراسەکەم، کەسێک لە حەوشدا، لە پیاسەکردندا بوو، هاتوچۆی دەکرد، بەنەرمی و لەسەرخۆ، دەبوایە کاکەم بێت، هەندێ جار کە شەوانە زۆری دەخواردەوە، پێش لە خەوتن دەهاتە حەوشەوە و لە دەوری حەوشەکەدا پیاسەیەکی دەکرد و نیو سەعات بۆ خۆی دەهات و دەچوو.

پێش لەوە کە خانم نهێنییەکەی ئیسێم بۆ دەربخات، من و کاکەم و ئیسێ، هەندێ شەو پێکەوە نێزیکەی نیو سەعات لەو حەوشە بەرین و پڕ لە دار و گوڵانە پیاسەمان دەکرد، بەڵام پاش ئەوە کە کاکەم لە ئیسێ کەوتە قینەوە، هیچمان لەسەرخۆ نەمایەوە، بەڵام لەو کاتەدا کە من خەریک بوو خۆم ئامادە بکەم بۆ ڕۆیشتن بەرەو جێژوان، کاکەم هاتبووە حەوش و لە هاتوچۆدا بوو، دڵم هاتە لەرزین و بەئارامی لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتم، بێدەنگ و مات لە چەشنی کۆتەڵێک، گڵۆپیشم خامۆش کردبوو کە کەس لێم تێ نەگات،

دەمزانی ئیسێیش لە چەشنی منی کردووە، نێزیکەی یەکی نیوە شەو کاکەم ڕۆیشتە ژوورەکەیەوە و پاش ماوەیەکی کورت بێدەنگی هەموو شوێنێکی تەنی، پێم وا بوو کە نەک هەر خانم و کاکەم خەوتوونە بگرە دار و درەخت و تەنانەت تاپۆی مارەکان و تولەمارەکانیش لەو ژێرخانەدا خەویان لێ کەوت و شوێن چۆڵ کرا بۆ ئەویندارییی من و ئیسێ.

هیچ کات حەزم لە چاوەڕوانی نەبووە، هیچ کات، بەتایبەت لەو شەوە شوومە کە نێزیک بوو دیق بکەم، کەی سەعاتی سێ دەگەیشت، چەند جار ویستم پێش لە کاتی خۆمان بچمە دەرەوە، بەڵام ئیسێ زۆر هەوڵی دەدا کە یەک دەقـقـەیش بەهەڵەدا نەچین، نەک زووتر و نەک درەنگتر، تا ئەو شەوە وامان کردبوو، لە هەمبەرگرفرۆشییەکەی بێهرووزدا، ئیسێ بەچپەوە خێرا گوتی "هەر ئەمشەو تەکلیفمان ڕوون دەکەینەوە، وا ناکرێت، دەبێ خۆمانی بۆ ئامادە کەین" گوتم "بۆ چی؟" گوتی "بۆ دەرچوون، دەبێ لە ماڵ دەربچین"

سەعات سێ، ڕێک سێ بوو کە بە ئەسپایی لە چەشنی مشکێکی دز، خۆمم خزاندە حەوشەوە، ئایا سارد بوو یان گەرم؟ زستان بوو یان هاوین؟ پایز و بەهارم لەیەک نەدەکردەوە، مێشکم کاری نەدەکرد، بەهەموو هەست و ڕۆحمەوە بەرەو ژێرخان دەفڕیم، ئیسێ دەبوایێ دە خولەک پێش لە من بڕۆیشتبایە، لە چەشنی هەمیشە، دەمزانی ئێستا لەو تاریکییەدا، لە چاوەڕوانیمدایە و هەرکە بچمە ئەوێوە بەبۆنەی ئەوەوە نەترسم خێرا لە ئامێزم دەگرێت، ئامێزی ئەو ئەمنترین شوێنی ئەم دنیایە بوو بۆ من، وای ی کە چەند پێویستم بەئامێزە گەرمەکەی بوو.

فڕیم و باڵم لێ دا تاکو لە ئاکامدا پاش هەزاران هەزار ساڵ گەیشتمە بەردەرگە کۆن و ئاسنینەکەی ژێرخان، جێژوانەکەمان، بەهێواشی دەستم بەدەرگەوە نا، لەپشت دەرگە ڕاوەستا بوو، خێرا لە ئامێزمی گرت، هەناسەم دەرنەدەهات، دڵم لێی دەدا، لە چەشنی هەموو بوونەوەرێکی ترس لێدراوی ئەم جیهانەم لێ هاتبوو، نەیهێشت قاچم بنێمە سەر زەوینەکە، بەئامێز

بردمیە سەر قاڵییە کۆنەکەی ژێرخان کە هەمیشە پێش لە هاتنی من ئاوەڵا و ئامادەی دەکرد، لەوێ دامینایە سەر قاڵییەکە و نوقمی ماچمی کرد.

کێ ئەو دنیایەی لە من و ئیسێ ساند، کێ هەرەسی هێنایە دنیا جوانەکەمان، بۆ و لەبەرچی، بۆ مەگەر ئێمە مافی ئەوەمان نەبوو بەخۆشی بژین؟ دەبوایە تا ئاکامی ژیانمان بەخەم و دڵەڕاوکێ و چەرمەسەری و نەهامەتی بژیایەین؟، نا، نەدەبوو وامان بەسەردا بێت و لەبەر ئەوە بوو کە من و ئیسێ هەوڵمان دا و ئەو دنیا خۆشەمان بۆ خۆمان پێک هێنا و بەگیان و دڵیش پاراستمان و نەماندەهێشت وەکو هەموو شتێکی ترمان، وەکو باوک و دایک و ڕابردوو و ئێستا، لێمان بسێنن، لە ئامێزی یەکتردا، بێ ورتە، ڕۆ چووین، ئاگامان لە هیچ نەما، لە گێژاوی عەشقی یەکتردا ون بووین و چاومان لەو دنیایە، داخستبوو کە لە ناکاو، گڵۆپی ژێرخان هەڵکرا و خانم و کاکەم پێکەوە هاتنە ژێرخانەوە.

ئاخۆ دەبوا چیم بکردایە، من و ئیسێ، ....نا، بەڕاستی هاوارمان لێ بەرزەوە نەبوو، هیچ... هیچمان لێ نەهات، ئەمە خانم بوو کە وێکڕا قیژاندی و منی هێنایەوە سەرخۆ، پەلم کوتا بۆ کراسەکەم بەڵام پێش لەوە کە پەنجەم بخەمە سەر کراسەکەم، دنیا لەپێش نیگامەوە ڕەش هەڵگەڕا و ئاگام لە هیچ نەما.

ئاخۆ ئیسێیان کوشت؟ سەریان بڕی؟ دڵیان لە سینگی دەرهێنا و خواردیان؟ نازانم، ئیدی لەو ماڵە، ئیسێم بەچاو نەبینییەوە، ئیسێ نەما، نێزیکە و ساڵێک، لە دووی ئیسێدا کون و کونبنی ماڵم هەڵدایەوە، نەبوو، پرسیارم لە دەر و دراوسێ دەکرد کە هەندێ جار دەهاتنە سەربان و لەگەڵمدا دەهاتنە قسە و دەگریان بەکوڵ، بەڵام کەس ئاگای لە ئیسێ نەمابوو، ئاخۆ هەردووکیان ئیسێیان لەناوبرد؟ نازانم؟ هێدی هێدی ژیانم لێ ئاڵۆز بوو، لە خواردن و خەوتن کەوتم، هەندێ جار گۆرانیم دەخوێند، بەدەنگێکی بەرز گۆرانیم دەچڕی. کارم بەو شوێنە گەیشت کە خستمیانە

ئەم ژوورە ساردوسڕەوە.

ئێرە زۆریش خراپ نییە، بەتایبەت کاتێک کە هەموویان دەڕۆن و ئێرە چۆڵ دەبێت بۆ من و ئیسێ کە دەمێکە، لە جیهانی شووشەکانی ئەم دەلاقەدا دۆزیومەتەوە.

کە ئیسێ لە جیهانی شووشەکانەوە دەردەکەوێت گۆرانیم بۆ دێت، لە ناکاو گۆرانی دەچڕم. بەرز و بەرزتر، حەزم لێیە بەردەوام گۆرانی بچڕم. تکایە ئەم حەزەم لێ مەسێنەوە با گۆرانی بڵێم، تکایە....

گەر دنیا مەسە، من مەسیم ناوێ
دەسێ بۆ دەسم، من دەسم ناوێ
کە ئێمە ئیدی، پێکەوە نەماین
سوێندم بەخوێنت، من کەسم ناوێ

کە سەوز هەڵگەڕا، دنیا لە ناکاو
ئاوی وەبەر کەوت، چۆم و کانیاو
کە چرای ژینت، لە پڕ داخرا
ژیانم پڕ بوو، لە زووخ و ناراو

سوێند دەخۆم ئازیز، بەخوێنی گەشت
بەزامی سووری، سەر دڵ و لەشت
کە گۆڕی تۆیە، ئامێزی تینووم
خۆم لەناو دەبەم، بە بەختی ڕەشت

***

ڕ- پێم وایە، پەیڤینێکی خۆشمان ڕابوارد لەم شەوە زیوینەدا، وایە حەیاتم؟

ژ- با وایە.

ڕ- تۆ چی؟ تۆش لەگەڵ ئەمدای؟ پێت خۆش بوو ئەمشەومان وا بەئاکام هێنا؟

پ- با پێم خۆش بوو.

ی- زۆۆۆۆر باشە گیانەکەم زۆر باشە، هەر چەند هێشتا مانگ لە بازنەی ئەو هەورانەدا کەوتووەتە داو، بەڵام پێم سەیرە ئەی ئەم شەوە زیوین و ڕووناکەمان چۆن دەست کەوتووە، ئەگەر هێشتا مانگەکە نەیتوانیوە خۆی لە داوی ئەو هەورانە دەرباز بکات، چۆن وا لە ڕووناکیدا نوقم بووینە؟

ژ- بەڕاستی منیش تێ ناگەم ئەوە چۆنە، بەڵام زۆرم پێ خۆشە و پێم وایە ئێستا دەتوانم لە قاقای پێکەنین بدەم.

ڕ- زۆۆۆۆر باشە دڵەکەم، وا دیارە ترسەکەمان بەزاند؟ وایە؟

ژ- وایە... وایە بەڕاستی ترسەکەمان بەزاندووە.

پ- بڕوا بکە منیش نازانم چۆن وا دەکرێت، بەڵام هەر ئەوە دەزانم کە ئێستا منیش لێوانلێوم لە پێکەنین و ئەگەر، ڕووخسەتم بدەی منیش لە قاقای پێکەنینێکی خۆش دەدەم.

ڕ- دەی بفەرموون، با لەسەر ئیزنی هەموومان، پێکەوە لە قاقای پێکەنین بدەین... فەرموون... دەی... من خۆمیش ڕێک لەم کاتەدا تەژیم لە قاقایەکی سەیر، دەی، دەی با بفەرمین بۆ پێکەنین نا، نا، باشترە لە قاقا بدەین دەی ی ی ی ی ی.

تەواو